رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە گۆمپانیای وشە دەرێدەکات

ژمارە 511 سێشەممە 14/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.511 Tue 14/ 7/ 2009

ئازاد قەزاز: ل٨ و ٩



گۆڕان

لە روخسارەوە بەرەو ناخ

ل٤ و ٥

یەکێتی و پارتی سالانە زیاتر لە ٨٤٠ ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم بۆخۆیان دەبەن

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان:

نابێت داموودەزگا حکومییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن

پشتیوان سەعدوڵڵا

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن ئەو بەرپرسە حکومییانەی کە پلەی حیزبییان هەیە، بە شێوەکی ئاسایی وەسفدەکات و هاوکات ئاماژە بەوەدەکات، کە نابێت داموودەزگای حکومیی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت، لەکاتێکدا بەرپرسانی حکومیی تائێستاش بەردەوامن لە بەکارهێنانی پۆستەکانیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

لەماوەی رابردوودا بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بۆ لیستی کوردستانی، بەرپرسانی حکومیی کەوتوونەتە بانگەشەکردن و پارەبەخشینەوەو بەڵێندان بە هاوڵاتییان و بەکارهێنانی داموودەزگاو کەلوپەلی حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، کە ئەمە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵایە و بە خروقات دادەنرێت.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دنیادا بەرپرسانی حیزبیی کە لە حکومەتیشدا بەرپرسن، بانگەشەدەکەن و مەلایین دۆلار سەرفدەکەن، بۆیە بانگەشەی بەرپرسانی حکومیی شتێکی ئاساییە، بەڵام لەو مەسەلەیەدا هەندێک ئیشکالییەت هەیەو نابێت (موقەیمات)ی حکومیی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت، خۆناکرێت ئەو بەرپرسە حکومییانەی کە پلەی حیزبییان هەیە خۆیان بشارنەوە.

وتیشی: «لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا شتێکی نائاساییمان نەبینیوەو کەسیش ڕەخنەی نەگرتووەو هیچ سکاڵایەکیش بۆ ئەنجومەنی وەزیران نەهاتووە».

کەسوکاری ئەوانەی بەبێ دادگاییکردن هەشت ساڵە زیندانن، خۆپیشاندان دەکەن

سامان بەشارەتی

وەزیری مافی مرۆڤ ئاشکرایکرد، تائێستا حەوت کەس لە زیندانیدا ماونەتەوە بەبێ دادگاییکردن، کەسوکاری ئەو حەوت کەسەش لە خۆپیشاندانێکیاندا دوایانکرد یان دادگایی بکرێن یان ئازادیان بکەن ئەگەر بێتاوانن.

دوای ئەوەی وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێم ئاشکرایکرد «تائێستا حەوت کەس لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان بەتۆمەتی ئیرهاب لەلایەن ئاسایشەوە بێ هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی دەستگیرکراونو بۆ ماوەی هەشت ساڵە هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکراوە».

دوێنێ کەسوکاری ئەو حەوت زیندانییە خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان سازکرد، دوایان لە حکومەتو پەرلەمان دەکرد ئەگەر کۆمەکانیان هیچ تۆمەتێکیان لەسەرنییە بۆ ئازاد ناکرێن، ئەگەر تۆمەتباریشن با دادگایی بکرێنو لەلایەن دادگاوە بەسزای خۆیان بگەن، هەروەک خۆپیشاندەرانی کەسوکاری ئەو حەوت زیندانییە ئاماژەیان پێکرد، گیراوەکانیان هیچ تاوانێکیان نەکردووە، ئیتر بۆچی دەستگیرکراون، یان بۆچی دادگایی ناکرێنو سزای یاسایی بدرێنو وتیان: «ئێمە شەش حەوت ساڵە چاوەڕێی ئەوەین کە پیاوەکانمان بەربدرێنو بێنەوە ناو ماڵو منداڵەکانی خۆیان، کەچی لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ ئاوڕێکمان لێنادرێتەوە».

دواتر لەلایەن شێخ ئاخر جەمال، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لەپەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان، پێشوازییان لێکرا، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامە بداتو ڕایگەیاند: «ورووژاندنی ئەم کێشەیە لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێوەوە بووە، کە ئەم خەڵکەش ئێستا خۆپیشاندان دەکات، ئامادەش نیم هیچ لێدوانێک بۆ ئێوە بدەم».

وتەبێژی لیستی گۆڕان: پێویستە وەزیری پێشمەرگە تەجمید بکرێت

دلێر عەبدولخالق

د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە لیستی کوردستانی ئاراستەی لایەنگرو هەوادارانی لیستی گۆڕانی دەکەن، هاوکاتیش داوای لەسەرۆکی هەرێم کرد بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران جەعفەر شێخ مستەفا لەپۆستی وەزیری پێشمەرگە تەجمید بکرێت، بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەی کە شەوی ڕابردوو لەگەڕەکی توی مەلیکی سلێمانی نواندوویەتی.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە دوێنێ لەهۆڵێ وشە بەڕێوەچوو، شاهۆ سەعید ڕایگەیاند: ئەو تۆمەتانە بێبناغەن کە لەلایەن لیستە ڕکابەرەکانمانەوە بەتایبەت لیستی کوردستانییەوە ئاراستەمان دەکرێت، بە نموونە دەوترێت هەوادارانی گۆڕان ئالای کوردستانیان سوتاندووە، لەکاتێکدا خەڵک ئەو ڕاستییە دەزانێت کێیە ڕێز لەو ئالایە ناگرێتو بەشێوەی نایاسایی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ لیستەکەی خۆی بەکاریدەهێنێت.

لەوبارەیەوە دەقی یاداشتێک لە ل٣دا بخوێنەرەوە

سزای ٤ مانگ زیندانی کەسێک دەگۆڕدرێت بۆ ٣٠ هەزار دینار غەرامە

ئارام نەجیم

پاش تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لەلایەن ڕۆژنامەنووس (عیرفان ئەحمەد)ەوە، وەکو پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی یەکگرتوو لە هەڵەبجە، لە ٤/٢٦دا، بە بیانووی پەلاماردانو قسەی «نابەجێ» پێوتن، دادگای هەڵەبجە سزای چوار مانگ زیندانیی بەسەر لێپرسراوی بەشی یاسایی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجەدا سەپاند، بەڵام سزاکەی بۆ کرا بە پارە بەبڕی (٣٠) هەزار دینار، کە وەک غەرامە لێی وەرگیرا.

لە بەرامبەر بڕیاری دادگادا، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە، حەسەن شێخ نوری وتی: بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە فەرمانبەرەکەمان دەکەینو بڕیاری مەحکەمە جێگەی تەمیزکردنەوەیەو فەرمانبەرەکەمان بەهەڵە نازانم، پێدەچێت لەوکاتەدا تەحەروشی پێ کرابێت.

لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٦ لەکاتی ڕومالکردنی هەواڵی خۆپیشاندانی خوێندکارانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەڵەبجە، ڕۆژنامەنووس عیرفان ئەحمەد وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی یەکگرتوو لە هەڵەبجە، ڕووبەڕووی پەلاماردانو قسەی نابەجێ دەبێتەوە لەلایەن لێپرسراوی بەشی یاسایی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجە.



دەنگ دەپرسێتەوە؟



دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن».

داوا لە موریدەکانیان بکەن کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەنو کار بۆ لیستی کوردستانی بکەن.

دابەشکردنی ئەم پارانە لەلایەن بەرپرسانی حکومیو بەکارهێنانی پۆستەکانیان بۆ بەدستهێنانی دەنگ بۆ لیستەکانیان، بەپێی یاسای کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان ئەم بانگەشەکردنەی بەرپرسانی حکومی شکاندنی یاسای کۆمسیۆنەو بە خروقاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دادەنرێت.

دابەشکردنی پارەو ئیمتیازات لەلایەن بەرپرسانی پارتیو یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو بووني ئەو لیستە جیاوازانەی کە بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، خراپی ئەدای (١٨) سالّی ئەم دوو پارتە لە ماوەی دەسەڵاتیاندا کە هاوڵاتییانیان لە خۆیان تۆراندووە، هەر بۆیە مام جەلال بۆ هەر جێگایەک رۆشتبێت خەڵکانێکی زۆر بە پێدانی کارتی مۆبایلو پارە هێناوەتە ناو جەماوەر، یان باس لە هێنانی پێشمەرگە دەکەن بە جلو بەرگی مەدەنیەوە بۆ ناو ئاهەنگەکانی لیستی کوردستانی بۆ ئەوەی قەرەبالّغیەکی زۆر دروست بێت لە ئاهەنگەکەدا،

سەرچاوەیەک لە مەڵبەندی دەربەندینخان بە رۆژنامەی راگەیاند: «کارتی مۆبایل دراوە بەو کەسانەی لە کاتی هاتنی مام جەلال بەشداری لە مەراسیمی ئاهەنگی لیستی کوردستانی دەکەن، بۆ ئەوەی قەرەبالّغی دروستبکرێت».

ئەمانە چەند نموونەیەکی ئاشکراو روون، بەلّام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا دەبێت چەندەها بەلّگەی دیکەی بەخشینەوەی سامانی حکومەت هەبێت کە بەنهێنی پرۆسەکە دەڕوات بەڕێوە؟

دەسەڵات لە دەنگکڕین بەردەوامە

نیان مەجید

لیستی کوردستانی بەردەوامەلە سەرپێچیو بە بیانووی کۆکردنەوەی زانیارییەوە داوا لە هاوڵاتیان دەکەن، کە ئاشکرای بکەن لە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگ بەکێ دەدەن، هەروەها لە ڕێگەی هاوکاریو یارمەتی مادییەوە هەوڵی کڕینی دەنگی هاوڵاتیان دەدەن.

نەزیرە ئەحمەد، دانیشتووی گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی بە رۆژنامەی وت، کە ئەنجومەنی گەڕەکو کەسێکی دیکە بە مالّاندا گەڕاونو پرسیاری مالّی هەژارو کەمدەرامەتو ئەو مالّانەیانکردووە کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیەو پرسیاری ئەوەشیان کردووە کە دەنگ بەکێ دەدەن.

هەروەها کۆمیتەی دووی رێکخستنی یەکێتی لە گەڕەکی ئازادی- سلێمانی بەناوی ناونووسکردنی مالّی هەژارو کەمدەرامەتو نەخۆشیی درێژخایەنەوە گەڕاونو هەر مالّێک بڕی دووسەد تا سێ سەد دۆلاریان پێداون، لەلایەکی دیکەوە لە هەمان گەڕەک بەناوی رێکخراوی سەربەخۆو راپرسییەوە پرسیاری خزمەتگوزارییەکانی حکومەتو دەنگدانیان پرسیوە.

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی بالّا قەدەغەیە هەر قەوارەیەکی سیاسی، یان هاوپەیمانێتییەکان یان پالّێوراوان لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دیاری، بەخشش، یان هەر سوودێکی دیکە یان بەڵێن بدات بە بەخشین بەمەبەستی کارتێکردن لەدەنگەکانی هەڵبژاردن.

تاهیر محەمەد ئەمین، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی بالّای هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: هەر لیستێک بە مالّاندا بگەڕێتو هەڕەشە لە خەڵک بکات بە پێشێلکاریی دەژمێردرێت.

زیندانییە سیاسییەکان خۆپیشاندان دەکەن

دلێر عەبدولخالق
سۆکار عەبدولا

دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان داوای دەستبەجێ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن کە تایبەتە بە مافو ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان.

دوێنێ لە خۆپیشاندانێکدا بۆ بەردەمی پارێزگای سلێمانیو لە یاداشتێکدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوادەکەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری دارایی بانگهێشت بکرێن بۆ زانینی هۆکاری پێنەدانی ئەو برە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

رزگـار تاهیر، ئەندامی دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «جگەلەوەی چەندینجار یاداشتمان داوە بە دامەزراوە حکومییەکانو بێ وەلّام بوون، ئەمە سێیەمین خۆپیشاندانمانە، کە داوادەکەین یاسای ژمارە (٤)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (١٥) پارێزگای عێراق جێبەجێکراوەو (١٥٠٠٠) زیندانیی لێی سوودمەندبوون، زیندانییانی هەرێمیش بگرێتەوە کە لێی بێبەشکراون». وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی پارەی تەرخانکراوی زیندانییانی سیاسیی کوردستان گەیشتووەتە دەست حکومەتی هەرێم، بەلّام ئەوان پارەکەیان خواردووە، ناشیانەوێت مافو ئیمتیازاتەکانی ئێمە وەک خۆی جێبەجێبکەن».

بەپێی یاسای پەسەندکراوی ژمارە (٤)ی سالّی (٢٠٠٦)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بڕیاری حکومەتی ناوەندی عێراقی لە مانگی شوباتی سالّی (٢٠٠٧) دەرچووە، بڕیاردراوە بەپێدانی بڕی (٥٠٠) هەزار دینار وەک مینحەی مانگانە بۆ هەر زیندانییەکی سیاسیی عێراقو چەندین ئیمتیازاتی دیکە وەک پێدانی زەوی نیشتەجێبوونو سلفەی خانووبەرەو حەجو گەشتی دەرەوەی ولّات، بەلّام زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەو مافو ئیمتیازاتانە بێبەشکران.

لەمانگی رابـردوودا عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت، بڕیاریداوە مانگانە (٣٩٠) هەزار بۆ هەر زیندانێکی سیاسی سەرفبکرێت، بەلّام دەستەی داکۆکی دژی بڕیارەکەی جێگری سەرۆکی حکومەتنو لەوبارەیەوە رزگار تاهیر وتی: «حکومەت دەیەوێت یاسایەکی دیکە بۆ مافو ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان دەربکات، بەلّام لەبەرئەوەی پەرلەمان ماوەی بەسەرچووە، ناتوانن ئەوە بکەن، ئێستاش کە بڕیارياندواوە مانگانە (٣٩٠) هەزار دینارمان بۆسەرفبکەن، کەواتە (١١٠) هەزار دینار لە مووچەکانمان دەبڕنو نایانەوێت وەکو بەغدا سەرفبکەن بۆیە ئێمەش نارازین».

ئەو ئەندامەی دەستەی داکۆکی ئاماژەی بەوەشکرد یاداشتێکیان گەیاندووەتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو داوادەکەن سەرۆکی حکومەتو وەزیری دارایی بانگهێشت بکرێن بۆئەوەی بزانرێت چییان لەو پارەیە کردووەو بۆچی نەیانداوە بە زیندانییەکان.

دوای ئەوەی خۆپیشاندەران چەند داوایەکیان ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کرد، دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی لەبەردەم خۆپیشاندەران رایگەیاند: ئێمە پشتگیری لە داواکانتان دەکەینو ئەوەی لە دەسەلاتی ئێمەدایە بەڵێن دەدەین هەر ئەمڕۆ (دووشەممە) داواکارییەکانتان بگەیەنینە سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمانی عێراقو کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی ناوەندو هەرێم.

رێپێوانێک بۆ دەستوور

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەمەبەستی دیاریکردنی وادەی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پـرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەلایەن کۆمسیۆنی بالّاوە دواخرا، بڕیارە ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی رێپێوانێک سازبکرێت.

کەمپەینی تاووتوێکردنی رەشنووسی دەستوور لە کۆتایی مانگی رابردوودا پێکهێنراو ئامانجی کەمپەینەکەش رەتکردنەوەی سەپاندنی دەستووری هەرێم بوو.

لە بەیاننامەیەکیدا کە دانەیەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە هاتووە «بەمەبەستی دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ تاووتوێکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن هاوڵاتیانەوەو بۆ بڕیاردانێکی تەندروستی دادپەروەرانە لەسەری، کەمپەینی تاووتوێکردنی رەشنووسی دەستوور هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی رێپێوانێکی هێمنانە».

ئـەژی جەمال، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: «مەبەست لە رێپێوانەکەی سبەینێی ئێمە دیاریکردنی وادەی راپرسییە لەسەر دەستووری هەرێم، کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت، چونکە تائێستا رەشنووسەکە لەناو خەڵکدا بلاّونەکراوەتەوەو زۆربـەی جەماوەری کوردستان نەیانبینیوە، داواش لە هاوڵاتیان دەکەین بەشداریی بکەن لەم رێپێوانەدا».

لێدوانی وتەبێژی ڕەسمیی لیستی گۆڕان

دەربارەی پێشێلکارییەکی ترسناکی یەکێک لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

رای گشتی کوردستانو عێراقو جیهان ئاگادار دەکەینەوە، کە شەوی (٢٠٠٩/٧/١٢)، لە رووداوێکی بێ پێشینەو چاوەڕواننەکراودا، وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکانی، دابەزیونەتە سەر شەقامی تووی مەلیکی شاری سلێمانیو کەتوونەتە وێژەی خەڵکی ئاهەنگێڕو جەماوەری لیستی گۆڕان، کەتوونەتە لێدانی کۆرو کچە گەنجەکانو مێرد منداڵەکان، بە قۆناغە تفەنگو کلکە دەمانچە ئازارو ئەشکەنجەی هاوڵاتیانی مەدەنیو بێ دیفاعیان داوە، دەیان هاوڵاتییان بریندار کردووە، کە بریتی ژمارەیەکیان سەختە، تەنانەت ئەو بەرپرسە بالاّیەی حکومەت زۆر رووقایمانە بە پەرچاوی خەڵکەوە فەرمانی داوەتە ئەفسەرو پۆلیسەکان تا لە خەڵک بدەن، بەلاّم پاش ئەوەی ئەفسەرو پۆلیسەکان ئامادە نەبوون فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، وەزیری پێشمەرگەو پاسەوانەکانی بە زۆر بەشێکیان لە پۆلیسەکان ناچار کردووە لە خەڵک بدەن، لەو هەڵمەتی داپڵۆسینەدا تەزووی کارەبایان بەکارهێناوە، وەزیری پێشمەرگەو پاسەوانەکانی لە ئەفسەرێکی پۆلیسی فریاکەوتنیان داوە، ئەفسەرەکەیان رفاندووەو پاش ئیهانەکردن لە شوێنێکی دوور لە جێگەی کـارەکـەی فرێیان داوە. لـەو شایەتحاڵو رۆژنامەنووسانەیان داوە کە وێنەی رووداوەکەیان گرتووە، لەنێویاندا ئەندامانی تیمی تەلەفزیۆنی KNN، هەروەک بە گروپی چەند کەسیی پەلامارى هاوڵاتیانیان داوە، لە شەقامە گشتییەکان دووریان خستوونەتەوەو لە کۆڵانەکاندا لێیان داون، بە قۆناغە تفەنگو شەقو دەسکە دەمانچە زەرەریان بە دەیان ئۆتۆمبێلی سەر شەقامەکە گەیاندووە.

ئێمە لە کاتێکدا تاوانی ئەو بەرپرسە بالاّیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەحکوم دەکەینو داوای لێپێچینەوەی یاسایینو دادگاییکردنی دەکەین، داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا، فەرمان دەربکات دەستبەجێ لە پۆستەکەی تەجمید بکرێت تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی یاسایی دەردەچێت. تا هیچ بەرپرسێکی دیکە زات نەکات پۆستی حکومی بۆ داپڵۆسینی خەڵکو یەکلاییکردنەوەی ململانێی سیاسییەکان بەکار بێنێت.

ئێمە لە کاتێکدا داوا لە پشتیوانانی لیستی گۆران دەکەین دان بە خۆیاندا بگرنو رێگە بە کەس نەدەن کەشی ئاهەنگێڕانو خۆشی دەربڕینی هاوڵاتیان تێک بدەن، داواشیان لێدەکەین ڕاستەوخۆ هیچ کاردانەوەیەکیان نەبێتو لەکاتی هەر پێشێلکارییەکدا پەنا بۆ یاساو دادگا بەرنو بنکەکانی لیستی گۆڕان ئاگادار بکەنەوە.

لە کاتێکدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو پۆلیسو ئەفسەرو ئەندامانەی ئاسایشو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەکەین کە بەشداریان نەکرد لەو هەڵمەتی داپڵۆسینەداو ئەخلاقی پیشەییو شارستانییان نەدۆڕاند، داوایان لێدەکەین هەرگیز مل نەدەن بۆ فەرمانی داپڵۆسینی خەڵکو نەچنە ژێرباری هیچ بەرپرسیارێتییەک کە بەرامبەر وێژدانی خۆیانو میللەتەکەیانو مێژوو بەرپرسیان دەکات.

داوا لە بەرپرسانی لیستە رکابەرەکانمان، بە تایبەتی لیستی کوردستانی دەکەین، رێز لە شەقامی کوردستان بگرنو بەزۆر هەوڵ نەدەن قورسایی جەماوەریی لیستی گۆران تێک بدەن، بـەزۆر هاوسەنگی شەقام بـەلای خۆیاندا نەشکێننەوە، هەر سکالاّیەکیشیان لەسەرمان هەیە بە شێوازی یاسایی پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکەنو خۆیان لە یەک کاتدا رۆڵی شکاتکارو دادگاو پۆلیسو فەرمانڕەوکەرو فەرمان جێبەجێکەر نەبینن.

رەوتی گۆران جوولّەیەکی جەماوەریی بەرفراوانەو بەشی هەرە زۆری پشتیوانانمان خۆرسکانە دەڕژێنە سەر جادەکان، ئێمە وەک رکابەرەکانمان خۆمان بە فریشتە نازانینو خۆمان بە تاکە میراتگری پیرۆزییە نەتەوەییەکان نابینینو کەسمان لەسەروو یاساوە نین، بەلاّم دەبێت هەموومان رێز لەو دیاردە نوێیە بگرین، کە لە شەقامی کوردستاندا دەرکەوتووە، ئەو دیاردەیەی شارستانیبوونی شەقامی کوردیی دەسەلمێنێت نەک پێچەوانەکەی. دەبێت دەسەلاّتداران لایان ئاسایی بێت زۆرینەی شەقام لەگەڵ ئەواندا نەبێت، کە ئەوە ساناترین مافی گوزارشتکردنە لە دیدی سیاسی.

ئێمە لەسەر هەمان رێبازی شارستانیو ئاشتیخوازانەی خۆمان بەردەوام دەبین، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی یاسادا، لەپێناو گۆڕینی ئەقڵییەتی سیاسیو گۆڕینی سیستمی ئەمنی لە کوردستاندا، بە جۆرێک داموددەزگاکانی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیس، داموددەزگای هەموو خەڵک بنو نەبنە ئامرازی تۆقاندنو داپڵۆسین، لەپێناو دامەزراندنی هەرێمێکدا کە دەسەلاّت بەشێوەیەکی هێورانە دەستاودەست بکاتو هێزە چەکدارەکان نەکرێنە ئامرازی یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان.

ئاگادارییەک لە سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانییەوە سەبارەت بە نەهێشتنی زیادەڕەوی

هاوڵاتیانی بەڕێزی شاری سلێمانی..

وەک بەڕێزتان ئاگادارن کە شارەوانیی سلێمانی لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەرکی سەرشانی خزمەتی هاوڵاتیانی ئەم شارە خۆشەویستە بووەو هەمیشە لە کارو هەوڵی بێ وچاندا بووە لە خزمەتی شارو هاوڵاتییانیدا لەپێناو بەدیهێنانی ژینگەیەکی تەندروستو شارێکی جوانتر هەر لە پاکو خاوێن و دارشتنی نەخشەی تەندروستی زانستیانە بۆ شارێکی جوان و سەردەم.

بەرێزان شارەوانی جگە لە پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی...

ئەرکی پاراستن و جێبەجێکردنی یاسایەو ڕێگرتنە لە دیاردەی زیادەڕەوی و نایاسایی...

زیادەڕەوی بووەتە دیاردەیەک کە بەهۆیەوە زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی سەرقاڵکردووەو بووەتە هۆی شێواندنی سیمای جوانی شارەکەمان...

سەرەڕای ئەوەش بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیەو بە مەبەستی چارەسەری کێشەی ئەو هاوڵاتیانەی شوێنی نیشتەجێیان نییە... چەندین هەزار خانووی زیادەڕەوی لەسەر نیشتەجێکانی تاپۆکراوە.

بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانەش کە زەرەرمەندبوون قەرەبووکراونەتەوە بەپێی یاسا.

هاوڵاتییان... بۆ ڕێگرتن لەو دیاردەیەو نەهێشتنی کێشەی نیشتەجێبوون.. حکومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی نیشتەجێی لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا لەڕێی وەبەرهێنان و پێدانی قەرزی درێژخایەن... ئەنجامداوەو بەم دواییەش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری تەملیککردنی و چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشەیەی داوە، کە بە هەڵواسراوی مابوونەوە... بۆ نەهێشتنی هەر سەرپێچیەک و زیادەڕەوییەک لە دەرەوەی سنووری گوندەکان و شاری سلێمانی بەپێی نەخشەی بنەڕەتی. لەبەر ئەوە شارەوانیی سلێمانی لە چوارچێوەی یاسای (بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان) کە ڕێگربێت لە ئەنجامدانی هەر زیادەڕەویەک... کاری پێویستو یاسایی دەگرینەبەر بۆ ئیجرائاتکردن بەپێی یاسا بەرامبەر ئەو کەسانەی کە هەر زیادەڕەوییەک دەکەن.

لەگەڵ ڕێزدا....

ڕاگەیاندنی شارەوانیی سلێمانی

کێ لە ویژدانە



سامان بەشارەتی

نانبڕین وەک کوشتنێکی ڕەمزیی

لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوە، لیستی کوردستانی کەوتنە دابەشکردنی پارەی حکومەتو بەڵێندان بە هاوڵاتیان، پۆستە حکومیەکانیان بەکاردەهێنا بۆ کڕینی ویژدانی هاوڵاتیان، هەر بەوەشەوە نەوەستانو کەوتنە دەرکردنو نانبڕینی فەرمانبەرانو دەرکردنی ئەو کەسو لایەنانەش کە دەنگ بە لیستی کوردستانی نادەنو کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە بەرپرسەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار باس لە دیموکراتیو هەڵبژاردنێکی ئازاددەکەن لە کوردستاندا، بابەتەکە لەو خاڵەدا ویژدانو هەموو ئەو پەیڕەوو پرۆگرامانە بەتاڵدەکاتەوە کە ئەو دوو پارتە ماوەی هەژدە ساڵە وتارو دروشمەکانیان ماکیاجدەکەن، خەڵکی کوردستانی پێ دەخەڵەتێنن، بەڵام ئێستا دەبینیت خەڵک نانی دەبڕێت لەسەر هەبوونی ئینتیمای سیاسی لەلایەن ئەم دوو پارتەوە، وێڕای ئەم کرداڕە هەردوو پارت لەئێستادا کەوتوونەتە دابەشکردنی سامانی میللەت، بەختیار عەلی لە یەکێک لەو زنجیرە وتارانەی کە لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە، باس لە بنەڕەتی ئەو مەترسییە دەکات، بە وردی لە ناخی ئەو دیاردەیە دەدوێت، بەختیار پێیوایە نانبڕین کوشتنێکی ڕەمزییە، هەرچۆنێک ئەم قسەیەی بەختیار تەفسیر بکرێت ئەوە دەگەیەنێت کە نانبڕین بریتییە لە پرۆسەیەکی کوشتن یان هاوشێوەی کوشتن، بەختیار بەدوای ئەم وتەیەشدا دەڵێت: «کۆتایی شانۆگەرییەکە بە کوشتنی فیعلی کۆتایی دێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە پرۆسەی نانبڕینی خەڵک بریتییە لە پرۆسەی کوشتنی خەڵک».

بەخشینەوەی پارەی حکومەت

بە چەند نموونەیەکی بچووکو دیار کە ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەئاشکرا دەبینرێتو باسدەکرێت دەتوانرێت بە ئاسانی ئەوە بسەلمێنرێت کە پرۆسەی بەخشینەوەی پارەو دیاری لەلایەن ئەو دوو پارتەوە چەندە بە بەربڵاوی و فراوانی دەستپێکردووە، لە شاری سلێمانی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی بەسەر مالاندا گەڕاونو داوایان لە خەڵک کردووە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، هاوڵاتی یاسین مەحمود، دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەند کەسێک هاتنە ماڵەکەمانو فۆرمێکیان پێپرکردینەوەو لەناو فۆرمەکەیشدا هاتبوو کە دەنگ بە چ لیستێک دەدەیت، بۆیە منیش پێموتن دەنگدان ئازادیی ئینسانەو کەس نابێت بیزانێت».

لە زۆربەی گەڕەکەکانی دیکەی شاری سلێمانی کادرانی یەکێتی گەڕاونو لە ڕێگەی فۆرمێکەوە زانیاریان لەسەر هاوڵاتیان کۆکردووەتەوە داواشیان لێکردوون دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.

دابەشکردنی فۆرمی زانیاری لە شاری هەولێریش لەڕێگەی چەند موختارێکی گەڕەکەکانەوە دابەشکراوەو زانیاری لەسەر هاوڵاتیان کۆکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانن دەنگ بە چ لیستێک دەدەن.

ئەم کارانە بەپێی یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان خروقاتەو بۆ هیچ قەوارەیەکی سیاسی نییە بەزۆر بە هاوڵاتیان بڵێت دەنگم پێبدە، یان لێی بپرسێت دەنگ بە چ لیستێک دەدەیت.

هەروەها لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە دەڤەری سۆرانو چەمچەماڵو دوکان لیستی کوردستانی هەڵساون بە دابەشکردنی ماکسیو مەنجەڵی تیفاڵ بەسەر مالاندا داوایان لێکردوون دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، زۆرێکیش لەو هاوڵاتییانە ئەم دیاریانە ڕەتکردووەتەوە، ویژدانی خۆیان نەگۆڕیوەتەوە بە ماکسییەک،

هاوڵاتییەکی دەڤەری سۆران کە نەیویست ناوی بڵاوبکەینەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا چەند کەسێک هاتنە ماڵمانو داوایان لێکردین ویژدانی خۆمان بفرۆشین بە سێرتێک قابلەمەو ماکسییەک، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردووە، ئامادەنیم هیچ کاتێک ویژدانی خۆم بفرۆشم بۆ سەرکەوتنی بێویژدانەکان».

سەرچاوەیەکی ڕۆژنامە لە دەڤەری پشدەر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق لە سەردانێکیدا بۆ دەڤەری پشدەرو ڕانیە پارەیەکی زۆرو سەیارەی بەسەر ئاغاو شێخەکانی ئەو دەڤەرەدا دابەشکراوە بۆ ئەوەی کار بۆ لیستی کوردستانی بکەن، داواش لە هاوڵاتیان بکەن کە

حکومەتی هەرێم ڕێگە بە هاتنی پۆلیسی فیدراڵی حکومەتی ناوەندی نادات

فەلاح نەجم

حکومەتی ناوەندی عێراق هێزی پۆلیسی فیدراڵی بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، ڕاستەوخۆش دەیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەڵێت: «هێنانی ئەو هێزانە دەستێوەردانە لە کاروباری ئەمنیی هەرێمی کوردستان».

بەپێی وتەی وەزیری ناو خۆی عێراقی دامەزراندنی ئەو هێزە لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەبێت، بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکانی عێراق پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناو شارەکانی عێراق، بەشێکی ئەو هێزانە لە سلێمانی، هەولێرو دهۆک جێگیردەبن.

حسێن جاسم عەوادی فەرماندەی هێزی پۆلیسی فیدراڵی عێراق لەمیانەی ئاهەنگی دەرچوونی ژمارەیەک پۆلیسی نیشتیمانی لەبەغدالە پرێس کۆنفراسێکدا ڕایگەیاند «بڕیاری کردنەوەی بارەگای پۆلیسی فیدراڵی، بڕیارێکی فەرمییەوە بەفەرمانی سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ دراوە، کاری سەرەکی ئەو هێزانە لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایش دەرناچێت».

لەگەڵ دەستکردن بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق، حکومەتی ناوەندی عێراق سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی شارەکانە لەلایەن پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە بۆئەوەی پاش کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا بتوانن دۆسیەی ئەمنیی تەواوی شارەکانی بگرنە دەست.

هەروەها عەوادی وتیشی: «لەسەردانێکماندا بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێککەوتووین، ئامادەکاری تەواویش کراوە بۆ کردنەوەی بارەگا لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان». بە پێی دەستووری عێراقی حکومەتی ناوەندی تەنیا لە بارودۆخی نائاساییدا دەتوانێت هێزی سەربازیی و ئەمنیی ڕەوانەی ناوچەکانی هەرێم بکات، وەک کاتێک هەرێم ڕووبەڕووی هێرشی سەربازیی ببێتەوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە.

عادل بەروواری ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە لیدوانێکی تایبەتیدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هاوپەیمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەک ڕازی نییە لەسەر ناردنی پۆلیسی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێمیش ڕازیبێت چونکە بارودۆخی ئەمنیی کوردستان ئارامەو پێویستی بە هاتنی هیچ هێزێکی ئەمنیی نییە بۆ هەرێمی کوردستان».

هەرچەندە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەیەوێت هێزی خۆی لەناوچە کوردنشینەکاندا بسەپێنێت، دەیەوێت هەرچۆنێک بێت هێزی سەربازیی و ئەمنیی بنێرێتە کوردستان بەڵام کورد بەردەوام ڕەتەکاتەوە.

هەروەها ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتیشی: «هێنانی پۆلیسی فیدراڵی هەولێکی مالیکییە بۆ دەستێوەردان لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان چونکە زۆربەی ئەو هێزە سەر بە حیزبی دەعوەن، بەرپرسانی ئەمنیی هەرێمی کوردستان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە هیچ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەبێت بۆ هێنانی هێزی فیدراڵی بۆ سلێمانی، هەولێرو دهۆک».

جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم دەڵێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی ناوخۆی خۆی هەیە، ڕێگە بەهاتنی هیچ هێزێکی ئەمنیی نادەین بۆ ئەم سێ پارێزگایە». پۆلیسی فیدراڵی هێزێکی ئەمنیی عێراقەو سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە بۆ پاراستنی لایەنی ئەمنیی شارەکان عێراق پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا.

ڕوونکردنەوەیەک لەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە

هاوڵاتیانی بەڕێز...

ئەندامانو لایەنگرانی لیستە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن..

لەپێناوی پارێزگاری لەئارامی شارو شارۆچکەکانو ڕەخساندنی زەمینەی بانگەشەی هەڵبژاردنێکی ئازادو شارستانی بۆ پشتیوانیو هەماهەنگی بەرامبەر ڕێنماییە گشتییەکانی کۆمسیۆنی بالاو لیژنەی ئەمنی، لەدوای ناڕەزاییو سکاڵاو گلەیی هاوڵاتیان بەگشتیو برا شۆفێرەکانی تاکسی و پاسەکان بەتایبەتی، دەربارەی هەندێک دیاردەی ناشارستانی بەناوی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە بە پشێوی نانەوەو تێکدانی ئارامی و ئاسایشی خەڵک و پەکخستنی هاتوچۆ، بەرپرسانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەهەرێمی کوردستان لەڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٢) کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان سازکردو بەپێویستیان زانی ئەم خاڵانە ڕابگەیەنن:

١- هەموو لیستەکان ئازادن لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیست و قەوارەکانیان بکەن، کەڕێگا نادات بە بەزاندنی سنووری ئازادیی تاکەکانو قەرەبالغی دروستکردن لەشوێنە گشتییەکانو ڕێگاگرتن لەهاتوچۆی هاوڵاتیان و سووکایەتیکردن بەلیستەکانی دیکەو تێکدانی ئارامی شارەکان.

٢- ڕێکخستنی کاروانی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانو گرتنی شەقامەکانو هەراسانکردنی هاوڵاتیان، نایاسایی و ڕێگەپێنەدراوەو دەبێت پێشوەخت بۆ هەر چالاکییەک لەشوێنە گشتییەکاندا مۆڵەتی ڕەسمی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت. داواکاریشین لەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ڕەفتاربکەن.

٣- ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە ئارامی و ئاسایش بپارێزین و کەشی ئازاد بۆ هەمووان دەستەبەر بکەینو سەروماڵی هاوڵاتیان و سەروەریی یاسا بپارێزین.

داواکارین لەهاوڵاتیان هاوکاریمان بکەن تا بتوانین بەهەموومان ڕووی شارستانی و دیموکراسی پرۆسەی هەڵبژاردن نیشانبدەین و ڕێگەنەدەین هیچ کەس و لایەنێک بەکاری ناشیرین و تێکدەرانە، ئەم پرۆسەیە بشێوێنێت. لەبەرامبەردا هەر کەس و دەستەیەک بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانەکانەوە ڕەفتاربکاتو ئارامیو ئاسایش بشێوێنێت، ئەوا هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەرامبەر بەپێشێلکاران کاری یاسایی ئەنجامدەدەن.

لەگەڵ ڕێزدا...

بەرپرسانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ
٢٠٠٩/٧/١٢

ـــۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم بۆ خۆیان دەبەن

حکومەتی هەرێم دەدەن، مافی خۆتان بوو لەو بودجە زەبەلاحە ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ خۆتانو خێزانەکانتانو کەسوکاری قوربانییەکانتان دابین بکرایە، بەڵام بەداخەوە ژیانتان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، یاریگاو، ڕێگاوبانەکانتان هەر ئەوەیە کە ڕۆژانە بۆخۆتان دەیانبینن.

هیچ کەسێک نازانێت ئەو پارە زۆرە چی لێهاتووە، تەنانەت ئەو پەرلەمانەشی کە بڕیار بوو چاودێریی مافەکانی ئێوە بکات، لە ئێوە بێخەبەرترە لەوەی چی لە داهاتی ئەم کوردستانە دەکرێتو هەر ئەوەشبوو وایکرد چەندینجار ئەندامانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان داخی دڵی خۆیان لە ناشەفافی بودجە لە میدیاکاندا دەربکەنو دواجاریش ئەندامێکیان بایکۆتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کرد.

لەنێوان حکومەتو کەرتی تایبەتدا، هەوێر بەنموونە

بەشێکی گەورە لەجوانکارییەکانی شاری هەولێر، دوورو نزیک پەیوەندی بە بودجە زەبەلاحەکەوە نییەو کەرتی تایبەت لەپێناوی بەدەستهێنانی قازانج ئەنجامیداوە.

زۆریی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت بەتایبەت لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا، بەشێکی زۆری ئاوەدانی بە هەولێر بەخشیووە.

ئێمە لێرەدا بەراوردێک دەکەین لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا.

هەریەک لە پرۆژە گەورەکانی وەک بازاڕی نیشتمانو دریم سیتیو مێردیان سیتیو گوندی بەریتانیو گوندی ئەڵمانیو سۆپەرمارکێتەکانی وەک نیوسیتیو نازسیتیو دەیان پرۆژەی گەورەی دیکە کە کەرتی تایبەت دروستیکردوون، وایکردووە شاری هەولێر پێشبکەوێتو جوانتر بنوێنێت. ئەگەر تەنیا تێچوونی چەند پرۆژەیەکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر وەربگرین، زۆر زیاترە لەو پارەیەی کە حکومەت لەماوەی ٥ ساڵدا لەو شارە خەرجیکردووە.

بە پێی ئاماریکی پارێزگای هەولێر، تێچوونی کۆی سەرمایەکانی پرۆژەی بازاڕی نیشتمانو دریم سیتیو مێردیان سیتیو گوندی خانزادی ئەمریکی کە کەرتی تایبەت جێبەجێیکردوون ٣ ملیارو ١٨٠ ملیۆن دۆلارە، بەڵام پارتی لە ٥ ساڵی ڕابردووەدا بۆ هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک کەمتر لە ٢ ملیاری خەرجکردووە.

سلێمانی شارە بێخاوەنەکە

لە ماوەی ٦ ساڵی ڕابردووەدا ئەو بودجەیەی لە بەغداوە هاتووە بۆ سلێمانی، نزیکەی ١٢ ملیارو ٢٧٣ دۆلارە، جگە لەوەش نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن دۆلاریش بە دوو وەجبە لەلایەن ئەمریکییەکانو پاشماوەی پارەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکەوە هاتووەتە ئەم پارێزگایە،

ئەوە هەر باسی داهاتەکانی ناوخۆ ناکەین کە سالانێک بە تەنیا بەو داهاتانە حکومەتی پێ بەڕێوەدەبرا. هەموو ئەو پارەیە بۆ دانیشتووانی پارێزگای سلێمانییە کە زیاترن لە ١ملیۆنو ٩١٧ هەزار هاوڵاتی.

لەدوای یەکگرتنەوەی حکومەت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کە یەکێتی بەڕێوەیدەبات، ئاماریکی بڵاوکردووەتەوەو ژمارەی پرۆژەکانی ٣ ساڵی ڕابردووی خۆی تێدا بەیانکردووە. لە ئامارەکەدا هاتووە کە:

٤٠٣ پرۆژە لە هەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێی هەستاوە، لە ساڵەکانی ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨ بە گوژمەی ٣٥٩ ملیۆنو ٤٨٤ هەزار دۆلار جێبەجێکراون.

ئەوە لەکاتێکدایە کە بودجەی ئەو وەزارەتە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیتییە لە ١٠,٤٤٪ی بودجەی وەبەرهێنان، کە پاش جیاکردنەوەی مووچە، بڕی ٤٢٨ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو وەزارەتە دابینکراوە.

هاوڵاتیی بەڕێز، ئەو وەزارەتە لە ماوەی ٣ ساڵدا نزیکەی ٣٦٠ ملیۆن دۆلاری لە هەموو پرۆژەکانیدا خەرجکردووە، لەکاتێکدا تەنیا بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ی ٤٢٨ ملیۆن دۆلارە.. ئێوە بپرسن.. ئەم شێوە حسابات‌و خەرجییە لە چ وڵاتێکی دنیادا هەیە، ئەگەر ماستی بودجەو داهاتەکان‌و خەرجییەکان سەدان گوریسی تێدا نییە، بۆچی بۆ هاوڵاتییانی ڕوون ناکەنەوە؟

دوای ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی لێدەردەکرێت کە بەپێی لێدوانی وەزیری دارایی، ٤٤٪ی بودجەی گشتییە، بڕی ئەو پارەیەی لەماوەی ٦ ساڵی ڕابردووەدا لەدەستی یەکێتیدا ماوەتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای سلێمانی، نزیکەی ٦ ملیار دۆلارە... جگە لەو پرۆژانەی کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بودجەی پەرەپێدان دروستیکردوون کە نزیکەی ٥٠٠ پرۆژەیەک دەبێت.

ئێوە بپرسن لەماوەی ٦ ساڵەدا چ پرۆژەیەکی ستراتیژیی گرنگ لەم پارێزگایە دروستکراوە، ئەوەی زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە، ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢ ملیار دۆلار بە کاشی خراوەتە گیرفانی حیزبەوە..

دەبێت پرۆژە ستراتیژییەکانی ئیدارەی سلێمانی چیی بێت، خۆ ئەوە نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێلەییەکەیە کە جگە لەوەی لەسەر بودجەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ٤٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا، لەسایەی ئیدارەی سلێمانیدا ٥ ساڵە کاری تێدا دەکرێتو تائێستاش ٥٥٪ تەواو بووە. ئەو نەخۆشخانەیە بڕیار بوو ساڵی ٢٠٠٦ تەواو بێت، بەڵام کوا، بۆچی ئێوە لەسایەی بودجەیەکی زەبەلاحدا نەخۆشەکانتان بۆ ئێران‌و ئوردن‌و هندستان دەبەن؟

پرۆژە زەبەلاحەکانی ئیدارەی سلێمانی ڕێگای نێوان سلێمانی_ عەربەت بوو، کە لە ٢٠٠٤/٤/١٧- ەوە دەستکرا بەئیشکردن تێیداو لە ٢٠٠٧/١١/٨دا لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بەشێوەیەکی فەرمیی کرایەوە، ماوەی نێوان عەربەت تا دەروازەی سلێمانی ١٧کیلۆمەترو ٨٠٠ مەترە، بەڵام تەنیا ٩ کیلۆمەترو ٥٠٠ مەتری تەواو بووبوو کە کرایەوەو دوای ئەوەی چەندین کەس لەو ڕێگایەدا بوونە قوربانی، ڕۆژانە ٨ مەترو ٥٠ سانتیمەتر کاریتێداکراوە. ئەوەش بووە مۆدیلێکی نوێ لە داهێنانەکانی ئیدارەی سلێمانی، کە ئیفتیتاحی پرۆژەی تەواونەبوو بکەنەوە..

پرۆژە ستراتیژییەکانی دیکەی ئیدارەی سلێمانی بۆ خەڵکی ئەم پارێزگایە، دەبێت جوت سایدی نێوان دوکان_ سلێمانی بێت کە ئەویش چەندینجار بودجەو ماوەی ئیشکردنی بۆ تازە دەکرایەوە، چونکە پرۆژەکە شکستی دەهێناو دەدرا بە بەڵێندەرێکی دیکە، وەک ئەوەی خەڵکی سلێمانی شایەنی ئەوەبن بەرپرسەکانی تەنیا بەڵێندەری فاشیلو پرۆژەی فاشیلی بۆ بخەنەکار.

دەبێت پرۆژەی ستراتیژی یەکێتی تونێلەکەی ئەزمر بێت کە چەندجارێک بودجەی بۆ زیادکرا، ئینجا بە ناتەواویو بۆ خاتری هەڵمەتی هەڵبژاردن لەمڕۆژانەدا کرایەوە.

یان نەخۆشخانەی دڵ بێت لەقەڵاچوالان کە دوای ئەوەی زیاتر لە ١٠ملیۆن دۆلاری بۆتەرخانکرا، بۆیاندەرکەوت کە ئەو دیزاینەو ئەو جێگایە بۆ نەخۆشخانەی دڵ نابێت...

ئەوەی بە ٦ ساڵ نەکرا، بە ٦ مانگ ناکرێت

یەک دوو مانگێکە جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی ئەنجامدانی سەدان پرۆژەی بە هاوڵاتییان داوە کە بودجەی ئەو پرۆژانە نزیکەی ٤ ملیارو ١٥٠ ملیۆن دۆلارە، بەڵام وا باشە ئەو ئیدارەیە پێش ئەوەی بەڵێنی ئەوە بدات کە ٤ ملیار دۆلار بۆ پارێزگای سلێمانی خەرج بکات، باشترە تەسفیەی حساباتی ئەو ٦ ملیار دۆلارە بکات کە قەرار بوو سلێمانی پێ بکرێت





ڕۆشنبیرانو هونەرمەندان زۆر باش لەبیریانە لە سایەی ئەو بودجە زەبەلاحەی بە دەست حکومەتەکەی سلێمانییەوە بوو، بڕیاردرا هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نۆژەن بکرێتەوە، بەڵام تەنانەت لەو پرۆژە بچووکو ڕۆتینییەشدا شکستیانهێنا، لەبەر ئەوەی بەشێک لە هۆڵی ڕۆشنبیریان دابوو بە کرێ بە دارتاشەکە کە هاوڵاتییەکی عەرەب بوو تا ئیشی مالانی تێدا بکاتو کرێی مانگانەکەشی بخاتە بری ئەو قەرزەی کە لای حکومەتە تەکنۆکراتەکە بوو.

ئێوە بپرسن

پرۆژە ستراتیژییەکانی ئیدارەی یەکێتی دەبێت چی بێت بۆ ئێوە، خۆ نالێن هێڵی دووەمی ئاوی دووکان _سلێمانییە کە بڕیار بوو بۆری دیکتایەڵی تێدا بەکاربهێنرێت، بەڵام بە بۆری جۆری GRP ئاویان بۆ ڕاکێشاوە کە ئەو بۆریە هی زێرابەو لەهیچ بستە خاکێکی ئەم جیهانە پێشکەوتووەدا بۆ ئاوی خواردنەوە بەکارنایەت.

مەگەر خەڵکی لەبیری نەماوە کە قەرار بوو ئەمریکییەکان ٢ پرۆژەی گەورەی ئاو لە هەولێرو سلێمانی لەسەر بودجەی خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەنجامنەدرا..

ئێوە بپرسن کێ بەرپرس بوو لەو ماستە گوریساوییەو بۆچی دوای ئەوەی ئەمریکییەکان پرۆژەکەیان برد بۆ شاری ناسرییە، کۆمپانیای (تـوژەڵـە)ی سەر بەگروپی کۆمپانیاکانی نۆکان، کە دیارە ئەم گروپە کۆمپانیایە هی چ لایەنێکە، پرۆژەکەی لە ئەستۆ گرتو لەبری بۆری دیکتایەڵیش، بۆری زێرابی بەکارهێنا... مەگەر ئەوە وەفـای بەرپرسەکانی حکومەتەکەی یەکێتییە بۆ خەڵکی شاری سلێمانی کە پرۆژەی پڕ مواسەفاتی ئەمریکییەکان لەم شارە دەردەپەڕێننو خۆیان بە ٣ ئەوەندەی نرخی ئاسایی خۆییو بە بۆری زێرابیش بۆتان دروستدەکەن؟



بە نموونەیەک بۆ عێراقو دەستەخوشکی شارەکانی دوبەیو پاریس.

کاتێکیش بە کاربەدەستانی سلێمانیمان وت، ئەو پارەیەتان لەکوێدا هەڵگرتبوو، بۆچی خەرجتان نەدەکرد بۆ هاوڵاتییان کە بەدەست کەمیی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، ڕێگاوبان، قوتابخانە، نەخۆشخانە، پارک، کتێبخانەوە دەیاننااڵندو لە کوێوە دەیهێنن، خۆ ئێوە دەڵێن حکومەت پارەی نییە، ئەوانیش بێ هیچ دوودڵییەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا وەاڵمیان داوینەتەوە کە ئەو پرۆژانە لەسەر بودجەی حیزب دەکرێن نەک حکومەت، ئاخر حیزب ئەم پارەیە هی چیەو لەکوێی بوو ئەگەر مولکی گشتی نەبێت!

بودجەیەک لە تاریکیدا

یەکێتی‌و پارتی سااڵنە ٨٤٠ ملیـــ

لە ٦ ساڵی رابردووەوا زیاتر لە ٣١ ملیار دۆالر وەک بودجەی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ژێردەستی یەکێتی‌و پارتی‌و تائێستاش هیچ یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان وەک قەیرانی نیشتەجێبوون‌و ڕێگاوبان‌و ئاوو ئاوەڕۆ چارەسەر نەکراون‌و ژێرخانی ئابووری کوردستانیش بەرگەی بچووکترین کێشەی سیاسی ناگرێت لەگەڵ بەغدا.

فازڵ نەجیب
محەمەد شێخ فاتح

شتێک کە زۆر بەڕوونی دیارە، هاتنی بودجە زەبەالحەکەی بەغداو گەندەڵیی کوردستان‌و شکستی چەندین پرۆژەی ستراتیژییە، بەاڵم شتێک کە شاراوەیە، چۆنێتی خەرجکردنی بودجەکەو ئەو ملیۆنان دۆالرەیە کە جگە لە چەند کەسێکی ناو یەکێتی‌و پارتی، هیچ هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە لێی بە ئاگا نییە بەپەرلەمان‌و هەردوو دەزگاکەی چاودێری داراییشەوە.

دهۆک شارێکی فەرامۆشکراو

لە پارێزگای دهۆک، پارتی لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ تا سەرەتای ٢٠٠٩ بڕی ٥٢٦ ملیۆن‌و ٨٩٧ هەزار دۆالری خەرجکردووە، کە زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن دۆالری لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هەرێمایەتی عێراق بووە. واتە لەماوەی ئەو ٣ ساڵەدا پارتی نزیکەی ٢٢٥ ملیۆن دۆالری لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی ئەو پارێزگایەدا خەرجکردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لەماوەی ئەو ٣ ساڵەدا تەنیا لە حکومەتی بەغداو دوور لە داهاتەکانی ناوخۆ، زیاتر لە ٨ ملیارو ٦٥٠ ملیۆن دۆالری وەرگرتووە،

واتە پارتی لە ماوەی ئەو ٣ ساڵەدا تەنیا ٢،٤٪ی ئەو پارەیەی بە کاشی بۆ هاتووە، بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای دهۆکی خەرجکردووە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک زیاتر ٩٧٣ هەزار هاوڵاتییەو ٤١ شارەوانی لە سنووری ئەو پارێزگایەدا هەیە.

بەشی پارتی لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ بریتیبووە لە ٤ ملیارو ٤٦٠ ملیۆن دۆالر، بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری شارەوانییەکان، حکومەتی هەرێم تەنیا یەک پرۆژەی لەسەر بودجەی خۆی بۆ پارێزگای دهۆک ئەنجام نەداوە لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەدا.

هەموو پرۆژەکانیش لەماوەی ئەو ساڵەدا لەسەر بودجەی پەرەپێدان ئەنجامدراون، لەکاتێکدا ئەو شارە پێویستی بە سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاریی هەیە، بۆنموونە:

• هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی کارەبای تێدا نییەو پشت بە کارەبای تورکیا دەبەستێتو هەرکاتێک کێشەی سیاسی سەرهەڵبدات، تورکیا کارەباکە دەبڕێت.

• تائێستا ئاوەڕۆی سندوقی تێدا نییە.

• پارکێکی گەورەی گشتیی لە شاری دهۆکدا نییە، لەکاتێکدا لە هەولێر دوو پارکی سەرەکی‌و سەدان پارکی بچووک دروستکراون.

• فڕۆکەخانە لە هەولێرو سلێمانی هەیەو لە دهۆک نییە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی وەبەرهێنان، زیاتر لە ٧ ملیار دۆالر لە هەولێر خراوەتەگەڕ، بەاڵم لە دهۆک تەنیا ١٥ ملیۆن دۆالرەو لەسلێمانیش ١ ملیارو ٥٥٠ ملیۆن دۆالرە

جگە لەو هۆاڵنەی پێشووتر دروستکرابوون، چەند هۆاڵێکی دیکەی گرنگی کۆبوونەوە لە هەولێر دروستکراون، لەکاتێکدا لە دهۆک شتێکی لەو جۆرە نییە، سەرەڕای ئەو چەند نموونە کەمە، بەرپرسانی ئەو پارێزگایە باسی کەمیی خوێندنگەو نەخۆشخانە دەکەن. ئەو ئامارانە زۆر بەڕوونی نادادپەوەریی لە دابەشکردنی بودجەی حکومەت پیشاندەدات لەنێوان ئەو دوو پارێزگایەدا. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە پارێزگای دهۆک دەستکەوتوون‌و ئەو ئامارانەی لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەماندا پەسەند کراوە، لە ماوەی ٣ ساڵی رابـــردوودا پارتی دیموکرات ڕێژەی ٢،٤٪ بودجەی ژێر دەستی خۆی بۆ پارێزگای دهۆک خەرجکردووە لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو شارە بەشێوەیەکی بەرچاو دوابکەوێت بە بەراورد بە شاری هەولێر، لەکاتێکدا یەکێک لە پڕخێرترین دەروازەکانی گومرگکردن لەسەر ئاستی عێراق لەو سنوورەدایە، کە ئەویش ئیبراهیم خەلیلە.

لەبەرئەوەی حساباتی ٢٠٠٩ هێشتا تەواو نەبووە، بۆیە ئێمە تەرکیز دەخەینە سەر داهات‌و خەرجییەکانی ئیدارەی هەولێر لە ٥ ساڵی رابردوودا، ئەویش بەپشتبەستن بەو ئامارانەی کە دەزگا ڕەسمی‌و بەرپرسەکان باڵوێانکردووەتەوە.

لەماوەی ئەو ٥ ساڵەدا، واتە(٢٠٠٤ تا سەرەتای ٢٠٠٩)، زیاتر لە ١٩ ملیارو ٧٨٥ ملیۆن دۆالر وەک بودجە لە بەغداوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان‌و پشکی پارتیش لەو بودجەیە کە ٥٤٪، ەکاتە ١٠ ملیارو ٦٨٤ ملیۆن دۆالر.

سەرنج: هەندێک پرۆژەو خەرجیی بچووکی هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لەڕێی لیژنەی تەندەراتی پارێزگاوە جێبەجێنەکراوەو گوژمەکەی نەهاتووەتە سەر ئەو ئامارانەی ئێمە پشتمان پێبەستووە.

ئەوەی پارتی لە هەولێرو دهۆک لە بواڕەکانی ئاوەدانکردنەوە خەرجیکردووەو بە ئامار باڵویکردووەتەوە لەماوەی ئەو ٥ ساڵەدا (بێجگە لەخەرجییەکانی ٢٠٠٤،٢٠٠٥ی دهۆک) کەمترە لە ٢٢٥ ملیۆن دۆالر بۆ دهۆک‌و ١ ملیارو ٦٩٢ ملیۆن دۆالریش بۆ هەولێر. کۆی گشتی ئەو خەرجییانە، بریتییە لە ١ ملیارو ٩١٧ ملیۆن دۆالر...

ئەو پرۆژانەی کە لە هەولێرو دهۆک بنیادنراون لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا کەمتر لە ٢ ملیار دۆالریان تێچووە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا بەدواداچوونمان بۆ چۆنێتی پرۆژەکان‌و بڕی تێچوونی نەکردووە، کە هەموو کەس لە کوردستان‌و بە بەرپرسانی حکومەتیشەوە دان بە گەندەڵیدا دەنێن لەو بوارەدا.

واتە پارتی لەو ١٠ ملیارو ٦٨٤ ملیۆن دۆالرەی لەژێر دەستیدا بووە، تەنیا ١٨،٧٪ی هەموو بودجەکەی بۆ تەواوی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبان خەرجکردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی باڵوکرانەوە، هیچ بەرپرسێکی یەکێتی‌و پارتی نەیتوانی بەبەڵگەوە ڕەتیانبکاتەوە، مانگانە ٣٥ ملیۆن دۆالریان لەبودجەی خەڵک بردووە بۆ حیزب‌و لەماوەی ئەو ٥ ساڵەشدا پارتی ٢ ملیارو ١٠٠ ملیۆن دۆالری هەڵگرتووە

ئێستا ئەگەر ئەو چەردەیەشی لێدەربکەین، هێشتا ٢ ملیارو ٤١٢ ملیۆن دۆالر لە تاریکیدا خەرجکراوە.

هاوڵاتیانی بەڕێز... نیو سەدە زیاترە ئێوەو کەسوکارتان قوربانیی بۆ ئەم ئەزموونەی



پرۆژەی تونێلی شکستخواردووی هەیبەت سوڵتان

پسپۆڕێکی زانکۆی ئیکزیتەری بەریتانیا:

* هەندێک حەزیان لە گۆڕان نیە چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی زۆر شتیان

* کوردستان بەنێو گۆڕانی زۆر گـــەورەدا تێدەپەڕێت

دیمانە: نامۆ عەبدوڵڵا

(٢-٢)

کۆمەڵناس د.سارا کیلەرمان، مامۆستایەلە زانکۆی ئیکزیتەری بەریتانیا، لە دیدارێکی تایبەتی رۆژنامەدا باسی گرفتەکانی ژنان دەکات لە کوردستانو ئەو گرفتانەی کە سیستمی سیاسی بۆی دروستکردوون. کیلەر سەرگەرمی کارکردنە لەسەر گرفتەکانی ژن لەو کۆمەڵگایانەی کە تازە لە شەڕوململانێ هاتوونەتە دەرەوە. ئەم نووسەرە چە ند ین توێژینەوەی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی بەریتانیاو ئەمریکا بڵاوکردووەتەوە. ئێستاش سەرقاڵی توێژینەوەیەکە لەسەر (ژنو هیستریا) لە هەرێمی کوردستان.

رۆژنامە: دوو گرفتی گەورە هەن کە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی ناسێنراون. ئەوانیش، یەکەم کوشتنە لەسەر شەرەفو دووەمیان خەتەنەکردنی ئافرەتە. رات چییە لەسەر کوشتن لەسەر شەرەف. پێتوایە کێ بەرپرسە لەم تاوانە لە هەرێمی کوردستان؟

* وەڵامـی کورتم بۆ ئـەم پرسیارە ئەوەیە، تەواوی کۆمەڵگە بەرپرسە لەم کارە. راستە پێویستە ببینین کە حکومەت بەجدی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئیش بکاتو باجێکی گەورە بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە بەم کردارانە هەڵدەستن، حکومەت کاری لەمجۆرەی کـردووەو لە زیادبوونداید دەیانەوێت ئەم کارانە بە تاوان حیسابیکەن، بەڵام دووبارە ئەمە پەیوەندیی بە گۆڕانی عەقڵییەتەوە هەیە لە کۆمەڵگەدا. هەروەها پێویستە دانبەوەشدا بنرێت کە بەچەندین شـێوەی جـیـاواز مـێـژووی سیاسـیو کۆمەڵایەتی کوردستان لە چەند دەیەی رابردوودا بەشداربووە لە ئەنجامدانی ئەم تووندتیژییەدا. بۆ وێنە ئەگەر بێتو سەیری کوردستان بکەین وەکو کۆمەڵگەیەکی دوای شەڕ، دەبینین لەکاتێکدا لە ناسەقامگیریی و تووندتیژیی بە کۆمەڵ رزگـاری بووە، بـەڵام تـاوانو تووندتیژیی جێندەری زیادیکردووە.

رۆژنامە: باست لە گۆڕینی عەقڵییەت کرد، تا چەند حکومەتی ئێستا توانای ئەوەی هەیە هەوڵی گۆڕینی ئەو مێنتاڵیەتە بدات. یان ئایا پێویستمان بە شۆڕشێک یان بزووتنەوەیەکی دیکە هەیە بەمکارە هەستێت؟

* لە راستیدا پێویستمان بە بینینی گۆڕانگاریی گەورەی کۆمەڵایەتی هەیەو ئەمە شتێک نییە بتوانین لێبگەڕێین بۆ حکومەت. پێمواید لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاوڵاتیان لە رەخنەگرتن لە سیستمی سیاسی زۆر باشنو مافی تەواوی کردنی ئەم کارەشیان هەیە کە ئەمە بەشێکی پێویستە لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن، بـەڵام لە هەمانکاتدا پێمواید هێشتا لە کوردستان خەڵک لە فێربووندایە کە چۆن ببێت بە هاوڵاتی لەرووی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە. بۆ نموونە کە دێتە سەر مەسەلەی مافی ژن، من بێتاقەت دەبم لەوەی کە باس لەوە دەکرێت پێویستە ژن بەتەنیا خۆی بەشداربێت لە بەدەستهێنانی مافی ژندا. پێمواییە هەرگیز بتوانن بە یەکسانییەکی راستەقینەی ژنو پیاو بگەن، هەرگیز پێمواییە گۆڕانکارییەکی جدی لە دۆخی ژناندا رووبدات ئەگەر بێتو ویستو پابەندبوونێکی بەهێزی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بوونی نەبێت، لە پیاو، ژنو منداڵ.

پێموایە ئەمە دێتە ئاستی تایبەتیش وەکو پێشتر وتم لە ماڵەوە، هەروەها پێویست حکومەت راستۆگایانە شوێن ئەو گوتارانە بکەوێت کە دەیـدات لە بـارەی پابەندی دەوڵـەت بۆ مەسەلە جێندەرییەکان لە کوردستان، هەلبژەخسێنن بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیندوو تا گەشەبکات.

رۆژنامە: لەدیدارێکی رۆژنامەوانی دیـکـەدا، پێتوتم کە کارێکی خراپە رێکخراوەکانی ژنان لێرە بەسەر پارتە سیاسییەکاندا دابەشبوون. دەکرێت زیاتر قسەم بۆ بکەیت لە بارەی خراپییەکانی ئەم کارەوە؟

* وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، کاتێک لـەسـەر بـنـەمـای ئـەم ئایدۆلۆژیایە کاربکەیت، لە راستیدا لە دڵسۆزیت بۆ ژن یاخود بۆ ئاکتیڤیستە ژنەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتیی کەمدەبێتەوە، چونکە یەکەم پابەندبوون یاخود دڵسۆزیی ئەم رێکخراوانە، بۆ پارتە سیاسییەکانیانە، بۆیە دواجار ئەمکارە بەشێوەیکی گشتیی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مافی ژنان. پاشان دووبارە وەکو وتم، کۆمەڵێک کەس هەن کە بەرژەوەندیی شەخسییان لەمەدا هەیە. ئەو ژنانەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە لەو رێکخراوانەدا هۆکارەکەی بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ پارتە سیاسییەکەندا هەیانە، بۆیە بەشێوەیەکی فراوان قسەبکەین، ئەم رێکخراوانە کار بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی مافی ژنان ناکەن، هەر بۆیە دەڵێم پێویستە سەیری ئەو بارودۆخانە بکەین کە ناکۆکی دینیو کلاس بوونی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. زۆرجـار گروپێکمان هەیە کە نوخبەی رۆشنبیرانو حکومەت یارمەتیان دەدات تا بەناوی ئافرەتانەوە قسەبکەن، کە چی لەڕاستیدا ئەم نوخبەیە ئاگادارییەکی زۆر کەمی ئەو گرفتانەی هەیە کە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە لەنێو چینە هەژارەکەی کـۆمـەڵـگـەدا. هـەمـوو ئـەو کەسانەی لەبواری مافی ژندا کاردەکەن شەرت نییە بەرژەوەندییان لەوەدابێت کە کار بۆ مافی ژن بکەن، هەندێک لەو کەسانە یان ئەو نوخبەیە ئێستا ئیسفادەیەکی باش دەکەن، بۆیە وادەردەکەوێت کە ئەوانە حەزیان لە گۆڕانکاریی نەبێت، چونکە گۆڕان رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئەمانە زۆر شتیان لە دەستبچێت.

رۆژنامە: تۆ لەگەڵ لە بەرپرسی هیچ یەک لەم رێکخراوانەدا دانیشتویتو پێتبڵێن ناتوانین کار بۆ بەرەوپێشبردنی مافی ژن بکەن لە کۆمەڵگەدا؟

* بەڵێ، لە ماوەی کارکردنمدا لە سەر مەسەلەی پەیوەندییە جێندەرییەکان لە کـوردسـتـان، لەگەڵ ژمـارەیـەک لە رێکخراوەکانی ژنان دانیشتووم تا بزانم ئـەو ئەکتەرە سەرەکییانەی مەجالی سیاسیو کۆمەڵایەتی لێرە کێن. هێندەی بتوانم قسە لەگەڵ ئاکتیڤیستەکانی بواری ژن لە رێکخراوەکانی ژنـان دەکـەم، سـەردانـی رۆژنامەنووسانو وەزیـرو سیاسییەکان دەکەم. قسە لەگەڵ ئافرەتی ئاسایی سەر جادە دەکەم. بەڵێ تێکەڵاویم لەگەڵ ژمارەیەک لەو رێکخراوانەی ژناندا هەبووە.

رۆژنامە: بچینە سەر مەسەلەیەکی دیکە کە مەسەلەی فرەژنییە کە لە کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە قەدەغە نەکرا. پێش هەموو شتێک ئەم دیاردەیە چۆن دەبینیت؟

* من خودی خۆم لە رووی تیۆرییەوە هیچ گرفتێک لە دیاردەی فرەژنیدا نابینم لە کاتێکدا پرۆسەیەکی ئازادانە بێتو هەموو کەس یەکسان بێت لەمافدان، بـەڵام لە پراکتیکدا لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریی وەکو کوردستاندا لە راستیدا بە رەواییدان بەفرەژنی گرفتێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گوێ لە دەنگی ژن ناگیرێت. ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی گشتیی سەیری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بکەین، چەند کارێکی ئاشکرای ئەم سیستمە دەبینین لە رووی یەکسانییەوە لە کۆمەڵگەدا. لەبارەی خودی قەدەغەکردنەکەوە، پێمواید پەرلەمان هەڵێکی زۆر گەورەی لە دەستدا، چونکە پێشئەوەی گفتوگۆی فرەژنی بکرێت، باسی زۆر هەبوو لەو رووەوە کە دەکرێت کوردستان ببێتە پێشەنگی ئەم گۆڕانانە لە تـەواوی عێراقدا. کە دەیتوانی بڵێت سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە خزمەتی مافەکانی ئافرەتدایە بەشێوەیەکی گشتیی لە عێراقدا، کە ئەمەش بەڕاستی دەبووە سەردەمێک کە فەخری پێوەبکات. هەڵێکی گەورەبوو بۆ کوردستان کە نیشانیبدات و بیسلەمێنیت کە بارودۆخی ئافرەتی کورد زۆر باشترە لە خوشکە تورکو عەرەبو فارسەکانیان، بۆیە لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە شەرمەزاریی بوو دوای مونازەرەیەکی زۆرو حەماسێکی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە کە دەیتوانی ببێتەخاوەنی گوتارێکی بەهێز لەبارەی پابەندبوونییەوە بۆ مافی ژنان، ئەم کارەی نەکرد.

رۆژنامە: کاتێک پەرلەمان نەیتوانی فرەژنی قەدەغەبکات، هۆکاری ئەمە چیبوو، ئایا ئەندام پەرلەمانەکان زۆر موحافیزکارنو لە ژێرکاریگەریی دینداڵ یان رەنگە بڵێیت کوتلەی ئیسلامییەکان کاریگەریی زۆریـان هەیە لە پەرلەمان کە دەتـوانـن کاربکەنە سـەر ئەندام پەرلەمانەکانی دیکەو دواتر رێگەیانگرت لە قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

* تا ئاستێک زۆر هـاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە رەگـەزی ئیسلامیی بەهێز لە پەرلەماندا هەیە. لە راستیدا لە ئاستی کۆمەڵایەتیش کە زۆر گرنگە، خەڵک تووشی نائومێدیی بووە لە پارتە ناسیۆنالیستە عەلمانییەکان، کە لە راستیدا لە مەسەلەکانی پەرلەماندا دەسەڵاتێکی گەورەیان هەیە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە لە ئاستە گەورەترە کۆمەڵایەتییەکەدا هەبوونی پابەندی حکومەت بۆ مافی ژن گرنگە، بەڵام لە راستیدا گرنگتر لەمە بە پراکتیککردنیەتی لە تەواوی ئاستەکانی کۆمەڵگەدا. پێمواید تائێستا لە هەرێمی کوردستان، لە ئاستی سیاسیدا ویستێکی لە ئەندازەبەدەر هـەبـووە بۆ ئـەوەی دۆخـەکـە گۆڕانی بەسەردا نەیەت.

رۆژنـامـە: بچینە سـەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی، تاچەند پەراوێزخستنی ژن لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستانیش وەکو بەشێک رۆڵی نیگەتیڤی گێڕاوە لە پێشنەکەوتنی ئەم کۆمەڵگەیانەدا، بێگومان بە بەراورد بە خۆرئاوا؟

* پـێـش هـەمـوو شتێک لـە سەر چەمکی «پێشکەوتوو» گرفتمان هەیە کە مەبەستمان لێی چییە، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک شێوازی پێشکەوتنی تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر تەنیا ئـەوە بخەینە کەوانەیەکەوە، زۆر بەکورتی دەڵێم کە تۆ رێگە نادەیت ٥٠٪ی هاوڵاتیان بەشداربن لە ژیانی گشتییو بەرەوپێشچووندا، سەرچاوەیەکی زۆر کە دەکرێت بەهۆی ئەوانەوە بەدەستبێت، لەدەستیدەدەیت. (پێکەنین) ئەمە وەڵامێکی کورتە بۆ ئەو پرسیارە، پێمواید ئەگەر بێتو سەریری پێشنەکەوتوویی بکەین بەشێوەیەکی تایبەتی لە پەیوەندیدا بە ئاوەدانکردنەوەی دوای قۆناغی شەڕ، وەکو دەزانیت من لەو بوارەدا ئیشدەکەمو پێشتر ئاماژەم پێدا. پێویستە تێبگەین کوردستان هەرێمێکە کە بە قۆناغێکی درێژی ناسەقامگیریی سیاسیو تووندتیژیدا ڕۆیشتووە. بەهۆی ئەمەوە تەواوی کۆمەڵگە دراندانە



سارا کیلەرمان

مامەڵەی لەگەڵداکراوە، تا ئاستێک کە ئێستا تووندوتیژیی لە زۆرێک لەبوارەکاندا بووەتە بەشێک لە کۆمەڵگەو دامەزراوەکان. دەبێت لەو پەیوەندییە تێبگەین کە لەنێوان ئەمەو مەسەلە جێندەرییەکاندا هەیە لە کۆمەڵگەدا. هەروەها بۆ تێگەیشتنی ئەو تووندوتیژییەی لە دژی ژن دەکرێت، لەڕاستیدا بەشێکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خودی پیاو خۆی بووەتە قوربانیی بە ئاسایبوونەوەی تووندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا، ئەمە بووە بە جۆرێک لۆژیک کە راست نییە.

لەڕاستیدا ئەوەی کە من پێمخۆشە ببینم رووبدات لەئاستی سیاسیدا ئەوەیە، کە مەجالی زیاتر بکرێتەوە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییەو باس لـەوە بکەیت کە چۆن جێندەر بووەتە بەشێکی گرنگی ئەو مەسەلەیە.

رۆژنامە: لەکاتێکدا بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەنگاودەنێین، پێمخۆشە هەستی تۆ بزانم لەسەر ئەم هەڵبژاردنەو لەدواییدا دەمەوێت بزانم چیت هەیە بە ژنانی بڵێیت؟ چۆن دەنگبدەنو دەنگ بەکێ بدەن؟ ئەمەش دواپرسیارم بوو.

* وەکو وتم کوردستان بە نێوگۆڕانی گەورەدا تێدەپەڕێت، بۆیە ئێستا کاتێکی زۆر گرنگە، زۆر خۆشە ئێستا ببینینو ئاگاداری ئەو گۆڕانانە بین. ئێستا دەبینیت چەندین کاندیدو لیستی جیا خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندیدکردووە. ئەمە لە پێش هەموو شتێکەوە هەنگاوێکی گەورەیە بە ئاراستەیەکی دروستدا. زۆر گرنگە دەبینین ئەم پلۆرالیزمە سیاسییە گەشەدەکات.

لە بارەی ئامۆژگاری منەوە بۆ ژن، دەزانـیـت، ژنـی کـورد بۆ خـۆی هێندە وریـاو هوشیارە دەزانێت کێ دروستە بۆ مافەکانیان تا دەنگی پێبدات. رەنگە پێویستیان بە ئامۆژگاری من نەبێت، بەڵام دەڵێم بەشێوەیەکی نموونەیی لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئامادەیی تێدایە بۆ دروستبوونی یەکسانی جێندەری، دەبێت پێشئەوەی دەنگبدەین سەیری بۆچوونی سیاسیی کاندیدەکان بکەین، ئەو بەڵێنانەی دەیـدەن بۆ گۆڕینی سیاسەت، پاشان توانایان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، نەک تەنیا بڵێت من بەشداری بە ژن دەکەم لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەمە یەکسانی جێندەری نییە.

لەڕاستیدا یەکسانی جێندەری تەنیا ئـەوە نییە، یەکسانی جێندەری واتا پێدانی هەلی یەکسان لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی تاکەکان (ژنو پیاو)، تا بتوانن فرەشوناسی خۆیان دەربڕن. نابێت هیچ سنووردارکردنێک لەسەر ئازادییان دابنرێتو پێویستە ئەندامی تـەواوی کۆمەڵگەو هاوڵاتی یەکسانی کۆمەڵگەبن.

پێمواید پەرلەمان هەڵێکی زۆر گەورەی لە دەستدا، چونکە پێشئەوەی گفتوگۆی فرەژنی بکرێت، باسی زۆر هەبوولەو رووەوە کە دەکرێت کوردستان ببێتە پێشەنگی ئەم گۆڕانانە لە تەواوی عێراقدا. کە دەیتوانی بڵێت سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە خزمەتی مافەکانی ئافرەتدایە بەشێوەیەکی گشتیی لە عێراقدا، کە ئەمەش بەڕاستی دەبووە سەردەمێک کە فەخری پێوەبکات

پارێزەر گۆڤەند بابان:

ئەدای حکومەت بەم کارو چالاکییانەی ئێستای ناپێورێت

ستارە عارف

گۆڤەند بابان، پارێزەری راوێژکارو چالاک لە بواری رێکخراوەیی‌و مافی مرۆڤ پێیوایە کە هەڵبژادنی ساڵی (٢٠٠٩) دەبێتە پایەی ئایندەیەکی نوێ بۆ کورد، چونکە هەڵبژاردنێکی راستەقینەیەو دەڵێت: «پەیدابوونی لیستی گـۆڕان کە بەپلەی یەکەم باس لەناوبردنی گەندەڵی دەکات، من وەک راپەڕینێکی ئاشتی دەبینم، لەپێناو پەرەپێدانی راستەقینەی کوردستاندا».

رۆژنامە: چۆن دەڕوانە ئەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەی ئێستا لە کوردستان بەرێوە دەچێت ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو؟

ئەگەر سبەینێ بێتە ناو حکومەتەوە بودجەی بەشەفافی نەخستە بەردەم خەڵک‌و گفتوگۆی لەسەرنەکرد، من بەرامبەر لیستی گۆڕان رادەوەستم

* هەڵبژاردنی ساڵی(١٩٩٢) پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە رامیارییەبوو کە ئەو کاتە دەسەڵاتی ناوەندی عێراق دەستی لەم ناوچانە کێشابوویەوەو بۆشاییەک دروستببوو، بەرەی کوردستانی ئامادەکاری هەڵبژاردنیان کردو لەدوای دروستبوونی حکومەتەوە بەهۆی نەگونجاندنی هەردوو لایەنەکەوە کێشە سیاسیەکان سەریانهەڵدا لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)یشدا هێزێکی سێیەم لە کوردستاندا نەبوو کە بەرامبەر ئەو دوو حیزبە رابوەستێت یان خەڵکی بێلایەن رابکێشێت، خەڵک زۆر ناڕازیبوون چەندین کێشەی بێ خزمەتگوزاریی‌و نائاشکرایی داهاتمان هەبوو، بەڵام ئێستا باس لە پرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکرێت، بەڵێندەدرێت، لەکاتێکدا خەڵک متمانەی بە دەسەڵات‌و حکومەت نەماوە بۆیە پەیدابوونی لیستی گۆڕان کە بەپلەی یەکەم باس لە لەناوبردنی گەندەڵی دەکات، من وەک راپەڕینێکی ئاشتی دەبینم، لەپێناو پەرەپێدانی راستەقینەی کوردستاندا، بۆیە پشتگیری تەواو لە لیستی گۆڕان دەکەمو پێمباشە ئەم لیستە کە ئێستا بانگەشە بۆ هەڵبژاردن دەکات، لە حکومەتدا بەشداریی کارای هەبێت.

رۆژنامە: کەواتە پێتوایە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری ریشەیی لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە کایەوەبەتایبەت‌لە نەخشەی‌سیاسیی‌هەرێمدا کە سااڵنێکە لە دۆخێکی چەقبەستوودایە؟

* بەڵێ، بە بڕوای من هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩) کتوپڕی «مفاجات»ی زۆری تێدا دەبێت، دەبێتە پایەی ئایندەیەکی نوێ بۆ کورد، چونکە یەکەمین هەڵبژاردنی راستەقینەیە کە بەڕێوەبچێت لە کوردستاندا.

رۆژنامە: گەرهنتی چییە کە حکومەتی ئایندەی هەرێم هەمان ڕێچکەی کابینەکانی پێش خۆی نەگرێت‌و بەرنامەی نوێی هەبێت بۆ کۆمەڵگە؟

* هەر لیستێک کە دێتە ناو حکومەتەوە بەرنامەی خـۆی هەیە، دەبـێت کـار بە بەرنامەکەیان بکەن، بۆ نموونە لیستی گۆڕان لە کارنامەکەیدا دەڵێت پێویستە بودجە شەفاف بێت، ئەگەر سبەینێ بێتە ناو حکومەتەوە بودجەی بەشەفافی نەخستە بـەردەم خەڵکـو گفتوگۆی لەسـەرنەکرد، من یەکەم کەس دەبـم بەرامبەر لیستی گۆڕان رادەوەستم، بەڵام خەڵک متمانە بە بەرنامەی لیستی گۆڕان دەکەن، کارپێکردنی کارنامەکانیان‌گرنگە،لیستی‌دەسەڵات‌باس‌لە گەندەڵی دەکەن‌و تائێستا دەستەی نەزاهەیان دانـەمـەزراندووە، لەو لێپرسراوانەیان نەپرسیوەتەوە کە گەندەڵن‌و لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکانیان نەپرسیوەتەوە دەیانتوانی قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان چارەسەربکەن، بۆ ئەوەی هەڵاوسان لە شارەکان پەیدانەبێت.

رۆژنامە: لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا حکومەت دەستیکردووە بە ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵک، ئایا ئەوە خزمەتە یاخود بانگەشەی هەڵبژاردن؟

* من حکومەت بەم کارو چالاکیانەی ئێستای ناپێوم بەکارەکانی (٥) تا (٦) مانگی پێش هەڵبژاردن دەپێوم کە چیانکردووە، چاویان بەخەڵک نەدەکەوت تا بزانن کێشەیان چییەو سکاڵاکانیان وەربگرن‌و وەڵامی خەڵک بدەنەوە، دەبێت حکومەت حیساب بۆ ئەوانە بکات کە گەندەڵی‌و خراپیەکانیان ئاشکرا دەکەن، نەک بۆ ئەوانەی چەپڵەیان بۆ لێدەدەن، پێموایە لەدوای پەیدابوونی لیستی گۆڕانەوە حکومەت چالاکی دەکات، چونکە دەزانن ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە پەیدابووە با ئێمەش گۆڕانکاریی بەکودەتای ئاشتی‌و هەڵبژاردن بکەین، ببینە نموونەی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

رۆژنامە: پـەرلـەمـان لەکاتێکدا مـاوەی بەسەرچوو بـوو، بڕیاری لەسەر بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازدایە، کە پرۆژەی دەستوورە ئەمە تا چەند شەرعیی‌و یاساییە؟

* دەستوور پرسێکی گرنگەو پێویستە ئێمە دەستوورمان هەبێت، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی مـاوەی پەرلەماندا دەبوایە هەموو شتێکیان کۆتایی پێبهێنایە تەنیا حکومەت وەک جێبەجێکار «تصریف أعمال» بمایە، پێمان سەیربوو کە پەرلەمان گرنگترین بەڵگەی بۆ دوای تەواوبوونی ماوەکەی بەجێهێشتبوو، رەشنووسی تازە بە بەراورد بە دەستووری مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٦) زۆر گۆڕاوە.

رۆژنامە: ئەوەی بووەتە جێگەی سەرنجی میدیاو چاودێرانی سیاسیی بێدەنگی شەقامی هەولێرە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئایا هۆکاری ئەوە چییە؟

* بەڕای من خەڵک متمانەی بە دەسەڵات نەماوەو پڕوپاگەندەی لایەنەکانیش دژ بەیەکتر تاڕادەیەک کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، خەڵکیش هەیە ئیرادەی بەهێزەو وتوبێژی هەرچی شتێک هەبێت، هەر دەنگەدەدەم، هەیە دەترسێت، بۆیە دەڵێم کاتی ترس نەماوە بەسە هەڵپەرستی‌و سیاسەتی بازرگانیکردن بەسەرمانەوە، تا کەی بەدەستی خۆمان دیکتاتۆر بۆ خۆمان دروستبکەین، راستە رەمزمان هەیەو کەس ناتوانێت نکۆڵییان لێبکات، بەڵام دەبێت نەبینە کۆیلەو داوا لە هەموو خەڵکو دۆستان‌و هاوڕێو کەسوکارم دەکەم بچن بەشداری لە دەنگداندا بکەن.



من حکومەت بەم کارو چالاکیانەی ئێستای ناپێوم بەکارەکانی (٥) تا (٦) مانگی پێش هەڵبژاردن دەپێوم کە چیانکردووە، چاویان بەخەڵک نەدەکەوت تا بزانن کێشەیان چییەو سکاڵاکانیان وەربگرن‌و وەڵامی خەڵک بدەنەوە، دەبێت حکومەت حیساب بۆ ئەوانە بکات کە گەندەڵی‌و خراپیەکانیان ئاشکرا دەکەن، نەک بۆ ئەوانەی چەپڵەیان بۆ لێدەدەن، پێموایە لەدوای پەیدابوونی لیستی گۆڕانەوە حکومەت چالاکی دەکات، چونکە دەزانن ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە پەیدابووە با ئێمەش گۆڕانکاریی بەکودەتای ئاشتی‌و هەڵبژاردن بکەین، ببینە نموونەی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

بەکارهێنانی چەکی بێدەنگ تازەترین مۆدێلی تیرۆرە لە کەرکوک

کەرکوک – ئارام جەمال

لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەنتەری شارەکانی عێراق لە سەرەتای ئەم مانگەدا، دیاردەیەکی نوێی مەترسیدار بۆ تیرۆرکردنی ئەفسەرانی پۆلیس‌و بەرپرسانی گشتی‌و هاوڵاتیانی مەدەنی لە سەرجەم نەتەوەکان هاتووەتە ئاراوە کە بەکارهێنانی چەکی بێدەنگە. ئەمە وێڕای چەند پەلامارێکی دڵتەزێن لە پارێزگاکانی عێراق بەتایبەت کەرکوک کە دیارترینیان پەلامارەکانی ناحیەی تازەی تورکمانشین‌و بازاڕی شۆربجەی کوردنشینبوون کە بەهۆیانەوە سەدان هاوڵاتی کـوژرانو بریندارببوون.

لە سەرەتای ئەم مانگەوە (٧) کەس تیـرۆرکـراون لـە سـەرجـەم نـەتـەوەو پێکهاتەکانی کـەرکـوک، کە دواترینیان تیـرۆرکـردنـی(عـەزیـز رسـقـۆ میسال) بەڕێوەبەری چاودێری دارایی کەرکوک بوو رۆژی (١٢)ی ئەم مانگە لە نزیک ماڵەکەی خـۆی لە گەڕەکی دۆمیز، بـەو هۆیەوە هێزەکانی پۆلیس داوای هاوکاری لەخەڵک دەکەن، چاودێرێکی سیاسیش ئاماژەکانی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی بە مەترسیدار دەزانـێـت‌و پێیوایە «سـەرەڕای ئـەوەی دەزگا ئەمنیەکانی کەرکوک هەماهەنگنین لەگەڵ یەکتری، زۆربەی کاتیش دژایەتی یەکتردەکەن».

لە سەرەتای ئەم مانگەوە (٧) کەس بەچەکی بێدەنگ لە گەڕەکەکانی عەسکەری‌و دۆمـیـزو کۆڕنیش‌و چەند ناوچەیەکی دیکەی شارەکە بە چەکی بێدەنگ لە جۆری (دەمانچەو غەدارە) تیرۆرکراون، لەناویاندا ئەفسەرێکی پۆلیس لە نەتەوەی عەرەب، موختارێکی کورد، بەڕێوەبەرێکی گشتی مەسیحی، چوار هاوڵاتی‌و پۆلیسی دیکە لە نەتەوەی تورکمان‌و نەتەوەکانی دیکە، لەو کارەشدا ژمارەیەک ئۆتۆمبیلی نەناسراو بەکارهێنراون.

لەو بارەیەوە عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قـەزاو ناحیەکانی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند:«وەک پۆلیس لە هەوڵی بەردەوامدابن بۆ دەستگیرکردنی ئەو باندو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستن، بـەڵام تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە، پێویستمان بە هاوڵاتیانیشە تاکو بەزانیاری هاوکاریمان بکەن». وتیشی: «تەنیا ئێمە وەک پۆلیس لەو کارانە بەرپرس نین، چەندین دەزگای هەواڵگری‌و ئەمنی سەر بە حکومەتی هەرێمو بەغدا لە کەرکوک کاردەکەن، پێویستە ئەوانیش خۆیان بە بەرپرسیار بزانن لە دۆزینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو کەسانەوە».

ترس‌و دڵەڕاوکێ لەلای هاوڵاتیانی شاری کەرکوک دروستبووە بەتایبەت لـەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەنتەری شـارەکـان‌و ئەنجامدانی چەند پەلامارێکی تیرۆریستی دڵتەزێن‌و دەرکەوتنی ئەم مۆدێلەی تیرۆر، لەو بـارەیـەوە عەمید سـەرحـەد دەڵـێـت: «هاوڵاتیان مافی خۆیانە ئەگەر مەترسیان هـەبـێـت، بـەڵام ئـەم هـەوڵانـە هەوڵی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانن‌و دەرخستنی هێزو توانایانە بەتایبەت لەکاتێکدا هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکان پاشەکشەیان کردووە، بـەڵام بەدڵنیایەوە دەڵێم ئەنجامدەری ئـەو کارانە هاوشێوەی باندو گروپە تیرۆرستەکانی چەند ساڵی ڕابـردوو ئاشکرا دەکرێن، بەڵام دەبێت هاوڵاتیان‌و هەموو لایەک وریابن لەوەی ئەم هەوڵانە بۆ بەرپاکردنی ئاژاوەی نەتەوەین».

لەبەرامبەردا چاودێرێکی سیاسی‌وئەمنی کەرکوک دەزگا ئەمنیەکان بە کەمتەرخەم دەزانێت‌و ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە لەناو سەرجەم نەتەوەکانی ئەم شارەدا دەستێک هەیە بۆ کاری ئاژاوەگێڕی‌و توندوتیژی، لـەو بـارەیـەوە لەتیف فـاتیح فـەرەج بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرەڕای مەترسی ئەم دیاردەیە، بەڵام بە پلەی یەک دەزگا ئەمنیەکان بەرپرسیارو کەمتەرخەمن، چونکە هەماهەنگی لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، هەندێکجار دژایەتی کاری یەکترەکەن، بۆ نموونە جارهەبووە لە دژی یەکتر خەڵکی تاوانبارو تیرۆریستیان ئازادکردووە».

وتیشی: «مەترسیەکی دیکە ئەوەیە کە بەردەوام لەناو سەرجەم نەتەوەکانی ئەمشارەدا دەستێک هەیە بۆ هاندانی هاوڵاتییانی ئەو نەتەوانە بۆ توندوتیژی‌و نانەوەی ئـاژاوەو دووبەرەکی لەنێوان نەتەوەکاندا».

بـارودۆخـی سیاسی کـەرکـوکو یەکلانەبوونەوەی چارەنووسی شارەکە هۆکارێکی سەرەکین بۆ تێکچوونی ڕەوشـی ئەمنی، لـەو بـارەیـەوە لەتیف فاتح فەرەج دەڵێت: «بێگومان ئەم هەوڵو خراپبوونە ئەمنیەی کەرکوک پەیوەندی ڕاستـەوخـۆیـان هەیە بـە بـارودۆخـی سیاسیەوە، لەکاتێکدا چارەنووسی سیاسی کەرکوک نادیارەو هەوڵەکانیش تاڕادەیەک گەیشتونەتە بنبەست، کەسانێک لە هەوڵی تێکدانی بارودۆخەکەدان بەتایبەت لەڕووی ئەمنیەوە کە ڕەنگە بۆ ئەوان ئاسانتربێت، سەرەڕای بوونی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان کە بەردەوام ئەوانیش لە بۆشایی ئەمنی دەگەڕێن‌و تاکتیکی خۆیان دەگۆڕن».

لەتیف فاتیح تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی‌و ئەم مۆدێلە نوێیەی تیرۆرکردن بە ئاماژەیەکی مەترسیدار وەسفدەکات‌و بـە پێویستی دەزانـێـت هـەوڵـەکـان چڕبکرێنەوە بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی کە تێکچوونی ڕەوشەکە سەرئەنجام بەرژەوەندی‌و داهاتووی خەڵکی کەرکوک دەخاتە مەترسیەوە.

ـــــسارەوە بـەرەو نـاخ

ئەی بۆ خۆمی تیدا نابینمەوەو بەباشیشی دەزانم؟

لەبەر پێنج هۆی گرنگی سایکۆلۆژی ئەم بزافە لای بەندە بەبایەخە:

یەکەم: لیستی گۆڕان بووەتە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی پتەو، کە دەتوانێت سانسۆر بخاتە سەر پارتەکانی دەسەڵاتدارو ترسێکیان بۆ بخوڵقێنێت کە لە جەماوەر بێباک نەبن.

دووەم: لیستی گۆڕان نەوەی نوێ لەژێرچنگی نـەوەی رابـردوو دەردەهێنێتو دەبێتە رێگر لەبەرهەمهێنانەوەی نەوەیەک کە کتومت لە باوان بچێت. ئەم هۆکارە (گرفتی لەباوان چوون) لەبەردەم گۆڕیندا لە ناو میژووی کـوردا بەربەستێکی سەرەکییەو هەوڵمداوە لە کتێبی (سایکۆپۆلیتیک) دا تا رادەیەک چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزمەوە.

سێیەم: ئەم دوو هۆکارە دەبێتە هۆی شکاندنی دوو جۆر بەستەڵەک: بەسەتەڵەکی نۆستالۆژیا (سۆز بۆ رابردوو)و بەستەڵەکی ترس. یەکەمیان هەمیشە بـەرەو دواوە دەتباتەوەو دووەمیان نایەڵێت بەرەو ئایندە هەنگاو بنێیت. ئەو ترسەش دوو لایەنەیە. لایەنێکیان ترسە لە ونبوون کە زۆربەیجار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەم جۆرە ترسە بە زیندوویی دەهێڵنەوە تا دەست بەسەر جەماوەرەکەیاندا بگرن. لایەنەکەی دیکەیان ترسە لە لەدەستچوونی بەرژەوەندییەکان، کە ئەو ترسە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات وەک یەکو هەریەکەو بە قەد هێندەی بەرژەوەندییەکەی تیایدا بەشدارە.

چـوارەم: گۆڕینی دەموچاوی دەسەڵاتدار، کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لە بەرەوبێشچوونی رەوتی گۆڕان. ئەویش بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ خوو بە کەسێکەوە نەگرێتو نەتوانێت لێیجیابێتەوەو ببێتە بیانوو بۆ مانەوەی دەسەڵاتدار لەسەر کورسیی دەسەڵات.

پێنجەم: گۆڕینی خـووو نەریت لـەرووی سایکۆلیژییەوە، بایەخێکی زۆری هەیە. چونکە ئەو گۆڕانکارییە بۆ مرۆڤ، رووبەرێکی رۆحی ئەوتۆ دەڕەخسێنێت، تا مـرۆڤ بتوانێت بە ئازادانە مومارەسەی توانستەکانی خۆی بکاتو گەشەبکاتو مرۆڤ بەوهۆیەوە پێشکەوێت.

لیستی گۆڕان بووەتە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی پتەو، کە دەتوانێت سانسۆر بخاتە سەر پارتەکانی دەسەڵاتدارو ترسێکیان بۆ بخوڵقێنێت کە لە جەماوەر بێباک نەبن

بەکورتییەکەی لەو دێوەزمەیە قوتار دەبین کە دەیەوێت دەسەڵاتی نەتەوەییو دەسەڵاتی ئاینی بۆخۆی قۆرخ بکاتو ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە، بە لادەر بناسێنێت. ئەم هۆکارە جگە لە رووە سایکۆلۆژییەکەی، روویەکی بایۆلۆژیشی هەیە. بۆنموونە گەر بتەوێت دوو کوورەی هەنگ کە لاوازن، بیانکەیت بەیەک کوورە تا بەیەکەوە بەهێزبن، دەبێت ئەو دوو کوورە هەنگە ماوەیەک بەیەکەوە دانرێن، بەڵام تێکەڵ نەکرێن تا بۆنی یەکتر بگرنو بەیەکدی رابێن. مرۆڤ ئەو خەسڵەتەی تێدایە کە لەدیاردەی نوێو نەناسراو دەترسێت، بەتایبەتی گـەر ئـەو نوێیە ببێتە مونافسیو هـەڕەشـە بێت بۆ سـەر بەرژەوەندییەکانی. بۆنموونە سەرهەڵدانی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ پارتی دەسەڵاتدار، ترسێنەر بوو، بەڵام مانەوەی لەگۆڕەپانی ململانێدا، وای لەوان کرد کە لەگەڵیدا رابێن. مەخابن یەکگرتوو نەیتوانی ئۆپۆزسیۆنێکی پتەو بێت.

کەواتە لەبەر ئەو پێنج هۆکارەی سەرەوە کە خستمانەڕوو، لیستی گۆڕان دەتوانێت ببێتە ئەو میکانیزمەی کە کوردی باشوور لەم قۆناغەدا هەم لەڕووی سیاسییەوە کە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی پتەو هەم لـەڕووی سایکۆلۆژییەوە کە نەوەی نوێ لەدەستی باوان قوتار دەکـات، خزمەت بە جەماوەری کوردی باشوور بەتایبەتی لاوەکان، بکات.

بەراستی ئەم خوێندنەوەیەی سەرەوە تەنیا لەڕووی سیاسییەوە نییە بۆ کۆمەڵگەی کوردی باشوور، بەڵکو رووی پیداگۆگیو سایکۆلۆژیشی لەخۆگرتووە. وەلێ ئەوەی من سەرنجی خۆمم تیدا نەخستووەتەڕوو، بواری تیۆلۆژیو بواری فەلسەفییە. کە من پێموایە ئەم بزافە واتە بزافی گۆڕان، پاش هێوربوونەوەی بارودۆخی سیاسیو رووبەڕووی قەیرانێکی رۆحیو فەلسەفی دەبنەوە. ئەگەر وەڵامیان بۆ ئەو قەیرانە نەبێت، دەکەونە هەمان هەڵەی ئەوانەی پێش ئەمان تێیکەوتوون. ئالێرەوە ئیدی دەبێت لە گۆڕانی روخسارەوە بەرەو گۆڕانی ناخ هەنگاو بنێن، پاشان هەندێک تیشکیش دەخەینە سەر ئەم لایەنە. واتە لەپاش دابینکردنی داخوازییە بنەرەتییەکانی مرۆڤی کورد کە لە جەستەدا دەبینرێتەوە، هەنگاو بەرەو داخوازییەکانی رۆحیش بنرێت کە خـۆی لە ئینتمای رۆحی نەتەوەیەکداو بوونی مرۆڤ لەناو بوونەوەردا دەبینێتەوە. لەوە بێگومانم کە بزافی گۆڕان لەم ئینتما رۆحییە، مەخابن بێبەشە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لەم رووەوە هۆشیارییەکی باشم هەیە سەبارەت بە لیستی گـۆڕان، بەڵام هەرگیز وەک هەندێک سەرهەڵدانی ئەم لیستە بەکەم نازانم. ئەو هەندانەی کە میسال دەکەنە پێوەر بۆ واقیعو ئەو پێوەرە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی لە جێگەی خۆیدا بەکارناهێنن، ئەوانە لە وەهمدا دەژین. ئەوانەی میکانیزمی گۆڕانکاری لە مرۆڤی دروستدا دەکەنە پێوەر، بۆ گۆڕانکاری لە مرۆڤی نەخۆشدا، ئەوانە ستەم دەکەن. ئەوانەی جومگەو قۆناغەکانی گۆڕان لەیەکدی جیاناکەنەوە، ئەوانە ناهۆشیاری خۆیان نیشاندەدەن. ئەوانەی کۆتایی پرۆسەی گۆڕان بەسەرەتای پرۆسەی گۆڕان دەپێون، ئەوانە لەخەوندا دەژین. ئەوانەی لیستی گۆڕان کە سەرەتایەکی زۆر سەرەتایی گۆڕانە لە کوردستانی باشووردا دەیانەوێت بە رینیسانسی ئەوروپی بیپێون، ئەوانە لەرێگەی خۆزگەی خۆیانەوە، بەڵام بەناوی زانستەوە، مێژوو روداوەکـان دەخوێننەوەو ئاڵوگۆڕ لە حەقیقەت دەکـەن. زانست دەدەن بەکۆڵیانداو چاویلکەی غەریزەکانیان دەخەنە سەرچاویان. بەو چاویلکانە دونیا دەبینن نەک بەو کۆڵەی وا بەپشتیانەوە دونیا بخوێننەوە.

ئـەوەی لێرەدا بایەخی هەبێت ئەوەیە کە جیاوزای لە نێوان گۆڕانی عەقڵیو گۆڕانی کاراکتەری لە مرۆڤدا بکەین. چونکە ئەو گۆڕانەی کە لە کۆمەڵگەدا بەدیدەکەینو سیماو نیشانەکانی ئاشکرا دەبـن، ریشەیەکی سایکۆلۆژیو بگرە فسیۆلۆژیشی هەیە. بەڵام سیاسەت رەنگرێژی بۆ ئەو گۆڕانە دەکاتو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی بۆ دەخوڵقێنێت، مەعریفەش شرۆڤەی دەکاو دەیناسێنێت. هەر لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆڕان پرۆسەیە، ئەم پرۆسەیە جومگەیشی هەیەو قۆناغی راگوێزانیشی لە خۆگرتووە.

جا بۆئەوەی لەم بۆچوونەی سەرەوە تێبگەین، بەپێویستی دەزانم کە ئەو دوو چەمکەی لەپێشەوە ئاماژەم پێدا، لێرەدا خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین، ئەوانیش گۆڕانی عەقڵیو گۆڕانی کارەکتەرە. ئەم دوو کاراکتەرە پەیوەندییەکی پتەویان بە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤیشەوە هەیە. ئاستی عەقڵی کە گوزارشە لە ئیدراکو بیرکردنەوە، مەڵبەندەکانی لە بەشی پێشەوەی مێشکدا دەبینینەوە. مەڵبەندەکانی سۆزیش دەکەونە ناو رەگی مێشک، کە دەکەوێتە ژێر مێشکۆکەوە. لەکاتی گەشەکردنی مێشکدا لە پێشدا رەگی مێشک دروستدەبێت، پاشان مێشکۆکەو ئەوجا مێشکە گەورە، کە مەڵبەندەکانی بیرکردنەوەش لەوێدا دادەمەزرێن. واتە لەڕووی تەمەنەوە رەگی مێشک کە جێگەی سۆزدارییە، کۆنترە لە بەشەکانی پێشەوەی مێشک کە جێگەی عەقڵکارییە. ئەمەش دیسانەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، بۆ نەوەی کۆن گۆڕانکاری تیایدا لەچاو نەوەی نوێ سەختترە!! مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی دان بە دیاردەو پرینسیپەکانی گۆڕاندا بنێت کە ئەوە بۆ عەقڵ هێندە ئاشکرایە ناتوانێت نکوڵی لێبکات، وەلێ زۆر بە زەحمەت دەتوانێت ئەو پرینسیپانە جێبەجێبکات، چونکە سۆزو حەزەکانی رێگەی لێدەگرنو بەئاسانی کۆڵنادەن.

هەروەک لە پێشەوە وتمان ئینتما بۆ رابردوو، تـرس لە گـۆڕانو پارارستنی بەرژەوەندیی سیاسیو مادی، لە مۆتیڤی سۆزەوە هەڵدەقوڵێت. بۆ ئەوەی ئەو پاڵنەرە سۆزییە کۆڵبداتو تەسلیمی زەبری عەقڵ بێت، دەبێت ئیدراکو بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە بەگوڕوتینێکی زۆرەوە، پاڵنەرە سۆزییەکەی خۆی ناچار بکات تا ملی بۆ بدات، دەنا ئەو مرۆڤەی کە بەندی سۆزی خۆیەتی، ناتوانێت خۆی ئازاد بکات. ئەم ململانێیەی لە ناو تاکێکدا روودەداتو لە کۆمەڵگەدا لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا رەنگدەداتەوە. بۆنموونە بـەرەوڕووبـوونـەوەی لیستی گـۆڕانو لیستی دەسەڵاتدار بـەراورد بکە، دەبینی بیانووەکانی ئەو لیستانەی دەسـەڵاتـدار، بیانویەکن زیاتر لە سوزدارییەوە هەڵدەقوڵێن. لیستی گۆڕان، گوزارشتە لەو زەبـرە سیاسییە عەقڵیەی کە بتوانێت ئەوانیش لەو دۆخە وەستاوو بەندبووەی سۆزگەرایی قوتاربکاتو تەکانێکی گرنگ بەم کۆمەڵگەیە بدات. هـەروەک مرۆڤێکی دروست بەردەوام پێویستی بە دەستاودەستو ئاڵگۆڕە لە نێوان عەقڵو سۆزیدا، هەرواش کۆمەڵگە پێویستی بەو ئاڵوگۆڕە دەبێت تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست، لەئارادا بێت. بۆنموونە گیردانی هەرمرۆڤێک لە دۆخی سۆزداریدا، مانای تێکچوونی باری دەرونییە. واتە تاکەکانی هەرکۆمەڵگەیەک گەر لە دۆخی رابردوو ترسدا گیریخوارد، هەستە کۆو نەستەکۆی ئەو کۆمەڵگەیە لە دۆخێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکی نادروستدا دەژی. هەر ئەم، هەرکەسێک لەناو سۆزگەرایی خۆیدا گیریخواردو وەستا، رۆژبەڕۆژ خۆی دەخواتەوەو دووچاری داخورانو داڕمان دەبێتو هەندێجاریش خۆکوژی ئەنجام دەدات.

هێشتا پرسیارێکی گرنگ مـاوە وەڵامـی بدەینەوە، ئەویش ئەوەیە مەبەستمان چییە لە گۆڕان لە روخسارەوە بەرەو ناخ؟ لە پێشەوە گوتمان پرسیارەکانی عەقڵ بەجۆرە زەبرێک خۆزگەکانی سۆز راپێچدەکات تا گوێ بۆ راستیو بۆ واقیع شل بکات. واتە هەرکاتێک عەقڵو سۆز رێککەوتنو یەکدەنگ بوون لە ئاڕاستەکردنی ژیاندا، ئەو کات گۆڕان لە روخسارەوە بەرەو ناخ گـوێـزراوەتـەوە. لێرەدا کە لیستی گۆڕان رۆڵی زەبری عەقڵی دەگێڕێت، هێشتا لە دۆخی روخساردایە. ئەرکی ئەو لیستە ئەوەیە کە هەم سۆزگەرایی خۆیو سۆزگەرایی ئەوانی دیکەش دەستکاری بکات. ئەی لە چیدا لەوانیتر جیانو لەچیدا لەوان دەچن؟ لەوەدا جیان، چونکە ئەوان بەشی پێشەوەی مێشکی خۆیان بزواندووەو وروژانـــدووەو ئەگەری ئـەوە لە ئـارادایـە کە دەستکاری سۆزگەرایی خۆیان بکەن. لەوان دەچن، چونکە هێشتا لە ئاستی سۆزگەرایی وەک ئەوان بیردەکەنەوە.

ئەگەر دیقەت بدەن، نەتەوەی کورد وەک یەک جەستە شی دەکەمەوەو دەمەوێت زانستییانە شرۆڤەی بکەم. وەک دیاردەیەک لێیدەڕوانمو زارەوەی سیاسی زۆر بەکارناهێنم. چونکە مەبەستمە زانستییانەو بێلایەنانە ئەو دیاردەیە بخوێنمەوە. رەنگە ئێستا خوێنەر لێم تێگەشتبێت بۆ لیستی گۆڕان بەباش دەزانـمو لەهەمانکاتدا خۆمی تێدا نابینمەوە. ئومێدەوارم قۆناغی پاش گۆڕانیش بخوڵقێتو نەتەوەی کورد بگاتە دۆخی راگوزەرو ئاستی نەتەوەکانی دی.

کەواتە لەبەر ئەو پێنج هۆکارەی سەرەوە کە خستمانەڕوو، لیستی گۆڕان دەتوانێت ببێتە ئەو میکانیزمەی کە کوردی باشوور لەم قۆناغەدا هەم لەڕووی سیاسییەوە کە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی پتەو هەم لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کە نەوەی نوێ لەدەستی باوان قوتار دەکات، خزمەت بە جەماوەری کوردی باشوور بەتایبەتی لاوەکان، بکات

گۆڕان لە رۆخـــ



ئازاد قەزاز / هۆڵەندا

گۆڕان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەهەمانکاتدا بەرگێکی سیاسیشی دەکرێتە بەر. بۆ ناسینەوەی هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەکی سیاسی، ناسینی مرۆڤیش تا بڵێی گرنگە، چونکە داخوازی پێداویستی و ئازارەکانی مرۆڤە دواجار مرۆڤ بەرەو ئەوەدەبات کە داوای گۆڕان بکات. کەواتە تاکی مرۆڤ پەیوەندی چییە بە گۆڕانکاری کۆمەڵو سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژییەکی سیاسی؟ لە ناو ناخی تاکی مرۆڤدا چی ڕووەدات تا ئەو دەرهاویشتەیە ببەخشێت؟ گەر ئەو دەرهاویشتەیە ئاراستەی دروستی خۆی وەرگرێت، چ کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگەش دەبێت؟

هەرچەندە ڕووداوی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی بەگشتی و ڕووداوی سیاسی بەتایبەتی، زۆر کەم دەبێتە هاندەرێک تا لەسەری بنووسم، یان دەربارەی ئەو ڕووداوانە ڕاوبۆچوونی خۆم ئاشکرابکەم، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت کە خوێندنەوەم بۆ ئەو ڕووداوانە نەبێت. نەخێر، ئەو ڕووداوانە گشتیان لەژێر دیاردەیەکی دیاریکراودا دەبینم کە بەپێویستمزانی ئەوا ئەو دیاردە زانستییانە دەخوێنمەوە و ئەو ڕووداوانەش گشتیان لەو دیاردەیەدا دەدۆزمەوە. ئەو هاندەرەی ئەمڕۆ ئەم بابەتەم پێدەنووسێت دیاردەی گۆڕانە. گۆڕان بەگشتی و گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردی باشووردا. مەبەستم لەگۆڕانی گشتی ئەو دیاردە سروشتی و مرۆییەیە کە بەردەوام لە گەردووندا لەمڕۆدا سەرهەڵدەدات. مەبەستیشم لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو مرۆڤانەن کە یەک چارەنووس و یەک سنوور دیاریکردوون و زمان و کلتوورو نەریتێکیش کۆیکردونەتەوە و سیماو سیمبوڵی ڕۆحێکی تایبەتیش دەیانناسێنێت بەدەرەوەی خۆیان. لەهەمانکاتیشدا تیشکیش دەخەینە سەر ئەو بزافەی هەنوکە گوزارشت لەو گۆڕانە دەکات.

گـۆڕان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەهەمانکاتدا بەرگێکی سیاسیشی دەکرێتە بـەر. بۆ ناسینەوەی هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەکی سیاسی، ناسینی مرۆڤیش تا بڵێی گرنگە، چونکە داخوازی پێداویستی و ئازارەکانی مرۆڤە دواجـار مـرۆڤ بـەرەو ئـەوەدەبـات کە داوای گۆڕان بکات. کەواتە تاکی مرۆڤ پەیوەندی چییە بە گۆڕانکاری کۆمەڵو سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژییەکی سیاسی؟ لە ناو ناخی تاکی مرۆڤدا چی ڕووەدات تا ئەو دەرهاویشتەیە ببەخشێت؟ گەر ئەو دەرهاویشتەیە ئاراستەی دروستی خۆی وەرگرێت، چ کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی بۆ تاکو بۆ کۆمەڵگەش دەبێت؟

لەهەمانکاتدا مرۆڤ کائینێکی پاسیڤ نییە هەروا ڕێگە بدات بە سادەیی گۆڕان بەشێوەیەکی سروشتی ڕووبـدات و بەرژەوەندییەکانیشی لەدەستبدات. بەرگرییەکی کوشندەدەکات و بەربەستێکی زۆروزەبەندە دەخاتە ڕێگەی ئەو گۆڕینە. بەڵام بەدیوەکەی دیکەشدا ئەوەی کە ئاڵای گۆڕین هەڵدەگرێت ئەویش هەر مرۆڤێکی پاسیڤ نییەو هەروا گوێ لەدەنگی سروشت بگرێت داوای گۆڕان بکات. کەواتە مرۆڤ بەگشتی ئەوەی کە بەر بەگۆڕان دەگرێت و ئەوەیشی پاڵ بەگۆڕانەوە دەنێت، ئەکتیڤانە ئایدیۆلۆژیەک دەکەنەبەر مەبەستەکەیان و جـوانـی خـۆیـان و ناشرینی ئەوانیتر دەخەنەڕوو. بەڵام کاتێک دیاردەی گۆڕان دەگاتە ئاستێک کە مرۆڤ ناتوانێت نکوڵی لێبکات، ئەو کات هـەردوو بەرە بەناوی گۆڕان و پێشکەوتن و نوێبوونەوە خۆیان دەخەنەڕوو.

جا بۆئەوەی لەم گەمەیە تێبگەین و گێلانە نەکەوینە بـەرەی کەسیانەوەو زانستییانە ئەو دیاردەیە بخوێنینەوە، دەبێت کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی ئەو بزافە بکەین کە بەناوی گۆڕانەوە دەدوێت. لەپاشاندا هـەوڵـدەدەیـن گـۆڕان لەناخی مرۆڤەوە بخوێنینەوەو لەوێوە دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانە لەناو کۆمەڵگەدا بخوێنینەوە. لەهەمانکاتیشدا ڕای تایبەتی خۆم لەمەڕ لیستی گـۆڕان ئاشکرا بکەمو ئـەوەش ڕوونکەمەوە بۆ ئەم لیستە بەباش دەزانمو کەچی خۆشمی تێدا نابینمەوە.

کۆمەڵگە کاراکتەرێکی دینامیکی لەخۆگرتووە، هـەروەک تێکڕای زانایانی مـرۆنـاسـیـو کۆمەڵناسی لـەوبـارەوە یەکدەنگن، چونکە ئەو تاکانەی کە ئەو کۆمەڵگەیەیان پێکهێناوە، بەهەمانشێوە هەڵگری کاراکتەرێکی دینامیکین هەروەک دەرونـنـاسـان لەسەر ئـەوە یەکدەنگن. واتـە دنیای مـرۆڤ دنیایەکە بـەردەوام لە گۆڕانایە. لـەم فـەزایـەدا کە گـۆڕان داگیریکردووە، چەمکی ریفۆرم، کودەتا، ئۆپۆزسیۆن، ڕاپەڕینو چەندین چەمکی دی کە گوزارشت لە بزاوتی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەکەن، سەرهەڵدەدەن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا گرنگەو دەبێت بکرێت ئـەوەیـە: ئـەی کە مـرۆڤ خۆی لە گـۆڕانـدایـە، ئیدی ئـەم هەموو دادو بێدادییە لە دەستی نەگۆڕان چییە، وا لە مرۆڤ بەرزدەبێتەوە؟ ئەی ئەم هەمکە جەنگو شـۆڕشو وێرانکارییانە لەپای چی؟ دیسانەوە پرسیاری زۆروزەبەندە سەبارەت بە گۆڕانو گۆڕانکاری بەلێشاو خۆی قوتدەکاتەوە وەک:

ئەوانە کێن کە بە نەگۆڕان تۆمەتبار دەکرێنو ئەوانە کێن کە بەناوی گۆڕانەوە دەدوێـن؟ جگە لەمانە ئەی پرسی گۆڕان خۆی چییەو چی دەگەێنێت؟ ئایا گۆڕان پرۆسەیەکە، یـان دیـاردەیـەکـە کتوپڕ سەرهەڵدەدات؟ ئەو گۆڕانە لەدەوروبەری مرۆڤدا ڕوودەدات یان لەناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت یان دەرئەنجامی کارلێکردنی دەوروبەرو مرۆڤە؟ بۆ دەبێت ئەم دیاردەی گۆڕانە هەر لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەرکەوێت؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت ئاراستەی گـۆڕان بگۆڕێت؟ مـرۆڤ کە خوازیاری گۆڕانە، چی گەرەکە؟ ئەوەی گەرەکیەتی تاچەند ڕەوایە؟ ئایا ئامانجەکەی بەڕوونی دیاریکردووەو نیشانەی پێکاوە؟ خاڵی هاوبەش لەنێوان گۆڕانو نەگۆڕاندا چییە؟ مەرجە گشت گۆڕانێک بە ئاراستەیەکی دڕووستدا بڕوات؟

ئەم پرسیارانەو زۆر پرسیاری دیکەش سەبارەت بە گۆڕان لە گۆڕێدایەو وەڵامیان گەرەکە. گەر هـەردوو دیوەکەی گۆڕان بەدینەکەین، ئـەوا لە گۆڕاندا بەهەڵەدا دەچین و کارەساتو نائومێدی لێدەکەوێتەوە. ئەو دوو دیوەش گۆڕانی ڕوخسارو گۆڕانی ناخە. ئایا ڕوخسار پێش ناخ دەگۆڕێت، یان بە پێچەوانەوەیە؟ ڕوخسار چییەو ناخ چییە؟ ئەو پرسیارەش زۆر گرنگە کە ئایا گۆڕان لە کوێوە دەستپێدەکات؟ لەناخی تاکێکەوە هەڵدەقوڵێتو سەر بەرەو کۆمەڵ دەکێشێت یان بەپێچەوانەوەیە؟

ئەمجارە پرسیارەکانمان تایبەت دەکەینەوەو ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردی باشووری دەکەین. ئایا دۆخی ئێستای کورد لە گۆڕاندایە یان لە نەگۆڕاندایە؟ ئەگەر لە گۆڕاندایە، گۆڕانی ڕوخسارە یان گۆڕانی ناخە؟ گۆڕانێکی ڕاگـوزەرە یان گۆڕانی جومگەیەکە لە قۆناغەکانی گۆڕان؟ پاڵنەرو هۆکارەکانی ئەو گۆڕانە چین و کێن؟ گۆڕانەکە دروستە یان نادروستە؟ ئەم گۆڕانە ڕابـردووی هەیە یان کتوپڕە؟ بەڕەهەمی چ پرۆسەو پرۆژەیەکە؟ دروشمەکانیان چین و تا چەند واقعین و جێبەجێدەکرێن؟ ئایا ئەم گۆڕانە لە ژێی هەستیاریی سیاسیو کلتووریو کۆمەڵایەتی دەدات؟ یان تەنیا دروشمێکی بەرزکردووەتەوە تا نەیارەکانی ناشرین بکات؟ تا چ ئاستێک بەئاراستەیەکی دروستدا دەڕوات و ئامانجەکەی دەپێکێت؟ ئایا ئەم جۆرە گۆڕانە، بەردەوامی پرۆسەی گۆڕان واتە جومگەو قۆناغەکانی ئایندەی گـۆڕان مسۆگەر دەکـات، یان هـەروەک ئەوانی پێشخۆی لە ئاستی ئاستەنگەکاندا چـۆک دادەدات و ئـاراسـتـەی گـۆڕان لەبری هەڵچوون سەرەوشۆڕ دەکاتەوە؟ سەرچاوە مەعریفییەکانی ئەم گۆڕانە چین و کێن؟ ئایا زانستو فەلسەفەو ئەخلاقە؟ گەر مەعریفەیان هەیە، ئەو مەعریفەیە چ ڕێبازێکی فەلسەفی و ڕوحی هەڵبژاردووە؟ سـەرچـاوەی بزاوتنیان بـەرژەوەنـدی و وەرگرتنی دەسـەڵاتە یان هەڵرشتنی ڕق و کینەی چەندین ساڵەی رابـردووە؟ ئەم بوونەوەرەی کە ئاڵای گۆڕانی هەڵگرتووە، خۆی لەناخدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە یان گۆڕانێکی ڕوخسارییەو لەکاتی دەسـەڵاتدا بەئاسانی دەگەڕێتەوە دۆخی نەگۆڕاوی خۆی؟ واتە ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی فیزیاییە یان گۆڕانێکی کیمیاییە؟

مـرۆڤ بـەردەوام دوو پاڵنەری دژ بەیەک دەبزوێنێت، کارەکتەری عەقڵی کە پرسیار دەوروژێنێتو کاراکتەری سۆز کە ئاراستەی عەقڵیان دەوەستێنێت، یان گەر بۆی نەکرا، بەرەو بەرژەوەندیی خۆی ئەو ئاراستەیە دەگۆڕێت. وەلێ ئەم ڕەفتارەی مـرۆڤ ئـەوە ناگەیێنێت کە لە بنەڕەتدا ئەم دوو کاراکتەرە دژ بەیەک بن، نەخێر ئەوە مرۆڤە ئەو دژایەتییە بەهۆی ترسەوە دەخولقێنێت، دەنا مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت بەهاوسەنگی ئەو دوو دۆخە بگوزەڕێنێت.

ئـیـدی بـنـەڕەتـی گشت گۆڕانێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، لەبەریەککەوتنو کارلەیەککردنی ئـەم سێ توخمەدا (عەقڵ، سۆزو ترس) دا خۆی دەبینێتەوە. فـۆرمو ئـاراسـتـەو تـەوژمـی جـیـاوازی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەردەگـرێـت. هەرچەندە ترس لەڕووی سایکۆلۆژییەوە دەکەوێتە چێوەی سۆزەوە، وەلێ لێرەدا لەبەر گرنگی ئەو توخمە لە دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتیدا، جیای دەکەمەوە. بەپێویستی دەزانـم ئـەوەش بەخوێنەر بگەیەنم کە تەنانەت لە ناو مێشکی گشت مرۆڤێکدا ئەو دوو کاراکتەرە (عەقڵو سۆز) مەڵبەندی تایبەتی خۆیانیان هەیە. دەوروبـەری سروشتیو کۆمەڵایەتیش ئەم دوو مەڵبەندە دەوروژێنێتو مرۆڤیش بەگوێرەی ئاستی هۆشیاری خۆی لەو ورۆژانـە دەسـتـوەردەدات، هـەروەک لەپێشەوە ئاماژەمان بـۆکـرد، چونکە مـرۆڤ کائینێکی ئەکتیڤە نەک پاسیڤ لە ئاست ڕووداوەکـانـی سروشتدا. ئەم بۆچوونەی پێشەوە سەر بۆئەوە دەکێشت کە گـۆڕان لە تاکێکەوە دەستپێدەکات و پاشان جەماوەریشی تێوەدەئاڵێت. یان ئەوەیە کە ئەو جەماوەرە بەبۆچوونەکانی ئەو تاکەی هۆشیاربووەتەوە، ئەوانیش هۆشیاردەبنەوە یان ئەوەتا ئەوانیش وەک ئەو تاکە دەرەنجامی کارلێکردنیان لەتەک دەوروبـەردا دەرکـیـان بـەو پێویستییە کـردووە، وەلـێ ئـەو تاکە توانیویەتی داهێنەرانە گوزارشت لەداخوازییەکانی ئەوانی دیکەش بکات. یاخود ئەو تاکە دەسەڵاتێکی سیمبوڵی وەرگـرتـووەو سەرمایەیەکی ڕەمزی وای وەرگرتووە کە دەتوانێت جەماوەری پێویست لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین گۆڕان پەیوەستە بە داخوازییەکانی مرۆڤەوە. داخوازییەکانی مرۆڤە دەبێتە خولقێنەری ئەو میکانیزمانەی کە مرۆڤ بتوانێت خودی خۆی پێدابین بکات. ئەگەر داخوازییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی کلاسیکی دابەش بکەینە سەر دووبەشی سەرەکی ئەوا مەبەستمان لە داخوازییەکانی جەستەو داخوازییەکانی ڕۆحە. هـەروەک داخوازییەکانی جەستە زانستی جـۆراوجـۆرو داخوازییەکانی ڕۆح فەلسەفەی جۆراوجۆر دەخولقێنن، لەهەمانکاتیشدا ئەو داخوازییانە چەندین ڕێبازی سیاسیی ئاینیو کۆمەڵایەتیش دەخەنەڕوو.

گەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی سـەرەوە کۆمەڵگەی کـوردی باشوور بخوێنینەوە، تێدەگەین بۆچی لیستی گۆڕان سەرهەڵدەداتو هۆی چییە هیوایەکی گەر کزیش بێت، لەم ساتەوەختەدا گرنگیو بایەخی خۆی دەبێت. لەگەڵ ئەم هیوا کزەشدا کە بەو لیستەی دەبەخشین ئەو پرسیارانەش کە لەپێشەوە خستمانەڕوو، ئـەو لیستە لێیان قـوتـار نابێت. ئەو پرسیارانەی سـەرەوە گرنگە ئاراستەی لیستی گـۆڕان بکرێت، تامرۆڤی کورد لەدۆخی هۆشیاریدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە من خۆم لە لیستی گۆڕان یان باشترواید بڵێین بزافی گۆڕانی هەنوکەیی کوردستانی باشووردا، نابینمەوە، لەگەڵ ئەوسەرنجانەی سەبارەت بە دروشمو گوتارەکانیان هەمە، سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفەو فەلسەفەیەکی پتەو لەپشتی ئەم بزافەوە نادۆزمەوە، لەسەرووی ئەمانەوە گشتی، ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی جەوهەریو قۆناغێکی ڕاگوێزەر نییە، لەتەک ئەمانەو شتی دیکەشدا، لیستی گۆڕان لەم کاتەدا بەباش دەزانمو گرنگ هەڵیدەسەنگێنم.

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن لە کەلار
ژمارە: ١١٢/ج م/٢٠٠٩
بۆ/ تۆمەتبار هەڵهاتوو (پشتیوان عطا فاتح) نیشتەجێی کەلار گەڕەکی فەرمانبەرانی جاران و ئێستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە.
لە پەڕاوی ژمارە (١١٢/ج م/٢٠٠٩) تۆمەتباریت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لە یاسای سزادان، بۆیە رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٦) دیاری کراوە بۆ دادگایی کردنت، جا پێویستە لەو رۆژەدا لەم دادگایە ئامادەبیت یان خۆت بدەیت بە دەستەوە بۆ ئامادەکردنت، بە پێچەوانەوە بە شێوەی (پاشملە) دادگایی دەکرێیت.

دادوەر
عباس محی الدین قادر

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی پێنجوێن
ژمارەی داوا: ٩٩/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٢

«ئاگانامە»

داواکار/ نسرین عبدول سعید
داوالێکراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پێنجوێن وێڕای کارەکەی
داواکار (نسرین عبدول سعید) داوایەکی بەو ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەر داوالێکراو راستگری تۆماری باری شارستانی پێنجوێن وێڕای کارەکەی بە مەبەست گۆڕینی ناوی (خۆی) لە (نسرین)ەوە بۆ (ناسکە) بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیارماندا بە بڵاوکردنەوەی جا هەرکەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناوگۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەوە ئەم داوایە دەبینرێت بە گوێرەی یاسا...

دادوەر
طاهر علی حسن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی
ژمارە/ ٣٩٧/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٨

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو شیراز علی محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١٤) لە یاسای (مادە هۆشبەرەکان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوات نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٧) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی
ژمارە/ ٢٠٥/ج/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو رابەر احمد محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣١/٤٠٥) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئەزمەڕ) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوات نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٩/٩) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی
ژمارە/ ٤٣٩/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٥

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو دانا عمر عبدالله
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوات نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/١٠/١) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی
ژمارە/ ٤٤٣/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٥

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو اکرم سعید عزیزو عمر سعید عزیزو سعید عزیز احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٠٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سید صادق) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوات نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٩/٣) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٤ – R٤
پرۆژە: دروستکردنی قوتابخانەی شەش پۆلی بەهار لە زەڕایەن.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن لە کەلار
ژمارە: ٣٩/ج م/٢٠٠٩
بۆ/ تۆمەتبار هەڵهاتوو (خلیل علی محمد) نیشتەجێی کەلار گەڕەکی گۆڕانی جاران و ئێستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە.
لە پەڕاوی ژمارە (٣٩/ج م/٢٠٠٩) تۆمەتباریت بەپێی ماددەی (٢٣) لە یاسای سزادان، بۆیە رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٧) دیاری کراوە بۆ دادگایی کردنت، جا پێویستە لەو رۆژەدا لەم دادگایە ئامادەبیت یان خۆت بدەیت بە دەستەوە بۆ ئامادەکردنت، بە پێچەوانەوە بە شێوەی (پاشملە) دادگایی دەکرێیت.

دادوەر
عباس محی الدین قادر

محكمة جنح
كلار
رقم الدعوى ٤٠٤/ج/٢٠٠٨
التاريخ ٢٠٠٩/٦/١٠
تشكلت محكمة جنح كلار بتاريخ ٢٠٠٩/٦/١٠ من قاضيها السيد عباس محي الدين قادر المأذون بالقضاء بأسم الشعب و اصدرت القرار الآتي: ـ
المدان/ محمد عبدالكريم سعيد
قرار الحكم: ـ
قررت المحكمه مايلي: ـ
الحكم على المدان محمد عبدالكريم سعيد غيابياً لمدة شهرين وفق أحكام المادة ١/٢١ من قانون المرور واصدار أمر القبض عليه وفق احكام المادة ١٤٩/ج من قانون اصول المحاكمات الجزائيه وتبليغيه بالقرار نشراً بالاعلان في صحيفتين محليتين استناداً للمواد ١٤٣و ٢٣٤ من قانون اصول المحاكمات الجزائيه حكماً غيابياً قابلاً للاعتراض و التميز و صدر استناداء لاحكام الماده ١٨٢/م من قانون إصول المحاكمات الجزائيه وافهم علناً في ٢٠٠٩/٦/١٠.

القاضي
عباس محي الدين قادر

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٤٣/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو ئامانج عبدالله أمین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی (٤٦٠) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (تەکیە) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٦) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژدا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

الحاكم
عزالدين رەحمان سليمان

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٠٨ – R٢
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی دارستانی سەنگاو (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٠ – R١
پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ خانووەکانی کۆمپانیای هیرۆن زۆن (١).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

گۆڕان: ئاشتکردنەوەی راستیو دەسەڵات



سەردار عەزیز

گـۆڕان، یەکێک لە ماناکانی، لە نێو ژمارەیەکی بێپایان لە مانای دیکەدا، یانی ئاشتکردنەوەی دەسەڵاتو راستی. لەم کورتە نووسینەدا دەمەوێت تۆزێک بە چڕی دەربـارەی پەیوەندیی ئەم دوانە بـدوێـم. دەســـەڵاتو راسـتـی هەرگیز لەیەک جودا نینو هیچ دەسەڵاتێک نییە بەبێ راستی، چونکە وەک پێویستییەک هەموو دەسـەڵاتـێـک هەمیشە راستی خۆی بەرهەمدەهێنێت، کەواتە راستی بەرهەمهێنراوە. ئەم بەرهەمهێنراوەش رەنگدانەوەی بەرژەوەندیو خواستو پێویستی ئەوانەیە کە دەسەڵاتیان هەیە. ئەمە تێزێکی مارکسیانەیە. فۆکۆ ئەمە گەشە پێدەداتو ناوی دەنێت سیاسەتی راستی. بەلای ئەوەوە راستی ئەو بەهایە نییە لە جێگایەکی پیرۆزەوە بێت، یان پێویست بەوە بکات هەتا بچیتە خەڵوەت یـان گۆشەگیری بـۆ بگریت. راستی بەرهەمدەهێنرێت وەک پێداویستییەکی پێویست.

لای هەمووان ئاشکرایە کە دەسەڵاتی کوردی لە رێگەی دەزگاکانییەوە بەردەوام، وەک جۆرێک لە دەسەڵات لە بەرهەمهێنانی راستی تایبەت بە خۆیدایە. ئەم راستییە سنووردارو تایبەتە. کەواتە خەسڵەتێکی ئاینی هەیە. پیرۆزە، هێڵی سـووری لە دەورکێشراوە، شاراوەیە، پڕە لە بێدەنگی. جیاوازیی ئەم راستییە لەوەدایە کە ئامادە نییە دان بەوەدا بنێت کە بەشێکە لە پۆلەتیکی یان سیاسەتی راستی. بەمانایەکی دیکە راستییەکە کە رەنگدانەوەی دەسەڵاتێکی سـنـووردارو تایبەتە. لە دەرئەنجامدا ئامادەنییە بکەوێتە گفتوگۆ، چونکە کاتێک ئیمە وشـەی سیاسەتمان نوساند بە راستییەوە مانای ئەوەیە کە ئەو راستییە دەبێت مایەی گفتوگۆبێت، مایەی گۆڕینەوە بێت. چونکە دوا ئەنجامی سیاسەت ئەوەیە کە هاوسەنگییەکو هاوبەشییەک لە نێوان جیاوازەکاندا بهێنێتە ئاراوە، لە نێو کۆمەڵگەدا.

خەسڵەتی ئـەم راستییە کوردییە لەوەدایە کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وەها خۆی پیشاندات کە بڕێکی زۆری نۆرماڵە. ئەمە بەو مانایە، دەرهاوێشتەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە. کە لە خۆی، لە بەهای وەک ئاینو خێزانو عەشیرەت، ئەمە لە لایەک وەک بنەما نا مۆدرێنەکانو لە لایەکی دیکەوە هەروەها نۆرماڵە لەگەڵ بەها مۆدرێنەکان وەک شۆڕش، خەبات، ماف، هتد. مەبەست لە پێکەوە گرێدانی ئەم جیاوازانە ئەوەیە کە سیستمێک بێتە ئـاراوە، راستییەک بەرهەمبهێنێت کە لە ساتەوەختی خۆ نمایشکردنیدا وەک ئاسایی‌و نۆرماڵ بێتە بەرچاو.

ئاسایی یـان نۆرماڵ ئەوەیە بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی حەپەسانو تێڕامانو پرسیارکردن ئێمە لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکەین. بەو مانایە وەک دیاردەیەکی سروشتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. کاتێک سیستمێک سەرکەوتوو دەبێت لە بە ئاساییکردنی بەشێکی زۆری راستییەکانی ئەوا دەبێتە سیستمێک بەتەمەن، ماوە، درێژەپێدەر.

بەڵام گۆڕان ئەرکی چییە لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پـێـدا، یەکێک لـە ئەرکەکانی ئەوەیە کـە راسـتـیو دەســـەڵات ئاشتکاتەوە. مەبەستمان چییە لە راستی. ئەگەر هەموو سیستمێک راستی خۆی بەرهەمبهێنێت ئەوا لە دەرئەنجامدا هەمووان راستن. بەڵی وایـە. بـەڵام هەمووان راستن لە روانگەی خۆیانەوە، لە بەرژەوەندیی خۆیانەوە، لە دیدی خۆیانەوە. کەواتە راستییەکی سەرتاپاگیری نییە. لە کۆمەڵگەدا راستییەکان هەن، یان راستتر بڵیین دیدو بەرژەوەندییە جیاوازەکان هەن لە بینینی راستیدا. لەم پێگەیەوە کاتێک دەســـەڵات ئامادەیە تەنیا راستی خۆی بەراستی گومان هەڵنەگرو تەواوو پڕاوپڕ بزانێت ئەوا دیدێکی تایبەت لە راستی دەکاتە راستییەکی گشتی. هەمیشە ئەم بەگشتکردنە تایبەتە پێویستی بە هێزە، پێویستی بە توندوتیژییە. چونکە ئەم راستییە بۆئەوەی سەرکەوتووبێت لە سەرتاپاگیرێتیدا ئەوا ناچارە بە کپکردنی راستییەکانی دیکە.

کاتێک دەسەڵاتی کوردی شێوازەکانی دیکەی راستی، دیدەکانی دیکەی راستی، بە کرێگیراوی بیانیو تابووری پێنج شتی دیکە لەوجۆرە لەقەڵەم دەدات ئەوا لە ئەنجامدا ناچارە راستییەکەی خۆی، راستییە تاقانەکە، بکاتە چقڵی چاو.

کاتێک خەسڵەتێکی گۆڕان دەکەینە ئاشتکردنەوەی راسـتـیو دەســـەڵات، بەومانایەیە کە دەســـەڵات لە میانەی بەرهەمهێنانی راستیدا دەبێت کراوەو سنگفراون بێت لە بەرامبەر راستییەکانی دیکەدا. کەواتە کاتێک سیستمی گۆڕاوی بونیادنراو، راستی خۆی بەرهەمدەهێنێت، ئامادەبێت، بە روونیو کراوەیی لەگەڵ راستییەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بیخاتە ململانێوە بۆ ئەوەی ئەو راستییە ببێتە باڵادەست کە نزیکە لە دیدی زۆرینەی کۆمەڵگەوە، چونکە ئێمە دەبێت ئەو راستییە لە بەرجاوبگرین کە هیچ دەسەڵاتێک نییە بتوانێت ببێتە خاوەن راستییەک کە سەرتاپا کۆمەڵگە بە راستی خۆیانی بزانن. بەڵام ئەم کەلێنە پڕ نەکراوەی راستی، لە راستیدا بەسوودە. بە سوودە، چونکە دەبێت دەروازەیـەک بۆ خۆ پاراستن لە دۆگما. دۆگما وەک نیتچە پێماندەڵێت دژ بە راستییە. بۆ نموونە کاتێک دەسەڵاتێکی ئاینی کـە خـاوەن جـۆرێـک راستی سەرومرۆڤەو ئامادەیە بەبێ گفتوگۆ بە سەر مرۆڤەکانیدا بسەپێنێت ئەوا هەمیشە ناچارە توندوتیژی بەکاربهێنێت.

ئێمە خوازیارین دەسەڵاتی داهاتووی کـوردی دەسـەڵاتـێـکـی گـۆڕاوبـێـت. دەسەڵاتێک کە لەگەڵ راستیدا لە ئاشتی دابێت. ئەمەش بەو مانایە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابێت کە بگاتە ئەو راستییەی کە بەلای زۆرینەوە راستە. ئەمەش تەنیا لە رێگەی گفتوگۆو دایالۆگو لێکگەیشتنەوە دێتە ئەنجام. گۆڕینەوەو لێکگەیشتنی راستییەکان تەنیا لە رێگەی وشەوە دەبێت، نەک فیشەک. ئێمە وەک نەتەوەیەک کە لە بەردەم ژمارەیەکی بێشومار مەترسیداین، پێویستمان بە دەسەڵاتێکە کە بەشێک بێت لە جەستەی کۆمەڵگە. نەک دەسەڵاتێک لە دەرەوە یان لە سـەرەوەی کۆمەڵگە، ئەندامانی کۆمەڵگە بۆئەوەی پێی بگەن پێویستیان بەوەبێت خۆیان پاکبکەنەوە، تەزکیەبکەن. کە لە راستیدا تەزکیەیە لە بەهاکانی مرۆڤ بوون، بۆئەوەی ئامادەبێت بۆ هەموو شێوە سەرشۆڕییەک.

کاتێک دەســـەڵات لەگەڵ راستیدا لـە ئاشتیدایە ئـەوا دەسەڵاتێکە کە، رەنگاڵەیە، چوستوچالاکە، هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، گەشەدەکات، هەمووان بە موڵکو ماڵی خۆیانی دەزانن.

ئیرادەی گۆڕان ئیرادەی جەماوەری کوردستانە..



غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

«ئێمە رابـردوومـان خۆشدەوێت لەبەرئەوەی رۆیی، ئەگەر بگەڕێتەوە رقمان لێی دەبێتەوە».

-ئیدیۆمێکی جیهانییە-

لەم رۆژانەشدا بە هەموو لایەکیانو بیرو بۆچوونێکیانو چینو توێژێکیان کۆشش دەکـەن، بۆ ئـەوەی رابـردووی هـەژدە ساڵی ئـەم دەسـەڵاتـی کوردیە نەگەڕێتەوە، ئەگەر بەچاکسازیی بنەڕەتی بێت یان بە گۆڕین بێت. سەرەڕای ئەوەی لەمەوبەر رێـزیـان لێی دەگـرت، بەڵام ناجۆریەکانی بەکارهێنانو زەوتکردنی مافە گشتیەکان لەلایەن تاکەکانی ئەو دەسـەڵاتـەوە، یان لەلایەن ناوەندەکانی ئەو دەسەڵاتەوە، ئەو رێزەی لەدەستداوە. هەشە لەلای بەرامبەرەوە دەیەوێت ئەو رابـردووە چەقببەستێتو نەگۆڕبێت، دۆخـەکـە بـە هـەنـدێـک پینەو پـەڕۆی دەسـەڵات بمێنێتەوە، بۆیە بەلاشتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر پرۆسێسی گۆڕان بەتایبەتی دوژمنی سەرسەختی هەبێت، چونکە گـۆڕان بیانەوێتو نەیانەوێت پرۆسێسێکی هەڵتەکێنەری سیستمە کۆنەویستو دەسەڵاتە خۆسەپێنەرو خەڵکە توفەیلیەکانی گۆڕەپانی سیاسیە لە هەموو دنیادا بەگشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی، ئەوانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی جیهان یان لە کوردستاندا دژایەتی گۆڕان دەکەن، پێتانوانەبێت لەبەرەی میللەتو چینی چەوساوەو بەشخوراوبن، تەنانەت لـە پەیوەندییە ئـابـووریو کلتوریو فەرهەنگیەکانیشدا، ئاسمانو رێسمانن. بۆیە دەسـەڵاتـی تـازە پێگەیشتووی بۆرژواکانی ناو دەسەڵاتی کوردی کە لە رێگای ئیستغلالکردنی رابردووی تێکۆشانی خۆیانەوە دەستیان کـەووتـوە، هێشتا پێیانوایە بە خەونە نەخۆشەکانی خۆیان نەگەیشتوون، بۆیە ئامادە نین تەنانەت سازشێکی کاتیش لەگەڵ جەماوەردا بکەن. بۆ نموونە هەر لەم چەنانەدا یەکێک لە بەرپرسەکانی دەسەڵات وتبووی خوێنمان داوە، بە خوێن نەبێت جێی ناهێلین!. خەڵکیش دەپرسێت نازانین خوێنی ئەوان بوو، یان خوێنی شەهیدان بوو، خوێنی ئەنفالەکان بوو، یان خوێنی هەڵەبجەو گەرمیان بوو، یان خوێنی بە کوشتدراوەکانی شەڕی ناوخۆ بوو کە ئەوان زەوتیانکرد؟!. بۆیە رووبـەڕووبـوونـەوەی ئـەم عەقڵیەتو ئەجێندایانە یەکڕیزیو یەک بۆچوونو یەک بڕیاریی دەوێت، چونکە ئەوان بڕوایان بە حەتمیەتی گـۆڕان نییە، هەر ئەوانیشن کە مێژوویان نەخوێندووەتەوە ئەمڕۆش جـەمـاوەری ستەمدیدەی کوردستان لەبەردەم دوو رێگادایە: یان بەشداربوون لە پرۆسێسی گۆڕانو هەڵتەکاندنی ئەو عەقلیەتانە، یان بێدەنگ بوونو رازیبوون بە پاشایەتی ئەم دەسەڵاتە بۆ هەتا هەتایە لە کوردستاندا، پێموایە پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانیش لەلایەن پەرلەمانەکەیانەوە باشترین بەڵگەیە. من لەم نووسینانەمدا بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆمە وەکو تاکێکو نووسەرێکی کوردو هیچی دیکە، وەکو (ئەدوارد سەعید) یش دەڵێت: «روناکبیر دەبێت کەسێک بێت نە حکومەتەکانو نە کۆمپانیا گەورەکان بە ئاسانی ئیحتیوای نەکەن ئەو کەسەی کە پاکانەی بوونی ئەوەیە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکو کێشانە دەکات کە بە شێوەیەکی رۆتینی لەبیرکراون، یان لەژێر بەڕەکە گسک دراون، روناکبیر ئەوە دەکات کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕە گشتیەکانە کە هەموو خەڵکی شیاون بۆ رەچاوکردنی رەوشتی گونجاوی تایبەتی ژیانو دادپەروەریی لە هێزە دنیاییەکانو نەتەوەکان، پێشێلکردنی هەر یەکێک لەو پێوەرانە بە ئەنقەست یان بە نائەنقەست بێت، دەبێت دژی شایەتی بداتو ئازایانە لە پێناویدا بجەنگێت».

ئێمەی نووسەرو روناکبیران کاتێک قسەدەکەین بۆ خۆمان نییە، بۆ نوخبەش نییە، بگرە بۆ ئەو کەسانەیە دەتوانن بەویستی خـۆیـانو ئـیـرادەی خۆیان بیانەوێت مێژووی نوێ دروستبکەن، ئەرکی سەرەکیش لە ئەستۆی ئەواندایە، لـەبـەرئـەوەی نوخبەویەکان ئەوانەی داوای چاکسازییو گۆڕان دەکەن، وەکو عەلی حەرب دەڵێت: «خۆیان بەشێکن لە گرفتەکە، چونکە ئەوانە پێش هەموو کەسێک پێویستیان بـە چاکسازی خۆیان هەیە، دەبێت سیاسەتی فیکریو سیستمی قەناعەتەکانیان بگۆڕن. بۆیە گـۆڕان ئەوەندەی ئیشی راستەوخۆی ئەو جەماوەرە توڕەو بێبەشەیە، ئەوەندە ئیشی نوخبەی روناکبیر نییە، ئەگەرچی نوخبە دەتوانێت ئاراستەبکات، بەشداری بکات، ئەمڕۆ رۆڵی نوخبەو نووسەران ئەوەیە دەسنیشانی هەڵەکان، گەندەڵیەکان، مەترسییە نەتەوەییەکان، تاوانەکانی فەرمانڕەوایی وڵات بکەن. هەرچەندە بەشێکن لە گرفتەکە، دەشبێت بەشێکی گـەورەش بن لە گرەوەکانی گـۆڕانو چاکسازی. دەشێت روناکبیری نوخبەوی بتوانێت ببێتە سیاسەتمەدار، بەڵام زەحمەتە سیاسەتمەدار ببێتە روناکبیری نوخبەوی..

لەم هەلومەرجەی ئیستادا دەبێت بە جەماوەر بڵێن دەبێ تواناکانیان چڕکەنەوە، وزەکانیان تۆکمەبکەن، بۆ چوونەکانیان یەکخەن، لە هەموو جێگەو رێگەیەکدا قسەیان بۆ بکەن، بەرچاویان روونبکەنەوە، واز لە بانگەشەکردنی کلاسیکی بهێننو بەرنامەکانیان بۆ روونبکەنەوە، خراپەو سەقەتیو زەرەرمـەنـدیـی دەسەڵاتی هەژدە ساڵی پێشوویان بۆ بەیانبکەن، چونکە جەماوەری بەرفراوانی کوردستان بێبەشو زوڵملێکراوی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتین، جەماوەرێکی دەست سپیو بێچەک، تەنیا چەک کە هەیەتی چەکی رقو تووڕەبوونییەتی لە دەسـەڵاتو بێبەشبوونپەتی، بەرامبەر بە خەڵکێک هەژدە ساڵە بە هەموو شتێک خۆیان پڕ چەک کردووە بۆ مانەوەی هەتا هەتاییان، ئامادەشن ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بیکەنە پاشایەتیو لەڕێگەی ئەو دەستوورەی کە خەریکە بەزۆر بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەیسەپێنن تا کوڕاوکوڕ بیخۆنو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە بێئیرادەیی دیموکراسی بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. ئەمڕۆش کە دیموکراسیان پێ قبوڵە لە ترسی فشاری دەرەکیو نێو دەوڵەتیە، ئەگینا وەکو هەژدە ساڵی پێشوو کە لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی سەقەتو ناکامڵەوە دەسەڵاتیان داگیرکرد ئاوهایان دەکـرد، هەرچەندە ئیستاش خەریکە لەڕێگەی ئەو دەستوورەی کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی ناشەرعی تێپەڕیکەن، ئەوە بکەن.

پێموایە کەس دژی ئەو دەسەڵاتە نەدەوستاو رەخنەی نەدەگرت، ئەگەر لە ماوەی ئەو هەژدە ساڵە هەرچی بۆ هاتووە لە داهاتی دەرەکیو ناوەوەو لە بودجەی حکومەتی ناوەند، کوردستانی بەشێوەیەکی رێکوپێک پێ ئـاوەدان بکردایەتەوە، ئەگەر کاری بۆ هـەزاران گەنجی کورد دەستەبەر بکردایە، بۆ ئەوەی رێگەی ئاوارەیی نەگرنەبەرو بەرژەوەندی ژیان بەرنەسەر، ئەگەر خزمەتگوزاری تۆکمەی بۆ شارو لادێکانی کوردستان ئەنجامبدایە، ئەگەر ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانی بە کەرکوکیشەوە بهێنایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر لادێکانی گەرمیانی ئـاوەدان بکردایەتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی عادیلانە مـووچـەی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان دابەشکردبایە، نەک کەسێک مووچەی (١٠) ملێون دینار بێت، کەسێکی دیکە مووچەکەی (١٥٠) هەزار دینار بێت، ئەگەرچی بڕوانامەی خـاوەن مووچە زۆرەکـە نزمتر بێت لە بڕوانامەی خاوەن مووچە کەمەکە، ئەگەر بازاڕی کوردستانی بەشێوەیەکی مۆدێرن رێکبخستایە، ئەگەر دەزگایەکی پلاندانانی هاوچەرخی دابمەزراندایە بۆ بنیاتنانەوەی وڵات بەشێوەیەکی هاوچەرخانە کە ئەم هەمووە لەو ماوەی ئەو هەژدە ساڵەدا بەچاکی دەکـراو، بەو پارە قەبانەش کە بێسەرو شوێنکران، دەکران. ئەوسا ئەگەر کەسێکیش گازندەی بکردایە دەمی خوار دەبوو!. بەڵام ئەو هەمووەی باسمان کرد پێچەوانەکەی راستە، سەرباری بردنی ئەو سەروەتو سامانەش بە تاڵان بران لەلایەن بەرپرسەکانی هـەردوو حیزبی دەسـەڵاتـەوە. ئەمە سـەرەڕای ئەوەش هەرچیەکیان کردبێت کردوویانە بەمنەت بەسەر میللەتەوە، وەک بڵێی رەنـجو ئارەقی ناوچەوانی خۆیانە، لەڕایخوا دەیدەن بەم گەلە ستەمدیدەیە. بۆیە دەبێت نەک چاوەڕوانی گۆڕان بن، بگرە دەبێت چاوەڕوانی سەرهەڵدانو راپەڕینیش بن.

تەحەدا تووندەکەی جەماوەریش بۆ گۆڕانی سیستمی خێڵەکیو خزم خزمێنەی ئەم هەژدە ساڵەی هەرێمی کوردستانو رەوتی کێشەکان، بە شکاندنی لۆژیکی دوورە پەرێزی لە میکانیزمی شێوازی حوکمڕانی وڵات دەبێت، بە بەشداریکردنی فیعلی جەماوەر، چونکە لە دەستوورەکەیاندا ئـەوە هـاتـووە کـە گـەل سـەرچـاوەی دەسەڵاتەو رەواو بوونیەتی! ئەی ئیدی بۆچی هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکانو دابەشکردنی سەروەتو داهاتی نیشتمان بەبێ ئاگاداری ئەو گەلە دیزە بە دەرخۆنە دەکرێتو تەخشانو پەخشانی دەکەنەوە؟!. بەشداریکردنی فیعلیو جدی لە بڕیاردانو رەخـنـەگـرتـنو بـەرەنـگـاربـوونـەوەی ناهەقیو ناعەدالەتی، ئەمەیش بە هەوڵدان دەبێت بە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنو بەرهەڵستکاران دەبێت، لەناو جومگەکانی دەسـەڵاتـدا، بەتایبەتی لـەڕێـگـەی پیادەکردنی دیموکراسی تـەواوەتـی، فشار خستنەسەر دەسەڵات. جەماوەری کوردستان لەدوای راپەڕینەوە، لەترسی لە دەستدانی ئەزموونەکەی یان بەهۆی بوونی دوژمنایەتیەکی سیاسی نیمچە خێڵەکێتی لەناو دوو جومگە سەرەکیەکەی دەسـەڵاتـی کوردستاندا، بۆ دووبـارە نەبوونەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی دووبـەرەکـی، تاڕادەیەک چاوی لەزۆر شت پۆشی بـوو، ئـەو چاوپۆشینەش واتـای ئـەوە نەبوو کە ئەو جەماوەرە ستەمدیدەیە لەو دەسەڵاتە خۆسەپێنەرە رازیە، بگرە ئەو دوو هێزە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، بەڵکو لە مێژتریشە، جەماوەری گەلی کوردستانیان کردبووە دوو بەشەوە، یەکڕیزی نەما بوو، خێزانێکیان کردبووە دوو لەتەوە، هەموو بەها کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیەکانیان تێکدابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی حیزبایەتی چـووبـووە نێو جومگەکانی هەموو جەستەی تاکی کـوردەوە، بـەڵام دوای ئەوەی رژێمی سەدام رووخاوو جووتە برا دوژمنەکە بەم دواییە هاوپەیمانیان سازدا، ئەم جەماوەرە بەرچاوی روون بووەوەو هەموو وەرەقەکان ئاشکرابوون، ئیدی وابزانین ئەو جەماوەرە لەڕێگەی بانگەشەی گۆڕانەوەو بەپیرچوونەوەی گۆڕانەوە، بەو دووهێزە دەڵێت (بوەستن)، ئیدی نۆرەی ئێمەیەو قسەی خۆمان هەیە. ئەم گۆڕانەش کە دەڵێن بەڕێوەیە، گۆڕانی شـارێـکو نـاوچـەیـەکو زاراوەیـەکو حیزبێکو لایەنێک نییە، بگرە گۆڕانی سەرجەم باشووری کوردستانە، چونکە هەموو پێکڕا مارانگەستەی ئەو دەسەڵاتەن وەکو دەشبینین وایلێهاتووە.


NEW Sirwan
Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزمون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان
From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی راستەوخۆ


کۆمپانیای رۆژی نوێ
بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە
هەلێکی زێڕین...
کۆمپانیای رۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە رووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، جێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، راڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٢٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)
ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال ئایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.

لە پێناو پیشەگەری و نەزاهەت

متمانەدان دان بە تیمە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکانی چاودێری هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تیمە عێراقی و نێودەوڵەتیەکان تۆمار دەکات بۆ چاودێری کردنی سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن ، و دیاری کردنی تیمە تۆمارکراوەکان وەکو چاودێر تاکو چالاکانە تیمەکان بتوانن کارەکەی خۆیان راپەڕێنن .کۆمیسیۆن تەنها تیمەکانی چاودێری کردن تۆمار دەکات، متمانە بە هیچ چاودێرێکی تاکەکەسی نادات و رێگە نادرێت بە چاودێری کردن تەنها بەو چاودێرانەی کە سەر بە تیمە متمانە پێدراوەکانن لای کۆمیسیۆن،و مەرجە بۆ متمانەپێدانی تیمەکە و چاودێرانی تیمەکە لەسەر بنەماکانی رەفتار ئیمزا بکەن و پابەندبوون پێیەوە ،و تیمە چاودێرەکان بەرپرس دەبن لە پابەندبوونی چاودێرەکانیان بە بنەماکانی رەفتار، کۆمیسیۆن بۆی هەیە هەڵسێت بە سەندنەوەی تۆمارکردن یان متمانەی تیم یان چاودێرێك لە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان لەوانەی کە پێشێلی بنەماکانی رەفتار دەکەن.

ئەو تیمە چاودێرانەی کە متمانەی لێسەندراوەتەوە بۆی هەیە داوای تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بکات لە ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەدا و ئەم تێهەڵچوونەوەیە پێشکەشی نوسینگەی نیشتمانی یان نوسینگەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان هەر نوسینگەیەکی کۆمیسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێم دەکرێت .





مەرجەکانی کاری چاودێران

کۆمیسیۆن بەرپرس نییە لە پەیوەندیەکان و گواستنەوە و سەلامەتی تیمەکانی چاودێران . و هەر تیمێکی تۆمارکراوی لای کۆمیسیۆن هەر خۆی بەرپرسە لە هەموو هەوڵەکانی پاڵپشتی و ئەو خەرجیانەی کە پەیوەستن بە ئەرکەکانی لە چاودێریکردندا ، هەروەکو هیچ تیمێك لە تیمەکانی چاودێری و چاودێرانیان بۆیان نییە ئامرازەکانی کۆمیسیۆن بەکاربێنن وەکو کەرەستە و ئۆتۆمبێل.

لەسەر هەموو چاودێرێك پێویستە کە ئیمزا لەسەر پشتی باجی متمانەدانەکەی لەکاتی وەرگرتنیدا بکات ، هەروەکو لەسەریان پێویستە کە بەڵگەنامەی زیاتری ناساندن هەڵبگرن کە پاڵپشتی کرابێت بە ئیمزا، یان بوونی وێنەی فۆتۆگرافی لەسەریان، تاکو کارمەندانی بنکەکانی دەنگدان دڵنیابن لە ناسنامەکانیان .

لە هیچ حاڵەتێکدا چاودێران بۆیان نیە کە خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵقورتێنن یان سکاڵای لەسەر بەرزبکەنەوە، بەڵام بۆیان هەیە سەرنجی فەرمانبەرانی کۆمیسیۆن یان بەڕێوەبەری نووسینگەی هەڵبژاردنی هەرێم یان سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن یان ئەنجوومەنی کۆمیسیاران رابکێشن

چاودێران دەتوانن تێبینیەکانیان بۆ سەرۆکەکانیان بەرزبکەنەوە ، لەو کاتەدا تیم بۆی هەیە راپۆرتێکی گشتی رەسمی دەربکات و لێدوان بدات لەسەر ئەو تێبینیانە و پێویستە تیمەکە ئامادەبێت بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی کۆتایی بە کۆمیسیۆنی باڵا سەبارەت بە ئەنجامی چالاکیەکانیان ، بەپێی توانا راپۆرتەکان دەوڵەمەندبکات بەو بەڵگە و نیشانانە کە بڕیارەکانیان پشتی پێ بەستوون لە میانەی پێشکەشکردنی ئەو راپۆرتانەدا.


چاودێرانی هەڵبژاردنەکان
دڵنیاکەرەوەی نەزاهەت و شەفافیەتی
هەڵبژاردنەکانن
بۆ زانیاری
زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەی خوارەوە بکە
ئاسیا سێل ٧٧٧٧ کۆرەك ٢٠٢٠
یان سەردانی پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن بکە
www.ihec.iq
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

١١ رۆژی دیکە دەیگۆڕین

بەرەو گۆڕا

٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 16 Date. 14-7-2009 ١٤-٧-٢٠٠٩ ژمارە: (١٦)

موفاجەئەی دەڤەری بادینان بۆ لیستی گۆڕان لە هەموو ناوچەکانی دیکە گەورەتردەبێت

بەرەوگۆڕان

بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک ئاشکرایکرد کە موفاجەئەی خەڵکی بادینانو پارێزگای دهۆک بەگشتی بۆ لیستی گۆڕان لە هەموو ناوچەکانی دیکە گەورەترە، بەڵام خەڵکی بادینان بەهۆی زەختو زۆرەکانی پارتییەوە ناتوانن لەئێستادا دەریببڕن.

هشیار عابد، بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک لەبارەی بێدەنگی خەڵکی پارێزگای دهۆک لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە بەرەو گۆڕانی راگەیاند: «خەڵکی بادینان ناتوانن وەک کەرنەڤاڵ خۆشحاڵی خۆیان پیشانبدەن بۆ لیستی گۆڕان، چونکە هێشتا بیریان نەچووەتەوە لە هەڵبژاردنی رابردوودا پارتی چی بە مەڵبەندی یەکگرتوو کرد».

هشیار عابد ئاماژەی بەوەکرد کە لە ئێستادا پەیامی لیستی گۆڕان بۆ خەڵکی شاری دهۆکو هەموو بادینان ئەوەیە کە ئەو پشتگیرییەی کە لەناو دڵتانەو هەتانە بۆ لیستی گۆڕان جێگەی شانازییەو خۆڕاگربن لەسەری، تەنها (١١) رۆژمان ماوە بۆ هەڵبژاردن، ئەوکاتە بیکەن بە دەنگی گۆڕان.

بە وتەی هشیار عابد لیستەکەیان سەرباقی ئەو هەموو تەهدیدەی کە پارتی بەرامبەر لایەنگرەکانیان دەیکات، بەڵام هێشتا لیستی گۆڕان رکابەری سەرەکی لیستی کوردستانییەو چاوەڕوانی سەرکەوتنی گەورەی لێدەکرێت.

لە ژمارەکانی داهاتوودا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هشیار عابد بڵاودەکرێتەوە.



فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

لە شەقڵاوەو خۆشناوەتی حەماسو ئیرادەی گۆڕانخوازان لە هەڵکشاندایە

بۆ ل٦

دەستدرێژی دەکرێتە سەر هاوڵاتییانو تیمی رۆژنامەوانی (KNN)

بۆ ل٣

لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانو ئاسایشەوە

دەستدرێژی دەکرێتە سەر تیمی رۆژنامەوانی (KNN)و کارەباش لە هاوڵاتییان دەدرێت



بەرهەم عومەر

شەوی (١٢/١٣-٧) لەکاتێکدا کامێرای کەناڵی ئاسمانی (KNN) سەرقاڵی ڕووماڵکردنی ئەو دەستدرێژییانە دەبێت کە دەکرێنە سەر جەماوەری لیستی گۆڕان لە شەقامی تویمەلیک، نزیکەی ٢٠ پۆلیسی چالاکیی مەدەنی هێرش دەکەنە سەر تیمە ڕۆژنامەوانییەکەو دارکارییان دەکەنو کارەبا دەدەن لە جەستەیانو برینداریان دەکەن.

تیمە ڕۆژنامەوانییەکەی (KNN) لە سێ ڕۆژنامەنووس پێکهاتبوون، زانیارییان پێدەگات کە شێخ جەعفەرو حیمایەکانی لە شەقامی تویمەلیک تەقە لە هاوڵاتییان دەکەنو دەستدرێژی دەکەنە سەر پۆلیسو جەماوەری لیستی گۆڕان، هەر بۆیە دەستدەکەن بە ڕووماڵکردنو وێنەگرتنی ڕووداوەکە، لەو کاتەدا بەشێک لە هێزە ئەمنییەکانو پۆلیسی چالاکیی مەدەنی پێیاندەزاننو هێرشیان دەکەنە سەر.

ئۆتۆمبیلێکی جۆری گالوپەر، کە پۆستەرو وێنەکانی لیستی گۆڕانی پێوەبووە تەنیا ژنو مێردێکو منداڵەکەیان دەبن، لەلایەن پاسەوانەکانی شێخ جەعفەر دەستدرێژییان دەکرێتەسەرو جامی ئۆتۆمبیلەکەیان دەشکێنن و سەرجەم پۆستەرەکانی لێدەکەنەوە، بەو هۆیەشەوە خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە بڕیاردەدات لە شوێنی خۆیان نەجوڵێن تا کامێرای (KNN) دەگاتە شوێنی ڕووداوەکەو وێنەی دەستدرێژییەکە دەگرێت.

ئەو ژنو پیاوە دەیانوت: «تەنیا لەبەرئەوە ئاڵای گۆڕان بە ئۆتۆمبیلەکەمانەوە بووە چالاکییە مەدەنییەکان لەژێر دەستو پێی ئەو هێزە نەجاتیان داین».

لەو دەستدرێژییەدا کامێرای ستافەکە دەشکێنرێتو ئەو کاسێتەش دەبرێت کە خروقاتەکەی لەسەر تۆمارکراوە، بەو هۆیەوە زیانێکی مادیی زۆر بە کەناڵەکە دەگەیەنرێت، هەروەها دەستدرێژی دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کۆمپانیای وشە.

عادل عەزیز، بەڕێوەبەری رادیۆی گۆڕان وتی: «هێزەکانی ئاسایش بە جلی مەدەنییەوە پەمپی فرمێسکڕێژیان پێبوو (لەو پەمپانەی بە هێزی چالاکییە مەدەنییەکانە)، ڕشتیانە ناو خەڵکەکەو منیش لە ناو سەیارەکەمدا بووم و هەناسەو قورگی گرتم، ئێمەش بە خێرایی شوێنەکەمان بەجێهێشت».

پێدەچێت زیادبوونی لەناکاوی پێشێلکارییەکانی ئاسایشو پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لەئەنجامی بڕیارێکی نهێنی بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەکەوە بێت، بە مەبەستی چاوترساندنی جەماوەری لیستی گۆڕان بە گشتیو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە کەناڵە جیاجیاکانی (کۆمپانیای وشە) کار دەکەن.

ئەم دەستدرێژییەی هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی، چەند کاتژمێرێک پاش ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجامدراوە کە هەمان ڕۆژ هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، لە شاری سلێمانی ئەنجامیدابوو «بە مەبەستی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان»، بەیاننامەیەکیشیان بڵاوکردووەتەوە کەوێنەیەکی دەست (بەڕەوگۆڕان) کەوتووەو لە بەشێکیدا دەڵێت: «هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەرامبەر بەپێشێلکاران کاری یاسایی ئەنجامدەدەن»!!.

هەمان شەوی (١٢/١٣-٧) بەرلەوەی دەستدرێژی دەستپێبکات، شێخ جەعفەر، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمو ئەندامی سەرکردایەتیی پاسەوانەکانی شێخ جەعفەرەوە زیانی زۆری مادییان پێگەیشتووە، خۆشی قسەی نەشیاوی بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان وتوە، پێیوتون «بۆ لایەنگرانی لیستی گۆڕان بە سەیارەکانیانەوە ناسوتێنن».

زرنگ تەیمور (٢٠ساڵ)، یەکێکە لە هاندەرانی لیستی گۆڕان کە شەوی ڕابردوو هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی چالاکیی مەدەنی کارەبایان لێداوەو دارکاریی کراوە، بە (بەڕەوگۆڕان)ی ڕاگەیاند: ئێمە هیچمان نەکردبوو، تەنیا لە تەنیشت کامێرای (KNN)ەوە ڕاوەستابووم و پۆستەرێکی لیستی گۆڕانم پێبوو، هەر بۆیە کاتێک لە ڕۆژنامەنووسەکانیاندا، هاتن بۆ منیشو کارەبایاندا لە باڵمو لێیاندام، ئێستا دەستم سڕبووەوە ئازارێکی زۆرم هەیە.

زرنگ هەروەها وتی: «هێزەکانی پۆلیس شەوی پێشووتر کارەبایاندا لە برادەرێکم و پورانديانەوە، ئەمشەویش کۆمەڵێک چەکدار کەوتنە ئۆتۆمبێلێکی جۆری گالوپەرو جامەکەیان شکاندو سەرجەم وێنەو پۆستەرەکانی سەر سەیارەکەیان دراندو لێکردەوە».

هیوا کۆمەڵە، بەرپرسی بنکەی تویمەلیکی لیستی گۆڕان، ڕایگەیاند: ئێمە هەموو شەوێک لە کاتژمێر ١٠ بنکەکەمان دادەخەینو پابەند دەبین بە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، ئەو ڕووداوەش لە کاتژمێر (١١،٣٠) ڕوویداوەو من ئەو کاتە لە ماڵەوەبووم و ئاگاداریی وردەکاریی ڕووداوەکە نەبووم.

> **«تەنیا لەبەرئەوە ئاڵای گۆڕان بە ئۆتۆمبێلەکەمانەوە بووە، تەقەمان لێکراوە»**

تەقەمان لێکراوە».

ئاسۆی جەمال موختار، بەرپرسی ژدلن کامێرامانی دەرەوە لە (KNN) وتی: «چاومان لێبوو هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کارەبایان لە لایەنگرانی لیستی گۆڕان دەدا، ئێمەش وێنەیمانگرتو ویستمان لێیان بپرسین بۆ کارەبا لە خەڵک دەدەن، بەڵام نزیکەی ٢٠ کەسێک دەبوون هێرشیان کردە سەرمان، چەند پۆلیسێکی یەکێتی، هەرەشەی لە پۆلیسو هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی کردبوو کە بۆچی دەستدرێژیی ناکەنە سەر ئاپۆرەی جەماوەری لیستی گۆڕان.

چەند کەسێکی ئامادەبوو لە شەقامی تویمەلیک ڕایانگەیاند: کە وەزیری پێشمەرگە بە پاسەوانەکانی خۆی وتوە «بکەونە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوە و بەرشەقیان بدەن»، هاوکات چەند ئۆتۆمبێلێک لەلایەن

جەماوەری موتەنەقیل

حەمەدەمین نەجار

«موتەنەقیل» کە بە کوردییەکەی لەمەڕ خۆمان پێی دەڵێن (گەڕۆک)، ئەنواعو ئەشکاڵی زۆری هەن، خۆشترین «موتەنەقیل» لە عومری موراهیقیمدا ئەو فیلمەی جاکیشان بوو کە ناوی «مەتعەم موتەنەقیل بوو» کە لەوێدا جاکی مەتعەمێکی گچکۆکەی هەبوو لەنێو ترومبێلەکەیداو برسیەکانی تێر دەکردو بۆ ئاژاوەچییەکانیش مستو پێڵەقەی عەجایبی دەوەشاند.

کە نەنکم کەوتو ڕانی شکا پەکی کەوت، کورسییە موتەنەقیلەکەی هەم بە هانای من ڕادەگەیشت هەم بە هانای باجیم بۆ هێنانو بردنی نەنکم.

لەوەتەی بەنیادەم خۆی بە عیلمو میلمەوە خەریک کردووە، نیوەی شتی ئەم دنیایەیان کرد بە موتەنەقیل هەر لە خانووەوە تا دەگاتە زەلامی دەستکردو خوا پێم نەگرێ دەڵێن دەستیان لە کاری خواش وەرداوەو هەوری موتەنەقیلیشیان دروست کردووە بۆ ئەوجێی بارانی لێ ناباری.

مادام بەشەر قەناعەتی بەوە کردووە «ناچاری دایکی ئیبداعکردنە» دەبێ ئەو عاجباتیانەی کوردستانی لەمەڕ خۆشمان لە ریزی موتەنەقیلە نوێیەکان تەسنیف بکەین، لە سیاسیو ڕۆژنامەنووسی موتەنەقیلەوە تا دەگاتە ئاخیر ئیبداع کە جەماوەری موتەنەقیلە.

جەماوەری موتەنەقیل بەوانە نالێم کە لە سەبحای ساڵحانەوە بەدووی قوتی خۆیانو عایلەیانەوە لێرەو لەوێ دەسوڕێنەوەو عارەقەی شینو مۆر دەڕێژن. بەڵکێ ئەوانە دەڵێم کە لەناو پاسێ ئەبو تەبریدیان دەنێن بۆئەوەی گەرمایان نەبێو ئاوی مەعدەنییان پێ نۆش دەکەنو لە لاقۆنەتەی ڕاقی نانی نیوەڕۆیەیان بۆ دەکرێ تا برسی نەبنو کە بردیانن ساحەی هەر شارەکی لەوێ فیکەو چەپڵەی قایم بۆ کاکی سەرۆک بکوتنو ساحەی چۆڵی بۆ پرکەنەوە.

نەنکم تا نەکەوتبوو خۆی بە ڕۆستەمی زاڵ نەدەگۆڕییەوە، کە کەوتیش مەمنونی هەر یەکەکی دەبوو بیهاوێتە سەر کورسییەکەی، جەماعەتیش حالیان بە حاڵی نەنکمو ناچارن مەمنونی هەر یەکەکی ببن لەسەر کورسیان دانێتەوە.

جەماعەتی بەغدایە، حەمیدۆکیان لە هەولێرێرا هێنابووە سولێمانی تا چەپڵانیان بۆ لێدا. کە کابرای شان ئەستوور دەیگوت:

« جەماوەری خۆشەویستی سلێمانی». حەمیدۆک بە جەباری گوتبوو، ئەڕێ برا ئەمن بزر بووم یان ئەو کابرایەی قسانمان لۆ دەکا، خۆ ئەمەو مانانیان لە هەولێرو پردێو کەرکوکو جەماعەتی عەسکەرییەکانیشیان لە کۆیەو بیتوێنو پشدەرێوە هێنایە خەڵکی سلێمانی کوا لێرەن لەچاو ئێمە. هێندەشی گوت ئەمن دەزانم ئێرە سولێمانیە، بەس کابرای خەتیب ئاگای لێیە قسان لۆ کێ دەکات؟

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

د.پەریهان حاکم قەبلای:
هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مەسەلەی ژنان پێویستی بە خەباتی زیاترە



سازدانی : هەناو غالی

بەرەوگۆڕان: بەرنامەت چییە ئەگەر بوویت بەئەندام پەرلەمان؟

* وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان، وەک گروپی ژنان لەم لیستەدا، هەوڵدەدەین ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا ببێت بە خاوەنی بیروبۆچوونی خۆی نەک وەک ئەوەی باوە لە کۆمەڵگەدا ژن هەر بۆ ئەوەیە کە نابێت بگات بەپلەی بەرز، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستە بایەخی تەواو بدرێت بە ژنان و بەتایبەت ژنانی مالەوەو ئاستی هۆشیارییان بەرزبکرێتەوە، بۆئەوەی نەوەیەکی پێشکەوتوو بخەنە وڵاتەکەمانەوە، ئێمە هەوڵدەدەین ژنانی مالەوە ئەگەر هونەرمەندن لەبواری دروومانداین یان لە کاروبارەکانی ناومالدا بەرەوی زیاتریان پێببرێت لەرێگەی دامودەزگای تایبەتەوە، بۆئەوەی بتوانن بەرهەمەکانی خۆیان زیاتربکەن و ببن بە خاوەنی مووچەی خۆیان، نامانەوێت گۆڕانکاری تەنیا لە روخساری دەرەوەی ژناندا بکرێت، ئێمە دەمانەوێت ژنان لەناخەوە گۆڕانکارییان تێدابکرێت و ئەمەش تەنیا وتاری لاپەڕەکان نەبێت.

بەرەوگۆڕان: بە بڕوای تۆ، وەک پزیشکێک کەموکوڕیی هەبووە لەبواری پسپۆرییەکەی تۆدا لە پەرلەمانی رابردوودا، ئێوە دەتوانن چارەسەری ئەو کەموکورتییانە بکەن ؟

* من لەبواری کارەکەی خۆمدا هەوڵمداوە گۆڕانکاری بکەم، تەنانەت کە پزیشکی پسپۆری خێزانیم و ئەم پسپۆرییە وەک وڵاتانی دەرەوە، هەوڵدەدات نەخۆش بە کارت و فایلو مەوعد نەخۆش ببینێت، پزیشک بۆی هەبێت لەماوەی پێنج کاتژمێردا تەنیا ٢٥ نەخۆش ببینێت، من هەوڵمداوە لەو سەنتەرەی کەکاری تێدادەکەم ئەو جۆرە سیستمە پەیڕەو بکەم، بەڵام ئێمە پێویستمان بە گۆڕانی سیستمە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدین ژمارەی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی بەپێی پێویست زیادبکەین لەسەر ئاستی زانستیو مووچەکەشی بگونجێت لەگەڵ ئاستی بژێوی ژیانیدا، بەمەش دەتوانین خزمەتی زیاتری نەخۆش بکەینو نەخۆش هەست بەوە بکات کە مافی خۆی وەرگرتووە، پێویستیشە نەخۆشخانەکان بگەیەنین بە ئاستێکی وا کە لەئاستی نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵاتدا بن، ئەمانە لە خۆیانەوە ناگۆڕرێن تا گۆڕان لەبنەڕەتەوە نەکرێت .

بەرەوگۆڕان: مەبەستت چی بوو خۆت کانیدکرد بۆ ئەم لیستە؟

* خۆم و خێزانەکەم سەربەخۆینو حیزبی نەبووین، بەڵام ئەنفالو شەهیدی زۆرمان هەیە، ئەمە تەنیا دەنگی من نییە وەک پزیشکێک، دەنگی زۆرێک لە دکتۆرو کارمەندانی تەندروستییە کە بڕوای تەواویان بە گۆڕانە، چونکە بیرو باوەڕی جیاوازە زیاتر خەمی خەڵکی لەخۆی گرتووەو ئەمەش وایکردووە من خۆم کاندید بکەم بۆ ئەم لیستە.

بەرەو گۆڕان: پێتانوایە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مەسەلەی ژنان پێویستی بەوەیە خەباتی بۆبکرێت؟

* بەڵێ هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مەسەلەی ژنان پێویستی بە خەباتی زیاترە، راستە هەموو کێشەکانی ژنانو کچان باسکراوە، بەڵام شتێکی وا نەکراوە، پێویستە یاساکان فراوانبکرێنو یاسا لە سەروی هەموانەوەبێت، هەموو ئەو گیروگرفتانەی وەک ژنبەژنو خوێنبەخوێنو خەتەنەی کچانو تووندوتیژیی دژی ژنانو دیاردەی لەشفرۆشیو...هتد، یاساپەک نییە سزای ئەو تاوانبارانە بدات کە هەڵدەستن بەو کارانە، رەنگە بۆ کەسانێک کە هەژار بن ئەو یاسایانە بەسەریاندا جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوەی پلەی بەرزیان نییە، بۆنموونە من بۆ وەرگرتنی پلەی (دبلۆمی بالا) لەپزیشکی خێزانیدا تووژینەوەیەکم کرد لەسەر رادەی خەتەنەی کچانو گیروگرفتەکانی ژنانو کچان چەند پێشنیازێکم کرد، لەوانە، یاسایەک دابنرێت بۆئەوەی کە ئەو کەسانەی خەتەنەی کچان دەکەن زیندانی بکرێن، چونکە هەندێکجار دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە، بەڵام کەس بایەخی نەدا بەم مەسەلەیەو پشتگوێخرا، زۆر کێشەی ژنان هەیە باس دەکرێتو چارەسەرناکرێت، ئێمە باسی گیروگرفتەکان ناکەین، هیوای ئەوە دەخوازین کە یاسا بتوانێت گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی ژناندا بکات، چونکە ژن دایکو هاوسەرو مامۆستاو هەموو ئەمانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆیان پێکهێناوە.

پرۆفایل:

د.پەریهان حاکم قەبلای محەمەد

١٩٧٥ لەبەغداد لەدایکبووە.

پزیشکی پسپۆری خێزانییە (دبلومی بالا، ماستەر).

فاروق محەمەد:
داوا لە کرێکارانو زەحمەتکێشان دەکەم کە دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە لیستی خەڵکی چەوساوەیەو بۆ گۆڕینی ژیانمانە



سازدانی:
پشتیوان سەعدوڵڵا

بەرەوگۆڕان: بارودۆخی ژیانی کرێکاران چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

* کرێکاران لە ناهەموارترین ژیاندا دەژین، چونکە هیچ دابینکردنێکی جەزری (زەمانی کۆمەڵایەتی) بۆ ژیانیان نەکراوە، بەڵکو ژیانێکی پڕ لە کولەمەرگیو ئەمڕۆ بۆ بەیانی دەژین، کرێکاران بێبەشن لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیان، سالەهای سالە بەڵێنیان پێدەدرێت بۆ چاککردنی بارودۆخی گوزەرانیان، جگە لە بێکاریو داخستنی کارگەکانی بەرهەمهێنان وەک کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو کارگەی جگەرەو کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو، هیچیان بۆ نەکراوە.

بەرەوگۆڕان: ئایا لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێم چی بۆ چینی کرێکاران کردووە؟

* حکومەتی هەرێم وەک پێوست هیچی بۆ چینی کرێکاران نەکردووە، چونکە دەیانجار لەرێگەی یاداشتو نووسراوەوە کرێکاران داوای مافەکانیان کردووە، لەبەرامبەردا بەرپرسانی حکومەتو پەرلەمان لە بەڵێندان زیاتر هیچی دیکەیان نەکردووە.

بەرەوگۆڕان: بۆچی ئێوە- وەکو چینی کرێکاران پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن؟

* روو لە گۆڕان حەتمییە، چونکە دوای ئەزموونی هەموو کابینەکانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا هیچ بایەخێکیان بە چینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەداوەو تەنیا چینێکی دەسەڵاتدار سوودمەندبوون، بۆیە ئێمەی چینی کرێکاران بە پێویستی دەزانین گۆڕان لە سیستمی ئیداریدا بکرێتو پێمانوایە لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو گۆڕانە بکات.

بەرەوگۆڕان: بە رای تۆ، لیستی گۆڕان لیستێکە کە بتوانێت داواکاریو خواستو مافەکانی کرێکاران بەدیبهێنێت؟

* ئێمەی کرێکاران بڕوای تەواومان بە لیستی گۆڕان هەیە کە بتوانێت مافەکانمان بەدیبهێنێت، چونکە تاکە لیستە کار بۆ هێنانەدیو جێبەجێکردنی خواستەکانی کرێکارانو زەحمەتێکشان دەکات.

بەرەوگۆڕان: چ داواکارییەکت لە کرێکارکان هەیە بۆ هەڵبژاردن؟

* داواکارم کرێکارانو زەحمەتکێشان دەنگبدەن بە لیستی گۆڕان، چونکە لیستی خەڵکی چەوساوەیەو بۆ گۆڕینی ژیانمانە بەشێوەیەکی وا کە کەرامەتو عیزەتی نەفسمان پارێزراوبێت.

> **رووە لە گۆڕان حەتمییە، چونکە دوای ئەزموونی هەموو کابینەکانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا هیچ بایەخێکیان بە چینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەداوەو تەنیا چینێکی دەسەڵاتدار سوودمەندبوون**

پرۆفایل
فاروق محەمەد عەبدوڵڵا
لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی شاری سلێمانییە
دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە
لەساڵی ١٩٧٧ەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران بووە

گۆڕان

No. 16
2009-7-14
p.goran@ymail.com

لیستی گۆڕان خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوانی راستەقینەیە

پشتیوان سەعدوڵڵا



لیستی گۆڕان تاکە لیستە کە خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوانی راستەقینەیەو تادێت ڕوو لە زیادبوونە، لەکاتێکدا لیستی دەسەڵاتداران خاوەنی جەماوەری ڕاستەقینە نینو بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگەی پارەبەخشینەوەو بەرتیلدانو فشارخستنە سەر هاوڵاتییانو فەرمانبەرانو خەڵک، جەماوەر لە خۆیان کۆدەکەنەوە.

لیستی گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، بە ژمارە (٥٧) بەشداریکردووە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی تەمووزو بە یەکێک لە لیستە گەورەکان هەژماردەکرێت، هەڵگری پەیامو بەرنامەیەکی تۆکمەیەو لەبەرئەوەی ئامانجەکانی بریتیین لە چاککردنی سیستمی حکومڕانیو خزمەتکردنی خەڵکو ئاوەدانکردنەوەو چەسپاندنی دادپەروەری، بۆیە وا چاوەڕواندەکرێت سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێت لە هەڵبژاردنەکەدا، خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی کوردستانەو ڕۆژانە بە هەزاران هاوڵاتی لە هەموو چینو تویژەکان پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەردەبڕنو بە ئومێدەوە بەڵێن بۆ سەرخستنی لیستەکە دەدەن.

لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕاندا هاتووە «لەپاش ژانو گینگڵی سالانێکی درێژی گەلەکەمان کە هەمیشە لە شکستو قەیرانو نائومێدییە گەورەکانیشدا، هەرگیز تروسکەی ئومێد لە ناخیدا خامۆش نەبووە، لیستی گۆڕان لەدایکدەبێتو چاو هەڵدێنێت. لیستی گۆڕان بە فەلسەفەو بەرنامەیەکی سیاسیی نوێوە دێتە زمانو دەکەوێتە جوڵە، بە ئومێدی پشتیوانییەکی بەرفراوانی گەلەکەمان کامپێنی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، بەرەو ئاسۆیەکی موژدەبەخش کە لە سندوقەکانی دەنگدانەوە دەزوولەی تیشکە زێڕینەکانی پەرشدەبنەوە. لیستی گۆڕان چاوەڕێی پشتیوانیی هەموو ئەو کەسانەیە کە خەون بە کوردستانێکی جوانترەوە دەبینن، چاوەڕێی پشتیوانیی ئەو دایکو باوکانەیە کە بەهیوای سبەینێیەکی گەشترەوە منداڵو جگەرگۆشەکانیان پەروەردە دەکەن، ئایندەیەک کە دادپەروەریو ئازادیی زیاترو جیاکاریو ناهەقیی کەمتر بێت. چاوەڕێی بەشداریی کاریگەرترین تویژی گەلەکەمانە، تویژی گەنجانو کۆڕو کچە تازەپێگەیشتووەکان، ئەوانەی هەمیشە پەراوێزخراونو گەنجێتییان زەوتکراوە. کاتی ئەوەیە هەموان پێکەوە، لە فێستیڤاڵێکی جەماوەریی شارستانیدا، لە جوڵەیەکی مەزنو ئیلهامبەخشدا، مۆمی ئومێد لە ناخە تاریکەکاندا پێکەین...، لاپەڕەی ژیانێکی سیاسیو پەرلەمانیی نوێ، دوور لە بوغزی پێشوەختو دەمارگیریو لایەنگریی بەرتەسک، هەڵدەینەوە.

سالح ژاژەیی، سەرپەرشتیاری بنکەی (٤)ی کاریزەوشکی لیستی گۆڕان لە شاری سلێمانی بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: «بەشێوەیەکی گشتی لایەنگرانی لیستی گۆڕان فراوانەبێت، وەک چۆن تۆپەڵە بەفرێک کە لە شاخێکدا دێتەخوارەوەو هەموو شوێنێک دەگرێتەوە، بەو شێوەیەش لیستی گۆڕان هێندە فراوان بووە کە وایلێهاتووە هەموو خەڵک بگرێتەوە».

هەر وەک سالار ڕەفیق، بەرپرسی پەیوەندییەکانی لیستی گۆڕان لە ناحیەی بازیان بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: «لیستی گۆڕان لە ناحیەی بازیانی خاوەنی جەماوەرێکی زۆرەو جگە لەو خەڵکانەی کە زۆر بە دڵسۆزانەوە ڕۆژانە پەیوەندیمان پێوەدەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی حیزبیو فەرمانبەرانیش دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن، بەڵام لە ترسی نانبڕینو مووچەبڕینی خۆیان ئاشکراناکەن، ئەوەش جێگەیەی دڵخۆشییە بۆ ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی ناوچەکە کە تائێستا شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوەو بێئوومێدبوون لەم دەسەڵاتە کە ناتوانێت خزمەتیان بکات».

فراوانبوونی بنکەی جەماوەری لیستی گۆڕان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان ترسو نیگەرانی لای بەرپرسانی لیستی دەسەڵاتداران دروستکردووەو ئەوەش وایلێکردوون کە بەشێوەیەکی نارەوا سەروەتو سامانی میللەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنن.

ژاژلەیی لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەوەی مایەی دڵخۆشییە بۆ لیستی گۆڕان، ئەوەیە کە لیستەکە خاوەنی جەماوەرێکی ڕاستەقینەیەو خەڵک بەجۆشو خرۆشەوە ئالاو دروشمی گۆڕان بەرزدەکەنەوەو بە ئومێدێکی زۆرەوە ڕوو لە گۆڕان دەکەن.

بەڵام مام جەلالو بەرپرسانی لیستەکەی جلی مەدەنی دەکەنە بەر ئەفسەرو پۆلیسو پارە دەبەخشنەوەو فشاردەخەنە سەر خەڵک بۆ ئەوەی جەماوەر لە خۆیان کۆبکەنەوە، ئەگینا دەسەڵات جەماوەری نەماوەو خەڵکیش لە دەسەڵات تێگەیشتووەو دەسەڵات بە نوێنەری خۆی نازانێت».

هەر لەو بارەیەوە نوێنەرەکەی لیستی گۆڕان لە بازیان وتی: «هەرچەند ماوەیەکە بەرپرسانی یەکێتیو پارتی بەچەندین شێوە کەووتونە دەنگگرینو دەیانەوێت لەو ڕێگە نارەواییەوە جەماوەریان زیادبکەن، بەڵام خەڵک لەوە تێگەیشتووترە کە دەسەڵات چەواشەی بکات».

رانیە، بەڵێ بۆ گۆڕان

رانیە: دلێر عەبدولخالق



ئەحمەد باپیر ئەحمەد (پێشمەرگەی دێرین)

دوای ئەو مێژووە دوور درێژەی کە وەک پێشمەرگەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی لەشاخو لەشار هەمبوە، پاشخانو کەسایەتی زۆربەی سەرکردەکانی دەزانم. ئێستا کە لیستی گۆڕان هەیە دەنگ بەو لیستە دەدەم، چونکە بەرنامەی لیستەکەو ئەو کەسەی پێشرەوایەتی لیستەکە دەکات باش دەناسم، دڵنیاشم ئەگەر ئەو لیستە دەنگی تەواو بهێنێت ئەوا دەتوانێت گۆڕانکارییەکی باش لەکوردستاندا بکاتو بەخزمەتو چاکەی هەموو خەڵکی کوردستان دەشکێتەوە.



شوکرییە محەمەدئەمین ڕەسول (ئەفسەری لەسەرکارلادراو)

چەند ساڵە دەنگمان بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، بەڵام ئەوان نەک قەدری دەنگی خەڵکیان نەزانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی خواستەکانی خەڵک کاریان کردووەو ڕاستییەکان شاردۆتەوە. بۆیە ئێستا خەڵکی ئەو هۆشیارییەی لا دروستبوە کە پێویستمان بەگۆڕانە، ئەو گۆڕانەش بە هەموومان دەکرێت، واتە بەدەنگی ئێمە. ئینجا بۆئەوەی هەموومان لەکوردستاندا لەماڤو ئەرکدا یەکسان بین دەنگ دەدەین بە لیستی گۆڕان.



پێشڕەو زاهیر تاهیر (ئەندازیارو کەسوکاری شەهید)

کەمو کورتییەکانی دەسەڵات هەموو بوارەکانی تەنیوە، واتە پوارو کایەیەک نییە کە کۆمەڵی پۆخڵەواتی تێدا نەبێت، ئەم دۆخەش هاوکێشەیەکی لەناو کۆمەڵگا دروستکردووە کە خەڵکی دەولەمەند هەر دەولەمەندەو هەژاریش هەر هەژارە!؟ سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەم هەرێمەدا ئەگەر بەرپرسێک پشتو پەنات نەبێت، بێگومان هیچت بۆ ناکرێت.

ناهەقییەکان زۆرنو ناتوانرێ هەمووی باسبکرێت، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بەدەنگی خۆمان دەتوانین گۆڕان بکەینو بەدەستی خۆمان دەسەڵاتو پەرلەمانێکی کارا دروستبکەین، کەهی هەموومان بێتو گوزارشت لەخەمو ئازارەکانی هەموو خەڵکی کوردستان بکات، بۆیە دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەم



سیامەند تەها حارس (کاسب)

پێویستە دەسەڵاتی ئێستاو سیستمی سیاسی بگۆڕێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە هەرگیز لەبەرژەوەندی میللەت کاری نەکردووە، بەڵکو هەر لەبەرژەوەندی خۆی داردەستەکەیدا بوە، یەکسانی نەبوەو هەژار پشتگوێخراون، کەس نازانێت داهاتی هەرێم لەچیدا سەرفکراوە؟ حکومەتو حیزبەکان هەر خەریکی خزمخزمێنەبون، هەقو ناهەق چپاناکرێتەوە بۆ نومەنە خەڵک هەبوە لەجاشایەتی کوژراوە، کەچی کراوەتە شەهیدی سەنگەری یەکێتیو پارتی. بۆیە ئێستا کە هەڵبژاردنمان لەپێشە داوا لەهەموو خەڵک دەکەم دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەن، بۆئەوەی گۆڕان لەژیانمان دروست بێت.



حەسەن محەمەد خدر (خانەنشین)

فەرقو جیاوازی لەنێوان ئەمو ئەودا، خەڵکی تەواو بێزار کردووە، بەرپرسەکان هەر لەخەمی خۆیاندانو خەڵکیان بیرچۆتەوە، بۆیە ئەو گۆڕانەی ئێستا هەیە بەچراو ڕوناکیەکی دەزانم بۆ ڕونکردنەوەی ماڵو کۆمەڵگای کوردی، بڕواشموایە لیستی گۆڕان لەئاست پەیامو بەرنامەکانیدا ڕاستگۆدەبێت، بۆیە داوا لەهەموو خەڵک دەکەم دەنگی پێبدەن. ئەو هەموو گلەییەی خەڵک هەیبوو لەدەسەڵات ئێستا دەتوانین بەدەنگەکانمان گوزارشت لە نارازایەتیەکنمان بکەین، ئەگەر نەیکەین با بێدەنگ بین و چیتر لەم لاو لەو لا ڕەخنە نەگرین.



محەمەد ڕەسول (کرێکار)

لەساڵی (١٩٨٣)ەوە ڕێکخستنی نهێنی یەکێتی بووم، بەڵام دوای ئەو هەموو تەمەنە ئێستا خەریکی کرێکاریمو کەسێک هاوکاری نەکردوم بەپرسەکان هەر خەریکی دەوڵەمەندکردنی خۆیانن و ئێمەیان بیرچۆتەوە.

بۆ وای تەواوم بەلیستی گۆڕان هەیە کە لیستی خەڵکی هەژارەو دەیەوێت ئەو پارەو بودجەیەی بۆ خەڵکی کوردستان تەرخانکراوە، بەیەکسانی پەسەر هەموو خەڵکدا دابەشبکرێت، بۆیە دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەم.



جەعفەر عومەر سەلیم (دوکاندارو کەسو کاری شەهید)

ئەو شەپۆلە گەورەیەی نارەزایی خەڵک کە چەند ساڵە لەکوردستان پەرەی سەندووە، لیستی گۆڕانی لێوە دروستبوە، بەرنامەی ئەو لیستە زۆرباشەو دەتوانێت چارەسەری ئەو ناعەدالەتیەی لەئیدارەی کوردستان هەیەو ئەو گەندەلییەی دروستبووەو ئەو ناهەقییەی بەسەر خەڵکدا دەکرێت بکات، بۆیە دەنگدان بەو لیستە ئەرکێکی گرنگی ئێم قۆناغەی ژیانی خەڵکە، لەپێناو گەرانەوەی ماڤو ئەرکەکان بەسەر تەواوی چینو پێکهاتەکاندا.

لیستی کوردستانی بەردەوامە لە پێشێلکردنی یاساکانی کۆمسیۆن



بازگەی تاسلۆجە کە بەو ناوی شەهید مولازم سەید کەریمەوەیە لیستی کوردستانی وێنەی بارزانی خستووەتە سەر







فۆتۆ: فاخیر تەلانی، سۆز هاوڕێ مستەفا، سەلامو ئارام

(٥٧)

گۆڕان بۆ؟

-١٦-

نەژاد جەلال



رۆژی (١١-٧) زیاتر لە (٤٠٠٠) پێشمەرگە ناچارکران بە ئۆتۆمبێلی داپۆشراو بە ئالووالای لیستی کوردستانی بە شەقامەکانی سلێمانیدا هاتوچۆ بکەن، هاوکاتی ئەو پێشێلکارییە چەندین پێشمەرگەو ئەفسەر پەیوەندیان پێوەکردینو دەیان وت بە زۆر راپێچکراوین بۆ ئەو شانۆ گالتەجارییە، ئیفلاسبوون گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە دەیانەوێت فیل لە چاوی خەڵک بکەن.

سەیرە، تا دوێنێ دەیان وت: «لایەنگرانی لیستی گۆڕان دژەسەر شەقامەکانو خەڵک بێزاردەکەن، بەڵام ئەمڕۆ خۆیان ئەو هێزەیان بە زۆرو هەڕەشەو گوڕەشە هێناوەتە سەر شەقامەکان کە چەند ساڵە بە مەمرەو مەژی دەیان ژێزنو دەیانەوێت تا مردن کۆیلەیان بکەن، چ شەرمە، کورد وتەنی «حەیا نەماوە».

خەڵک دەمێکە دەزانێت لە ئاوابوونن، بەڵام ئەوە خۆتانن فیڵ لە خۆتان دەکەنو بە قسەی رەنگاو رەنگ دڵی خۆتان خۆشدەکەن، ئێوە ئیستا خاوەنی خەڵکانێکی بەرژوەندیخوازن، خەڵکانێک کە گوێ ناداتە ویژدان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لامەبەستە، بەڵام مەخابن ئەوانە بە ژمارە هاتوون، بۆیە گۆڕانتان مسۆگەرە.

لەم بانگەشەی هەڵبژاردنەدا لە هەموو شت عەجایبتر لێدوانەکانی بەڕێز سۆزانی خالە شەهابی وتەبێژی لیستی کوردستانییە، کە ئەزموونی کوردستانی لێکردوین بە ئەزموونێکی بێغەوشو یەکێتیو پارتی لێکردوین بە بەیداخهەڵگری عەدالەت، ئێمە لێرەدا تەنیا چەند دێڕێک لە نووسینەکانی ئەو بەڕێزە دەخەینەوە بەردیدی خوێنەران کە پێش ئەم بارودۆخە لە سایتی سپەیدا بڵاوکراوەتەوە.

سۆزان لەوتاری (پێش جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەبێت چی بکەین؟) نوسیویەتی: «کەواتە هەردوولا دەبێت ئەوە بزانن کە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەی گۆڕانە ویستی هەمووانە، ئەوەی دەبێتە کۆسپ لەبەردەمیو ئامادەیی تێدا نییە فیداکاربێت بۆ بەرژەوەندی گشتی، ناتوانێت جارێکی دیکە متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێتەوە، چونکە ئەگەر تائێستا ویستی کۆمەڵە کەسانێک بەهۆی رەوشێکی چەوتەوە بووەتە عورفێک، ئەوا بەم گۆڕانکاریە ئەو عورفە تێکدەشکێتو هەموو پرۆسەکان لەناو حیزبو حکومەتدا دەگرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئاساییەی کە لە هەموو دونیادا پەیڕەو دەکرێت. (١٤-١-٢٠٠٩)سبەی.

هەروەها لە وتاری (حەقە دەرگای پەرلەمان دابخەن) نوسیویەتی: «من پێشنیازدەکەم حکومەت خۆی بێت دەرگای پەرلەمان دابخات، چونکە پێویستی پێنیە، چیتر باسی دیموکراسیەت نەکات، چونکە باوەڕی پێنیە»... (١١-٧-٢٠٠٨) سبەی.

بەڕێزی خاوەن بەرژەوەندی، هەر چۆن دەسکەوتە شەخسییەکان ئەوە ناهێنێت پشت بکەیتە خواستی گشتی، ئاواش مەستبوون لە ئیمتیازاتدا ئەوە ناهێنێت وتەکانی دوێنێی خۆتێ لەبیرچووبێتەوە، ئالێرەوە چەواشەکاریتان ئاشکرا دەبێتو متمانەی خەڵک لەدەست دەدەن.

شارۆچکەی تەقتەق
باوەش بۆ لیستی گۆڕان دەکاتەوە



سازدانی: رێبین فەتاح

کامەران داود، پێشتر لەناو رێکخستنەکانی یەکێتی کاریکردووە، ئێستا سەرپەرشتیاری لیژنەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕانە لە تەقتەق و دەوروبەری، لەم دیدارەی بەرەو گۆڕاندا، باس لە هۆکاری کارکردن لەگەڵ لیستی گۆڕان و بە تەنگەوەهاتنی خەڵکی ناوچەکە بۆ لیستەکەو چەند کێشەیەکی ناوچەکە دەکات.

بەرەو گۆڕان: ئێستا لە تەقتەق سەرپەرشتی کەمپینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان دەکەیت، خەڵک چۆن پێشوازی لە لیستەکە دەکات لەو ناوچەیەدا؟

کامەران داود: سەرەتا ئێمە چەند کەسێک بووین، تەسەورمان نەدەکرد ئەو جەماوەرە روومان تێبکات، سەرەتا چەند کەسێکی کەم لەدەوری ئەو لیستە کۆبووبوینەوە، لە گوندەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەکان لە راگەیاندندا، کار گەیشتە شوێنێک لەوە دەترسین بەهۆی ئەو خەڵکە زۆرەی روومان تێدەکات لە خۆمان غروربین.

بەرەو گۆڕان: تا ئێستا کەمپەینی هەڵبژاردنەکان لە تەقتەق و دەوروبەرەکەی چۆن بەڕێوەچووە؟

کامەران داود: هەر لیستێک بەرنامەی خۆی بۆ بانگەشەکردن هەیە، ئێمە کۆمەڵێک لیژنەمان هەیە، لیژنەیەکی باڵامان هەیە لە (٩) کەس پێکهاتووەو سەرپەرشتیارێکی هەیە، سوپاسی برادەران دەکەم، ئەوان منیان بۆ سەرپەرشتیکردنەکە دیاریکردووە، لیژنەکەی ئێمە کۆمەڵێک لیژنەی لە خوارەوەی خۆیەوە دروستکردووە، وەک لیژنەی گەڕەکەکان و لیژنەی گوندەکانی دەوروبەر، جگە لە کەسانی چالاک لەناو خوێندکاران و گەنجان. ئەوەی هەیە ئێمە لیژنەیەکی راگەیاندنمان هەیە، لیژنەکە ئەرکی هەڵواسینی پۆستەرات و بڵندگۆیە، هەرچەندە ئێمە لەم دواییەدا بەباشمان زانی راگەیاندنەکەمان کەمتر دەنگ بەکاربهێنن، چونکە بارەگاکەمان کەوتووەتە ناو بازاڕەکەوە، زیاتر کار لەسەر پۆستەرات و هۆشیارکردنەوە دەکەین.

بەرەو گۆڕان: زیاتر مەبەستم لەوەیە لەمیانەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکە رووبەڕووی چ کێشەیەک بوونەتەوە، وەک پۆستەردڕاندن و لێکردنەوەیان؟

کامەران داود: لەگەڵ دەستپێکردنی بانگشەی هەڵبژاردن، پەیوەندیم بە سەرۆکی شارەوانی تەقتەقەوە کرد، وتی دەتوانن لە پارکەکان و لە دەروازەی شارو ئەو دوکانانەی خۆیان پێیانخۆشە پۆستەرەکانتان هەڵواسن، ئێمە رۆژی یەکەم بەپێی رێنماییەکانی سەرۆکی شارەوانی کارمانکرد، بەڵام بۆ ئێوارە بە بەرچاوی خەڵکەوە تەواوی پۆستەرەکانمان لەلایەن هێزێکی ئاسایش و پۆلیسەوە لێکرایەوە، ئێمە پەیوەندیمان پێیانەوە کرد، وتیان کارەکانتان یاسایی نین، بەڵام بۆ رۆژی دوایی خۆم سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەو بەڕێوەبەری پۆلیس و شارەوانیم کرد، دیسان چەند رێنماییەکیان پێداین، بەپێی رێنماییەکانی ئەوان پۆستەراتمان هەڵواسییەوە، بەهەمان شێوە پۆستەرەکانمان لێکرانەوە، پۆستەرەکان بە شەو لێکرانەوەو لە زۆر شوێنیشدا لەجێی پۆستەرەکانی ئێمە، پۆستەرەکانی خۆیان هەڵواسیبوو. تائێستاش ئەو دیاردەیە بەردەوامە.

بەرەو گۆڕان: کاتێک سەردانی ئێرەمان کرد، لە رێگادا چەند ئۆتۆمبێلێکی حکومیمان بەرچاوکەوت، پۆستەراتی لیستی کوردستانیان هەڵواسیبوو، بەم پێیە کەلوپەل و بارەگا حکومییەکان بۆ ریکلامکردن بەکاردەهێنرێت؟

کامەران داود: لە تەقتەق سێ لیست کاردەکەن، لیستی گۆڕان، لیستی کوردستانی و لیستی چوار حیزبەکە، کە تائێستا چالاکییەکی وایان نەبووە یان دەستیان بە بانگەشە نەکردووە، دەمێنێتەوە لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی، ئێمە پەیوەندییەکمان بە دامودەزگاکانی حکومەتەوە نییە، بەڵام بەڵگەمان هەیە بۆ نموونە دائیرەی کارەباو فەرمانبەرەکانیشی بە جلوبەرگی رەسمییەوە لە سەرووی بارەگاکەی ئێمەوە، بە ئۆتۆمبێلی دائیرەی کارەبا پۆستەرات و لافیتەی لیستی بەرامبەریان هەڵدەواسی.

بەرەو گۆڕان: پێتوایە بۆچی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە تەقتەق فەرامۆشکراوە؟

کامەران داود: ئەگەر هەڵەنەبم تەقتەق کۆنترین ناحیەیە لەڕووی ئیدارییەوە لەم ناوچەیەدا، ئێستا ئەگەر بە کۆیەی بەراورد بکەین، لە کۆیە زیاتر لە چوار پێنج کەس ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتین، ئەمە قورساییەکی دروستکردووە، وایکردووە کۆیە بەشی زیاتری خزمەتگوزارییەکانی بەربکەوێت، لە تەقتەق خەڵکی هەژارو دەستکورت هەیە، ئەمە وایکردووە نەتوانن داواکارییەکانیان ببنە پێشەوە، ئەگەر داواکارییەکیشیان بەرزکردبێتەوە فەرامۆشکراوە. لە ساڵی (٢٠٠٦) بەڕێز مام جەلال هاتە تەقتەق، هەندێک لە خەڵکی تەقتەق ویستیان گازاندەیەک بکەین و باس لەو جیاوازی خزمەتگوزارییەکان لەنێوان کۆیەو تەقتەق بکەن، بەڕێز مام جەلال یەکسەر وتی: خۆتان وەک کۆیە حیساب مەکەن، ئێوە مونافەسەی کۆیەتان پێناکرێت. لەم قسەیەوە خەڵک تێگەیشت لەگەڵ ئەوەی ئەم هەموو شەهیدەی داوە، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا رۆژ هەبووە پێنج شەش تەرمی بۆ هاتووەتەوە، زۆرترین قوربانی تەقتەق داویەتی، کەچی وەڵامێکی بەم شێوەیە بدرێتەوە، ئەمە وا دەکات خەڵک پشت لەو دەسەڵاتە بکات.

بەرەو گۆڕان: وەک تێبینیتان کردبێت، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لەو ناوچەیەدا زۆرینەی خەڵک بەشداری هەڵبژاردن بکات؟

کامەران داود: سەرەتا کە ئێمە دەستمان بە کارەکانمان کرد، خەڵکێکی زۆر پێیوابوو هەر بەشداری لە پرۆسەکە نەکات، بەڵام بە ئیشکردنی هەموو لایەک هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە بەشدایبکەن. ئەوەندەی تێبینیم کردبێت، خەڵکی لادێکان زیاتر پەرۆشی دەنگدانن. ئەوان تا ئاستێکی زۆر فەرامۆشکراون، لە بواری کشتوکاڵیدا هاوکارییەکی ئەوتۆ نەکراون، کەم ئاوی روویکردووەتە ناوچەکەو پڕۆژەش بۆ چارەسەرکردنی نییە، لەڕووی خزمەتگوزارییشەوە، قوتابخانەو نەخۆشخانە لە ژمارەیەکی کەمی گوندەکان هەیە.

بەرەو گۆڕان: ئەو کێبڕکێیەی لە بوونی لیستی گۆڕانەوە دەرکەوتووە، تا چەند کاریگەری لەسەر بەشداریکردنی خەڵک هەیە؟

کامەران داود: لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا تاقیکردنەوەیەکمان هەبوو، ئەو کەسانەی بەشداریان نەکرد فۆڕمەکانیان پڕ دەکرایەوە، ئێستا خەڵک دەیەوێت خۆی دەنگ بدات، ئەمەش پەیوەندی بەبوونی لیستی گۆڕان و ویستی خەڵکەوە هەیە بۆ گۆڕانکاری. ئەگەر لیستی گۆڕان نەبووایە خەڵک ئەم حەماسەتەی نەدەبوو، بەتایبەت کە زۆربەی خەڵک هاتووەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو هەڵبژاردنە گۆڕانکارییەکی چارەنووسساز دەخولقێنێت.

بەرەو گۆڕان: پێنج ساڵ دەبێت کە لە بواری تەندروستیدا لە تەقتەق کاردەکەی، بارودۆخی تەندروستی لێرە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

کامەران داود: ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بواری تەندروستیدا پێشکەشکراون، وەک پێویست نییە. ئێمە لە نەخۆشخانەدا رۆژانە رەنگە (٣٥٠) نەخۆشمان هەبێت، نەخۆشخانەکە بچووکەو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی لەسەرە کە خۆی لە نزیکەی (٣٠) هەزار کەس دەدات، بە گوندەکانەوە دەگاتە زیاتر لە (٣٥) هەزار کەس. ئەمەش ژمارەیەکی زۆرەو پێویستی بەوە هەیە نەخۆشخانەی زیاتری هەبێت، هەر وەک پێویستە پزیشکی زیاتریشی هەبێت، لێرە نەخۆشخانەیەکی (٤٠) قەرەوێڵەیی دروستکراوە، بەڵام ساڵێک زیاتر دەبێت تەواو بووەو تائێستا کەلوپەلی پزیشکی بۆ دابیننەکراوە.

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

لە شەقڵاوەوو خۆشناوەتی

حەماس و ئیرادەی گۆڕانخوازان لە هەڵکشاندایە



فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

ئا: تارا شەقڵاوەیی

بارەگای بانگەشەکردنی لیستی (گۆڕان) لە شەقڵاوەو سنووری خۆشناوەتی، لە سەنتەری شەقڵاوەیە، بارەگا کە رازاوەتەوە بە پۆستەری بانگەشەکانی لیستی گۆڕان و ئاڵای مۆمی گۆڕان لەنێو باخەکانی شەقڵاوەدا دەشەکێتەوە.

مامۆستا مەهدی کاوانی کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکەیە هەموو تەمەنی لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتیدا تێپەڕاندووە، ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، لەوێوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گۆڕان گەڕاوەتەوە کوردستان و سەرپەرشتی بانگەشەی لیستی گۆڕان دەکات لە شەقڵاوەو سنووری خۆشناوەتی و بە بەرەو گۆڕانی راگەیاند: «دەمانەوێت سیستمی ئیدارەی وڵات بگۆڕین کە ئێستا سیستمێکی دواکەوتووەو گەندەڵی هەناسەی لێبڕیووە، دەمانەوێت نەوەی نوێ بێتە پێشەوەو ئیتر عەقڵیەتی کۆن و سواو دەبێ واز لەم میللەتە بێنێت، دەمانەوێت یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بچەسپێنین، خێروبێری ئەم کوردستانە نابێت چیتر بۆ تاقمێکو نوخبەیەک بێت، سامانی وڵات دەبێت بۆ هەموو هاوڵاتیان بێت، ئەمانە بەشێکی کەمە لە بەرنامەی لیستەکەمان لیستی (گۆڕان) ژمارە (٥٧) بۆیەش من لە بەریتانیا هاتوومەتەوە لەڕێگەی لیستی گۆڕانەوە بەشداریبکەم لە گۆڕان و خزمەتی ئەم نەتەوەیە بکەم.

یەکێکی دیکە لە هەڵسوراوەکانی لیستی گۆڕان لە شەقڵاوە جوامێر حەمەد ئیبراهیمە کە کارگێڕی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک) بووە، ئێستا وەک کادیرێکی دیاری لیستی گۆڕان لە سنوورەکە بە گەرمی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات و پێیوایە: ئەم دەسەڵاتەی ئێستا متمانەی جەماوەری لە دەستداوەو پێویستە بیگۆڕین، ئەو دەڵێت: «لیستی گۆڕان تاکە ئومێدو فریادڕەسێکە بۆ نەمانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتیانە و یەکسانیخوازانە».

زرار عومەر حەسەن ناسراو بە زرار دەربەندی، کادیرێکی ناسراوی مەڵبەندی یەکێتی بووە لە ناوچەکەو ئێستا بۆ لیستی گۆڕان کاردەکات، لە بارەی لیستی گۆڕانەوە لە شەقڵاوە وتی: «موعانات و هاواری ئەم خەڵکە زۆلمێکراوە شەقامی کوردستانی هەژاندو لیستی گۆڕانی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیەش تا سەرئێسقان بۆ ئەم لیستەو سەرخستنی ئەم لیستە کاردەکەم کە لە خزمەتی هەموو میللەتەدایە بە تایبەتیش کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالەکان و خەڵکی ماندوو تێکۆشەری کوردستان».

سەمەد وسو ئەحمەد خۆشناو، سکرتێری بزووتنەوەی دواڕۆژی کوردستان لە ئێستادا پشتی لە لیستی گۆڕان دەکات و دەڵێت: «فەشەل پێهێنانی پرۆژەی دەستوورێکی دیکتاتۆریانە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ لیستی گۆڕان، ئەمە نیشانەی ئەوەیە لە ڕۆژی (٢٥) تەموزیش لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنێ و جەماوەریش متمانە دەداتە ژمارە (٥٧) لیستی گۆڕان».

یەکێکی دیکە لە هەڵسوراوانی لیستی گۆڕان لە شەقڵاوە توانا حاجی عەلی هیرانییە لە وڵاتی سوید دەژی و لە ئێستادا گەڕاوەتەوە بۆ هیران، ناوبراو بە بەرەو گۆڕانی وت: «من لە لیستی گۆڕان وەک کەسێکی خۆبەخش کاردەکەمو نوێنەری ئەو لیستەشم لەسەر سندوقی هەڵبژاردن لە ناحیەی هیران، پێموایە ئەم هەڵبژاردنە شۆڕشێکی سپی و پێشکەوتوو خوازانەیەو هەر سەریش دەکەوێت بەسەر دواکەوتوویی و دیکتاتۆریەت و گەندەڵیدا، لیستی گۆڕان بە بەرنامەی خۆی دەیەوێت هەیبەت بگێڕێتەوە بۆ کەسایەتی تاکی کوردی و بەرچاویشم ڕوونە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنین».

بالیسان یەکێکە لەو ناوچانەی کە لیستی گۆڕان تێیدا خاوەنی جەماوەرو لایەنگرێکی زۆرەو مامۆستا یونس کەریم کە مامۆستایە لە قوتابخانەی بالیسان کار دەکا بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: «لیستی گۆڕان لیستی گەنجان و کچان و ژنان و نەوەی نوێیە، ئەم تویژەش بەرفراوانترین تویژی کۆمەڵگەی کوردەواریە بۆیە زۆرترین دەنگ بۆ لیستی گۆڕانەو بە هەموو توانایەکمان بۆ سەرخستنی ئەم لیستە کاردەکەین».

کادرێکی پێشووتری کۆمیتەی حەریری (ی.ن.ک) ئێستا لە کۆمەڵگەی باسرمە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکات، غەفور ئەسعەد حەمەد ئەمین وتی: «من کادیرێکی کۆمیتەی حەریری یەکێتی بووم ئێستا کار دەکەم بۆ سەرخستنی لیستی گۆڕان و پێموایە لیستی گۆڕان باشترین و پێشکەوتووترین بەرنامەی هەیە لەم سەردەمەشدا خەڵک وشیاربووەتەوە و دەنگدەدەن بە بەرنامە نەک عاتیفیانە بڕیاربدەن، خەڵک لە ئەزموونی تاڵی هەژدە ساڵی ڕابردوو دەرسی وەرگرتووەو بێزارە لەم هەموو گەندەڵی و ناعەدالەتیە».

ڕەشید سەلیم ڕەحمان هیرانی، یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ک) لە هەشتاکاندا کە چەندینجار بریندار بووە، چەند ساڵێکیش لە دوای ڕاپەڕین لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشمەرگە کوردەواریە بۆیە زۆرترین دەنگ بۆ لیستی گۆڕانەو بە هەموو توانایەکمان بۆ سەرخستنی ئەم لیستە کاردەکەین».

ڕەشید سەلیم لە بارەی لیستی گۆڕانەوە کە کاری بۆ دەکات وتی: «زۆرن ئەوانەی لە زەمەنی بەعسی ڕووخاو خراپەکاربوون و پیاوی بەعس بوون، بەڵام هەمان ئەم بچمانەن ئێستا لێپرسراون و وەکو جاران مامەڵە دەکەن و بۆشیان چۆتەسەر، ئێمە کار بۆ لیستێک دەکەین قەناعەتمان وایە گۆڕانکاری دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان، گۆڕانکاری لە سیستمی حوکومڕانێتی و نەمانی دزی و گەندەڵی و سنووردانانێک بۆ ئەوانەی بە ملیارەها دۆلاری ئەم میللەتەیان دزیووە، زۆر گەشبینیشم بە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، چونکە لیستێکە گوزارشت لە ئازارەکانی خەڵک دەکات.

سالم سدیق ناسر، یەکێکی دیکەیە لە پێشمەرگەکانی یەکێتی و ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوەی (ی.ن.ک) بووە، کە ئێستا لە بنکەی بانگەشەکردنی لیستی گۆڕان لە شقڵاوە کاردەکات و باس لەوە دەکات کە لەناو یەکێتیدا نەدەتوانرا گۆڕانکاری بکرێت، بۆیە ئەم گۆڕانکارییە دەبێت هەموو جەماوەر تێیدا بەشداربێت.

سالم سدیق بەهۆی بڕوای بە گۆڕانەوە شوێنی خۆی جێهێشتووەو هاتووەتە ناو لیستی گۆڕان و بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: «ئیشێکی زۆر بەرفراوانمان کردووە بۆ لیستی گۆڕان و زۆربەی خەڵک بە گشتی و بەتایبەتیش گەنجان لە شەقڵاوە دەنگ دەدەن بە لیستی گۆڕان».

لیستی گۆڕان لەناو هەموو چین و تویژەکانی هەرێمی کوردستاندا لایەنگری باشی هەیەو بەجدی کار بۆ سەرکەوتنی دەکەن، سورچیەکانیش بە شێوەیەکی گەرم پشتگیری خۆیان بۆ لیستی گۆڕان ڕاگەیاندووە.

مەولازم سەباح حسین ئەحمەد سورچی، کە ئەفسەربووە بە پلەی مولازم لە لیوای خۆشناوەتی (ی.ن.ک)، ئێستا وەکو کادیرێکی هەلسوڕاوی لیستی گۆڕان کار دەکات و پانگەشە بۆ لیستی گۆڕان دەکات و دەڵێت: «لە ناوچەی سورچیایەتی کەسایەتی دڵسۆزو خەمخۆری میللەت زۆرن و هەموویان ئیش دەکەن بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەم سنوورەدا کە سنووریکی ئێجگار بەرفراوانە دەنگێکی باش بەر لیستی گۆڕان بکەوێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هیمەتی ئەو کەسایەتییە گۆڕانخوازانەی لە ناوچەی سورچیایەتی بانگەشەیەکی ڕێکوپێکیان بۆ لیستی گۆڕان کردووەو هەر بەردەوامیشن.

مەهدی کاوانی، لێپرسراوی کەمپەینی لیستی گۆڕان لە شەقڵاوە:

لە ئەوروپا گەڕاومەتەوە بۆ خزمەتی نەتەوەکەم و لیستی گۆڕان

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ

صدق الله العظيم

خوا بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆڕێت،

تا خۆیان گۆڕان لە خۆیاندا دەکەن



٥٧

التغيير
CHANGE
گۆڕان